سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

# چوارچێوەی تیۆری: سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە

زۆربەی بیرمەندان چەمکی سیستەمی سیاسییان بەکارهێناوە لەرێگەی دەستەواژەی "رژێمی سیاسی" کە هاوتای رۆژئاواییەکەیەتی و دەڵێن رژێمی سیاسی بریتییە لە: "سیستەمی سیاسی، ئیداری، ئابووری، دادوەری، سەربازی، ئایینی و چۆنیەتی کارکردنی ئەو دامەزراوانە و یاسا و رێساکانی حوکمڕانی".

بە بڕوای کارل مارکس[1](Karl Marx) سیستەمی سیاسی لە دوو توخم پێکدێت؛ یەکێکیان سەرکردە و بەرپرسە سیاسییەکان کە ڕاسپێردراون و ئەویتریان، بونیاد و پێکهاتە و دام و دەزگا و دامەزراوەکان و رێکخستنەکانی دەوڵەت دەگرێتەخۆ.

بە بڕوای ماکس وێبەر[2](Max Weber)، سیستەمی سیاسی پێکدێت لە: وڵات و سەرۆکی وڵات، دامەزراوە ناوەندییەکانی دەوڵەت، ئەوە قۆرخکاری یاساییە بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە وڵاتدا، لەسەر بنەمای ئەمە، وەها دامەزراوەیەک ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەو گروپانە دابین دەکات کە بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێن.

پارسۆنز[3] (Talcott Parsons) پێیوایە کە: سیستەمی سیاسی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کە تەنها سەرنجی لەسەر ئەرکی گەیشتن بە ئامانجەکە دەبێت. بە بۆچوونی ئەو، لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا، پرۆسەکانی سیستەمی سیاسی گرنگییەکی جددی بەدەست دەهێنن. دەسەڵات نوێنەری گرنگترینی ئەم پرۆسانە و هاوشێوەی پارە ئامرازێکی باو و رەمزی و سووراوە کە رێگە بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دەدات ئەرکەکانیان زۆر کاریگەرتر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئەنجام بدەن؛ بە مانایەکی تر، دەسەڵات بریتییە لە توانای کۆمەڵگایەک بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان بەرەو ئامانجەکان؛ ئەو ئامانجانەی کە لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە گشتیەکاندا هەڵدەبژێردرێن؛ هەروەها دەسەڵات بریتییە لە توانای بڕیاردان و بڕیاردانی پابەندکەر.

---

1 - Karl Marx (5 May 1818 – 14 March 1883) was a German-born philosopher, economist, political theorist, historian, sociologist, journalist, and revolutionary socialist. His best-known works are the 1848 pamphlet The Communist Manifesto (with Friedrich Engels) and the three-volume Das Kapital (1867–1894); the latter employs his theory of historical materialism in an analysis of capitalism, representing his greatest intellectual achievement. Marx's ideas, theories, and their subsequent development, collectively known as Marxism, have exerted enormous influence on modern intellectual, economic, and political history.

2 - Maximilian Karl Emil Weber ( 21 April 1864 – 14 June 1920) was a German sociologist, historian, jurist and political economist, who is regarded as among the most important theorists of the development of modern Western society. His ideas profoundly influence social theory and research. While Weber did not see himself as a sociologist, he is recognized as one of the fathers of sociology, along with Karl Marx and Émile Durkheim.

3 - Talcott Parsons (December 13, 1902 – May 8, 1979) was an American sociologist of the classical tradition, best known for his social action theory and structural functionalism. Parsons is considered one of the most influential figures in sociology in the 20th century.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

وەک لە پێناسەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هەندێک جار سیستەمی سیاسی بە مانای وڵات یان دەوڵەت دێت، هەندێک جار بە مانای حکومەت و تەنانەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن؛ واتە ئەو دەستە جێبەجێکارەی کە ماف و توانای تایبەتی هەیە بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی پابەندکەر و زۆرەملێ و هەروەها وەک چەمکی دەسەڵات و توانای گەیشتن بە ئامانج پێناسە کراوە و لە کۆتاییدا هاوواتای رژێمی سیاسی بەکارهاتووە.

**بەشێوەیەکی گشتی**، سیستەمی سیاسی دەوڵەتێك بە دەستور و کەلتوری سیاسی و دەستەبژێر یاخود نوخبە سیاسییەکەیەوە دیاری دەکرێت، هەروەها لە دابەشکردنی دەسەلاتە واقعیەکانە لەنیوان ناوەندەکانی بریاردا. سیستەمە سیاسیەکان و دامەزراوەکانی وەك (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری)، دەوڵەت، حیزب و رێکخراوەکانی و رای گشتی و هاوبەشیی هاوڵاتی لەحکومەت و کارگێریدا، هەروەها رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان، دەسەڵات و هێز و پێشبرکێیەکانی هەڵبژاردن هەموو ئەمانە لەژێر چەتری سیستەمی سیاسیدا کۆدەبنەوە. سیستەمی سیاسی داینەمۆی دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەرکی رێکخستنی کۆمەڵ دەگرێتە ئەستۆ. سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بە رێکخستنی شێواز و کاری دەسەڵات و کۆمەڵ و کۆمەڵە سیاسییەکان. سیستەمی سیاسی چەند دامودەزگایەکە لەکۆمەلگایەکی دیاریکراودا کاروباری بەرێوەبردن دەگرنە ئەستۆ لەرێگای ئەو یاسا و ریسا ناچاری و پابەندکەرانەی کە لەئارادان، یان دانراوون لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا. بەڵام سیستەمی سیاسی بەتەنیا بریتی نییە لە دامەزراوە حکومیەکان بەڵکو لەهەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەهەموو لایەنە سیاسییەکانییەوە بە پێکهاتە تەقلیدییەکانیشەوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون. کەواتە سەرجەم دیاردە سیاسی و کەلتووری وئابووری و ..هتد، پێکەوە سیستەمێك پێك دەهێنند. (د.سالار باسیرە، ٢٠١٢).

### ١- سیاسەتی دەرەوە

تیۆرییەکانی سیاسەتی دەرەوە، لە روانگە و لە ئاستی جیاواز شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەکەن بۆ نموونە: سێ ئاستەکەی شیکردنەوەی دیڤید سینگێر[٤]، یان سێ وێناکەی کنت واڵتز[٥]، بەڵام بە گشتی دەتوانین تیۆرییەکانی سیاسەتی دەرەوە لە سێ گرووپدا پۆلین بکەین:

١.روانگەکانی تیۆری لە ئاستی شیکردنەوەی ورد یان تاک، کە گرنگی بە سیاسەتمەداران و بڕیار وەرگران دەدات.

٢.روانگەکانی تیۆری لە ئاستی نەتەوەیی، کە گرنگی بە پێکهاتەی ناوخۆیی دەوڵەتان دەدات.

---

[4] - Singer, David. (1977), “**the level of Analysis in international Relations**”, in Klaus knorr and Sidney verba, the international system: theoretical Essays; Princeton University press, Pp.20-29.

[5] - Waltz, Kenneth. (2001**), Man, the State and War**: A theoretical analysis; New York: Columbia University press, Pp.16-159.

٣. تیۆرییە سیستەمییەکان کە گرنگی بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە لە ڕوانگەی کاریگەری سیستەمی نێونەتەوەیی و پێکهاتەکانی دەدات (دهقانی فیروزآبادی، ١٣٨٧: ێ١٤٧). هەروەها بیرمەندانێک وەکو ریچار شنایدر و جۆزێف فرانکل، زیاتر گرنگی بە فاکتەر و ڕەگەزەکانی ناوخۆیی دەدەن و لەلای ئەوان بیروباوەڕ، بەهاکان و وێنا زەینییەکانی تاکی بڕیار وەرگر، گرنگی تایبەتی هەیە. لە بەرامبەر ئەو ڕوانگەیەدا هەندێ لە زانایانی تر وەکو: مەک کلاند، مۆدلێسکی، ریچارد ڕۆزکرانس و مۆرتۆن کاپلان، سیاسەتی دەرەوە لە ڕوانگەی سیستەمی نێونەتەوەیی شیدەکەنەوە و بڕوایان وایە کە دەوڵەتان تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی نێونەتەوەیی دەتوانن کارلێک بکەن و سیاسەتی دەرەوە بە پێی پێکهاتە وپرۆسەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی یان تەعامولەکانیان سنووردار دەکرێت و دەبێت بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە گرنگی بەپێکهاتە، تەعامول، پرۆسە، ڕێساکان، بەهاکان و ئامانجەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی بدەین، هەروەها گروپێکی تر لە زانایان، وەکو: هانریدەر و جێمزرۆزنێنا، هەردوو ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی پێکەوە دەبەستنەوە و بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە بە گرنگیان دەزانن (سیف زادە، ١٣٧٦: ێ١٤٨).

## (١.١)- چەمک و پێناسەی سیاسەتی دەرەوە:

بە گشتی سیاسەتی دەرەوە لە سەر چوار ڕەفتار و فاکتەری سەرەکی راوەستاوە: **١- ناسینی ژینگەی نێونەتەوەیی. ٢-داڕشتنی ستراتیژیەتی نەتەوەیی. ٣- داڕشتنی تاکتیکی جێبەجێ کردن. ٤- دیپلۆماسی.** بەم پێیە سیاسەتی دەرەوە کۆمەڵە ئامانج، هەڵوێست، ڕێباز و ئامرازێکە کە حکومەتێک لە هەمبەر یەکە سیاسییەکانی تری نێونەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بەدواداچوونیان بۆ دەکات. سیاسەتی دەرەوە، هەوڵ دەدات کاریگەری لە سەر ڕەفتاری وڵاتانی تر بکات یاخود کاریگەری لە سەر کۆی سیستەمی نێونەتەوەیی هەبێت کەئەمەش لە هەنگاوی دروستبوونی بیرۆکەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی ئامانج و مەبەستی دیاریکراو و دواتر دەستنیشان کردنی فاکتەرەکانی هەلومەرجی ناوخۆیی ودەرەکی کە کاریگەری لە سەر ئامانجەکان هەیە و شیکردنەوەی تواناکانی دەوڵەت و داڕشتنی پلان و ستراتیژی بۆ بەکارهێنانی تواناکان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکاندا خۆی دەبینێتەوە (پلانو و روی، ١٣٧٥: ٢١). سیاسەتی دەرەوە گرنگی بە پرسە جۆراوجۆرکان وەکو: پرۆسەکانی هەنووکەیی لە ئاستی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی حکومەت، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیار دروستکردن و ستراتیژیەکانی هەڵبژاردنی عەقڵانی، ئامانجەکان و ئامرازەکان، ژینگە و سروشتی سیاسی ناوخۆیی، بکەرەکان و ڕەگەزە دەروونییەکانیان و تێگەیشتنیان، ئایدۆلۆژیا، ژیۆپۆلیتیک و...هتد، دەدات. لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی دەرەوە جەخت لەسەر پرۆسە ناوخۆییەکانی دروستکردنی بڕیار دەکات و سیاسەتی نێونەتەوەیی تەرکیز لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتان وەک سیستەمێکی نێونەتەوەیی و تایبەتمەندیەکانی سیستەمەکە دەکات (آقایی ورسولی، ١٣٨٨: ٧).

لە ڕاستیدا سیاسەتی دەرەوە ئەو دەستەیە لە پەیوەندییەکان دەگرێتەوە کە حکومەتەکان بەرپرسن تیایدا، بەڵام پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پەیوەندی نێوان حکومەتەکان، گروپەکان، ڕێکخراو و دامەزراوەکان و...هتد،

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

دەگرێتەوە و بۆیە هەر دەوڵەتێک کۆمەڵێک ستراتیژی و ڕێوشوێن دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەو ئاراستەیەدا ڕێکدەخات (رضائی، ١٣٨٧: ١٨٥).

پەیوەندی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەم سۆنگەیەوە دەستپێدەکات کە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، خوێندنەوە و تێگەیشتنە لە فاکتەرەکانی کاریگەر لە سەر ڕەفتاری دەرەوەی ولاتان، بەم مانایە کە پرسیارکردنە لە (چۆن) و (بۆچی)، لە ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ولاتان کە هەر ڕوانگە و تیۆرییەک بە شێوەیەک وەڵامی دەداتەوە (حاجی یوسفی، ١٣٨١: ١٠٦) .

هەروەها لێرەوە دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێڕەو، میکانیزم، میتۆد و هەڵوێست کە دەوڵەتێک لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کاروبار و پرسەکانی دەرەوە، لە چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکانی زاڵ لە سیستەمی سیاسیدا پەیڕەو و جێبەجێی دەکات (محمدی، ١٣٧٧: ١٨). بەڵام پەیوەندی دەرەکی بریتییە لە کارلێک و پەیوەندییە سەروو سنوورییەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری وزانستی، کە بە گشتی و زۆربەی کات ئەم پەیوەندیانە لە چوارچێوەی پلان و ستراتیژیەتێکی تایبەتدا نییە و لە سەر بنەمای درێژخایەن و هێز نییە و زیاتر کاردانەوەیە و لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکاندایە (خلیلی، ١٣٨٧: ٧٦).

### (٢.١)- ستراتیژی لە سیاسەتی دەرەوەدا:

دەوڵەتان بە پێی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیان و هەروەها لە ژێر کاریگەری پێکهاتە و پرۆسەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی، ستراتیژی جیاواز بۆ گەیشتن و بەدیهێنانی ئامانجەکان هەڵدەبژێرن، لێرەدا ستراتیژی بە مانای چۆنییەتی گەیشتن بەئامانجە نەتەوەییەکان و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیە، کە دەتوانین بە ستراتیژی گۆشەگیری، بێلایەنی، پابەندبوون یاخود هاوپەیمانی دابەشیبکەین، کە ئەمەش لە ژێر کاریگەری فاکتەرەکانی چۆنیەتی دابەشبوونی هێز لە ئاستی سیستەمی نێونەتەوەیی، ژمارە و جۆری ئەکتەرەکانی نێونەتەوەیی، گرێدراوی و پێویستیەکانی ئابووری و تکنولۆژیا و...هتد، دایە (رضائی، ١٣٨٧: ی١٩٤). هەر دەوڵەتێک سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە ئاراستەیەکدا ڕێکدەخات کە لە کۆتاییدا ویست و پێویستییە ئاسایشی، ستراتیژیک، ئابووری، سیاسی، کولتووری و سەربازییەکانی لە مەودای کورتخایەن یان درێژخایەندا، دەستەبەر بکرێت و لە ڕاستیدا ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگەکان، دروستکراوی کۆمەڵێک فاکتەر وەکو: مێژوو، بیروباوەڕ و ئایین، کولتوور، کولتووری سیاسی، پەروەردە و...هتد، لە ئەو ولاتەیە و ئەم ئامانجانە لە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی تایبەتدا پێناسە و ئاشکرا دەکرێت ( قوام، ١٣٨٥: ١٣٦).

### (٣.١) - پۆلین کردنی سیاسەتی دەرەوە:

١ -سیاسەتی دەرەوە وەک ڕەنگدانەوەی دەروونناسی سیاسی نوخبەکان :

لە ئەم ڕوانگەیەدا، سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە بەهاکان، حەز و ویست و پێوەرەکانی سیاسەت داڕێژەران کە بە گۆڕینیان، سیاسەتی دەرەوەش دەگۆڕێت. ئەم ڕوانگەیە بڕوای وایە کە فاکتەری جێگیر و نەگۆڕ لە سیاسەتی

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

دەرەوەی دەوڵەتاندا بوونی نییە و دەبێت ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان لە سەر بنەمای دەروونناسی و پاڵنەر و ئایدۆلۆژیای ڕێبەران و حکومەتەکان هەڵسەنگێنن (موسوی زاده وجاودانی مقدم، ١٣٨٧: ١٩٤).

٢ -سیاسەتی دەرەوە وەک ڕەنگدانەوەی ژیۆپۆلێتیک و کولتووری سیاسی:

لەم ڕوانگەیەدا، سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک بە بگۆڕی گریدراوی پێگەی ژیۆپۆلێتیک، نەریتی مێژوویی، ئامانجەکان و پێداویستیەکانی دەوڵەت دەزانێت، ئەم ڕەگەزە نەگۆڕانەش(جێگیرانە) دەبنە هۆی بەردەوامی لە سیاسەتی دەرەوەدا، واتا جەخت لە سەر ڕەگەزە جێگیرەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکرێت (سجاد پور، ١٣٨٣: ٧٤).

٣ -سیاسەتی دەرەوە لە سەر بنەمای عەین و زەین:

ئەم ڕوانگەیە لە ڕەگەز و فاکتەرەکانی هەردوو ڕوانگەی پێشووتر پێکدێت کە سیاسەتی دەرەوە هەم فاکتەر و ڕەگەزی بگۆڕی تێدایە، وەکو: کودەتا، شۆڕش، حیزبەکان یاخود ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەتیەکان و هەم ڕەگەزەکانی جێگیری تێدایە، وەکو: کولتوور، جوگرافیا، مێژوو و...هتد (قوام، ١٣٨٥: ١٠٤).

### (٤.١)- پۆلین کردنی بەهاکانی سیاسەتی دەرەوە:

بە گشتی بەهاکانی سیاسەتی دەرەوە بەم شێوەیە پۆلین دەکرێن:

**ا- بەهاکانی ئاشکرا:**

١. ئاسایش: بوونی ئاسایش لە هەمبەر هەڕەشە و مەترسیە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

٢. مانەوە: گرنگترین بەهای بووناسانەیە بۆ هەر کیانێک یان بوونەوەرێک.

٣. سەروەت و سامان: سەرچاوەکانی هێزی مادی و دارایی و ئابووری دەگرێتەوە.

**ب- بەهاکانی نائاشکرا یان بەها شاراوەکان:**

١. کولتوور/ ناسنامە: بەهاکانی پەیوەست بە ناسنامە، بیروباوەڕی کولتووری ، ئایینی و ئایدۆلۆژیا.

٢. یەکسانی / دادپەروەری: ڕەچاوکردنی دادپەروەری بۆ بەهاکان.

٣. سەربەخۆیی: توانای سەربەخۆیی لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا.

٤. پێگە/ نفووز: پاریزراوبوونی ڕێز وحورمەت و ویستراویەتی یان دڵخوازبوون.

ئەم بەهایانە بە پێی تێگەیشتنی ڕێبەران و جۆری سیستەمی سیاسی و بڕوایی کەم بایەخ یان پڕبایەخ دەبن (لطفیان، ١٣٨٧: ی١٩٦). هەروەها چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی، چەمکی بنچینەیی سیاسەتی دەرەوەیە کە

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بەها نەتەوەییەکان لە خۆ دەگرێت و ڕەفتاری دەوڵەتان لە پانتای پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ژێر کاریگەری پێناسەیەکدایە کە لە بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکانی دەوڵەت دەکرێت، کە لەم سۆنگەیەوە جیهانی دەرەوە دەبینرێت و دۆست و دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆیی پێدەناسرێتەوە و کردەوەکانیان ڕەهەندی ئەخلاقی وەردەگرێت (کلینتۆن، ١٣٧٩: ١٧).

### (٥.١) - ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە:

بە گشتی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە دەکرێت بەم دوو شێوەیە پۆلین بکرێن: ١- لە ڕووی مەوداوە. ٢- لە ڕووی بابەتەوە .

(١- ٥- ١)- ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕووی مەودا:

١ -ئامانجە کورت مەوداکان: زیاتر هەنووکەیی و کاتین یاخود کاردانەوەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکان.

٢ -ئامانجە مەودا مام ناوەندییەکان: وەک حەڵقەی نێوان ئامانجە کورت مەودا و درێژخایەنەکانن کە ئامانجانەکانی خۆشگوزەرانی گشتی، پرستیژی نێونەتەوەیی و... هتد لە خۆ دەگرێت، بە جۆرێک کە کۆمەڵێک ڕەفتاری دەرەکی، ویست و داواکاریەکانی ناوخۆیی جێبەجێ بکات.

٣ -ئامانجە درێژ مەوداکان: ئەم ئامانجانە لە چوارچێوەی ئایدیا و بەها و بەرژەوەندییە درێژخایەنەکاندایە و لە چوارچێوەی سنوورە جوگرافیاییەکانی دەوڵەتدا قەتییس ناکرێتەوە و لە سەروو سنوورە نەتەوەییەکاندا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، وەک دروستکردنی حکومەتی جیهانی کۆمونیستی لە وڵاتانی کۆمۆنیزمی پێشوو یان دامەزراندنی حکومەتی جیهانی ئیسلام لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە (رضایی، ١٣٨٧: ١٨٩).

### (١- ٥- ٢)- ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕووی بابەتەوە:

١ -ئامانجە ئابووری و داراییەکان: کە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی ئابووری وڵاتی مەبەستە، بەم مانایە کە گەیشتن بەدۆخی خوازراوی ئابووری.

٢ -ئامانجە کولتووری و ئایدۆلۆژیکەکان: سیاسەتی دەرەوە تەنیا پەیوەندی مادی نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەها و باوەڕی کولتووری و ئایدۆلۆژی، کە خەڵک بڕوایان پێ هەیە، وەکو: دیموکراسی، کۆمونیزم، ئیسلام و...هتد ( فرانکل، ١٣٦٩: ١٢٠).

٣ -ئامانجە ئاسایشی و سەربازی و بەرگریەکان: ئەم ئامانجانە لە سیاسەتی دەرەوەدا باڵاترین ئامانجەکانی دەوڵەتن کە لە لایەک بوون و مانەوە و لە لایەکی ترەوە یەکپارچەیی وڵات، دانیشتوان و پاراستن و پارێزگاری لە مانەوەی دەوڵەت لە خۆ دەگرێت و هەروەها ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دەگرێتەوە (خوشوقت، ١٣٨٥: ١٥٣).

## (٢)- تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە:

### (١.٢)- ریالیزم:

بیرۆکەی ریالیزم لە فەلسەفەی سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ توسیدێد، ماکیاڤیلی و توماس هۆبز، لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیشدا دەگرێتەوە بۆ بیرۆکەکانی هانس مورگێنتاو، کە دەتوانن بە سەر پێنج بنەمای گشتیدا دابەشی بکەین:

١. مرۆڤ لە جەوهەردا بوونەوەرێکی شەڕەنگێزە و ئەم شەڕەنگێزیەش لە ڕەفتاری دەوڵەتدا دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت.

٢. شانۆی پەیوەندی نێونەتەوەیی، شانۆی ململانێی نێوان دەوڵەتەکانە بۆ بەدەستهێنانی هێزی زیاتر.

٣. ململانێ بۆ هێزی زیاتر، دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی نێونەتەوەیی نائارام و ئانارشیک.

٤. باشترین رێگای دەستەبەر کردنی ئاسایش لە ژینگەی نێونەتەوەیی ئانارشیک و نائارامدا، پێشگرتن لە سەر بنەمای پشت بەخۆبەستنە.

٥. باشترین ئامرازی پێشگیریش، هێزی سەربازی و چەکی ئەتۆمیە (خلیلی، ١٣٩٠: ١٩٨).

هەروەها بە شێوەیەکی تر دەتوانین چوارگریمانەی ریالیزم، بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١. دەوڵەتان ئەکتەری سەرەکیی یا گرنگترین ئەکتەرانی نێونەتەوەیین تەنانەت نیوریالیستەکانیش سیستەمی نێونەتەوەیی لە سەر بنەمای دەوڵەت . نەتەوە، پێناسە دەکەن.

٢. دەوڵەت وەک بکەرێکی یەکپارچە و یەکگرتوویە.

٣. دەوڵەت بکەرێکی عەقلانییە، بەم مانایە کە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا هەموو ئالتەرناتیڤەکان لە بەرچاو دەگرێت و لە نێوانیاندا لە سەر بنەمای سوود . زیان، باشترینیان هەڵدەبژێرێت.

٤. ئاسایش و بە تایبەت ئاسایشی سەربازی بەشێکە لە سیاسەتە باڵاکان .

بەم پێیە دەکرێت بڵێین کە دەوڵەتان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا دەبێت بەم شێوەیە بن:

١. دروستکەرانی بڕیار و بکەرانی عەقڵمەند بن.

٢. بەدوای بە دەستهێنانی هێز و سەروەت و سامان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی بن.

٣. خاوەن میتۆدۆلۆژیای زانستی بن.

٤. ژینگەی نێودەوڵەتی بەو شێوەیەی کە هەیە لە بەرچاو بگرن.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

٥.سیاسەتی ئەخلاقی یان بەهایی پەیڕەو نەکەن (ابراهیمی، ١٣٨٨: ١٢١) .

بە گشتی دەتوانین بڵێین کە بنەماکانی سەرەکی ریالیزم بریتین لە:

١ -**دەوڵەتگەرایی(**statism**)**: ئەکتەری سەرەکی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەوڵەتە و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئەکتەرەکانی تر لە چوارچێوەی پەیوەندی دەوڵەتاندا کار دەکەن.

٢ -**مانەوە(**survival**)**: ئامانجی سەرەکی دەوڵەتان مانەوەیە و ئەمە باڵاترین بەرژەوەندی نەتەوەییە و لەم ڕوانگەیەوە بەدواداچوون، بەدەستهێنان و زیاترکردنی هێز ئامانجێکی لۆژیکی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانە.

٣ -**پشت بەخۆبەستن(**self-help**)**: هیچ دەوڵەتێک جێی متمانە نییە، بەڵکوو هاوکاری و دۆستایەتی و هاوپەیمانییەتیش سنووردارن و دەوڵەتان دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایش و مانەوەیان پشت بە هێزی خۆیان ببەستن (ستودە و شیخون، ١٣٨٩: ١٠). هانس مۆرگێنتاو[٦]، یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی سەرەکی ریالیزم، دەوڵەتان لە رووی سیاسەتی دەرەوەدا، دابەشدەکات بۆ سەر دوو گروپی دەوڵەتانی لایەنگری پاراستنی دۆخی هەنووکەیی و دەوڵەتانی لایەنگری پێداچوونەوەخوازی، هەروەها ناوبراو چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی بە پێوەرێکی بەردەوامی دەزانێت کە دەبێت سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بەم پێوەرە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، واتا ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە بە پێی بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکان پێناسە دەکرێت و بەرژەوەندی نەتەوەیی بە پێی هێز پێناسە دەکرێت و بڕوای وایە ئەوە هێزی دەوڵەتانە کە سنووری بەرژەوەندی و فۆرمی سیاسەتی دەرەوە دەستنیشان دەکات .

تیۆری ریالیزم بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان چەند خاڵی لاوازی هەیە، وەکو جەخت کردنەوە لە سەر ڕەگەزی هێزی مادی دەوڵەت لە ناوخۆ و گرنگی پێنەدان بە بەربەستە پێکهاتەییەکانی دەرەوە، جێگیر تەسەور کردنی ناسنامەی دەوڵەتان، سەرنج پێنەدان بە ئەکتەرەکانی تری ناو دەوڵەت، تێگەشتن و یەکپارچە تەسەور کردنی دەوڵەت و عەقڵانی تەسەورکردنی دەوڵەت (عطایی و رسولی ثانی آبادی، ١٣٨٩: ٢١١).

### (٢.٢)- نیو ریالیزم:

نیوریالیزم یان ریالیزمی پێکهاتەیی لە ڕێگەی هزرەکانی کنت واڵتز ناسێندرا. لە ڕوانگەی واڵتزەوە، تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێکهاتەی ئانارشیک(پشێوی) یان نەبوونی هەر جۆرە سەروەریەکە، لە ڕوانگەی والتزەوە ئەوەو پێکهاتەی ئانارشیکە کە سەرمەشقی سەرەکی سیاسەتی نێونەتەوەیی پێکدێنێت نەک سروشتی مرۆڤ (لین جۆنز، ١٣٨٥: ٩٦). بە بڕوای کنت واڵتز، وڵاتان لە پێکهاتەی ئانارشیکدا زیاتر لەوەی بە دوای زیاد کردنی هێزی خۆیان بن بە دوای پاراستنی مانەوەی خۆیانن، بەم مانایەی کە هێزخۆی ئامانج نییە بەڵکوو

[6] - Morgenthau, H.J. (1985), **Politics among Nations**; New York: Alfred Knoph, Pp. 145 – 148.

ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەی دەوڵەتان وەک سەرەکیترین ئامانج، دەکرێت لێرەدا بیرۆکە یان تیۆری نیوریالیزم لە چەند خاڵدا بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١. پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی ئانارشیکە.

٢. پەیوەندی نێودەوڵەتی گۆرەپانی هەوڵدانە بۆ مانەوە.

٣. هەوڵدان بۆ مانەوە لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی نەبوونی ئاسایش.

٤. باشترین رێگەی دەستەبەرکردنی ئاسایش لەم ژینگەیەدا پێشگرتن لە سەر بنەمای پشت بە خۆبەستنە.

٥. بەرزترین ئامرازی پێشگرتن، هێزی سەربازی و چەکی ئەتۆمیە (خلیلی، ١٣٩٠: ٢٠١). رەخنەگران لە ریالیزم و نیوریالیزم، بڕوایان وایە کە ریالیزم بە گشتی شیکردنەوەیەکی گشتگیر و دروستی نییە، چونکە ریالیزم ناتوانێت گۆڕانکاری سیستەمی نێونەتەوەیی روون بکاتەوە و گرنگی نادات بە رۆڵ و گرنگی کولتوور و ناسنامە لە رەفتاری دەوڵەتان وەک ئەکتەری سیاسەتی نێونەتەوەیی و هەندێ لە بیرۆکەکانی وەکو قبوڵ کردنی دەسەڵات و هێژمونی و جەنگ، سیمایەکی نائەخلاقی بۆ ئەم تیۆرییە دروستدەکات و لە لایەکی ترەوە ریالیزم بە گرنگی پێدانی لە رادە بەدەر بە رۆڵی دەوڵەتان وەک گرنگترین ئەکتەرەکانی گۆرەپانی نێونەتەوەیی رۆڵی بکەرەکانی تر، وەکو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و...هتد، رەچاو ناکات و پرۆسەکانی دروستبوونی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لە بەرچاو ناگرێت (لین جونز، ١٣٨٥: ١٠١-٩٨).

**(٣.٢)- ئایدیالیزم:**

ئایدیالیزم ریشەی هزری جۆراوجۆری هەیە و کەسانێک وەکو: ژان ژاک رۆسۆ، جێرمی بێنتام و ئیمانوێل کانت و...هتد، هەموویان لە سەرگەشبینی بۆ پێکهینانی ژیانێکی بەختەوەر و پڕ لە ئاشتی و ئاسایش بۆ مرۆڤ جەخت دەکەنەوە و بڕوایان بە توانای عەقڵی مرۆڤ هەیە و بۆیەش بڕوایان وایە کە دەکرێت بە دامەزراندنی دامەزراوەکانی بەردەوامی نێونەتەوەیی رێگە لە جەنگ و قەیران و نائارامی بگرن (نصری وافتخاری، ١٣٨٣: ١٦٩). بیرۆکەی ئایدیالیزم بۆ سەردەمی رۆشنگەری و لیبرالیزمی سەدەی نۆزدە دەگەرێتەوە. ئایدیالیستەکان جەخت لە سەر ئەوەی (دەبێت) بکرێت دەکەنەوە، نەک ئەوەی (هەیە)، لە رەفتارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا، هەروەها جەخت لە سەرگرنگی دامەزراوە و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بە مەبەستی دابینکردن و پاراستنی ئاشتی و هەروەها گرنگی بە پەیوەندی دوو لایەنە و چەند لایەنە و ئاڵوگۆری بازرگانی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دەدەن (ابراهیمی، ١٣٨٨: ١٢٩).

بە گشتی لێرەدا دەتوانین بیرۆکەی ئایدیالیزم بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١. مرۆڤ لە جەوهەردا بوونەوەرێکی عاقڵ و باش و خێرخوازە. دەوڵەتیش دامەزراوەیەکی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە.

٢. پەیوەندی نێودەوڵەتی پانتای هاوکارییە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی بەردەوام.

٣. هاوکاری بۆ بەدیهێنانی ئاسایش دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی نێونەتەوەیی ئارام و ڕێسامەند.

٤. باشترین ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئاسایش لەم ژینگەیەدا، دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە.

٥. بەرزترین ڕێگەی دروستکردن و پاراستنی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوانە بڵاوبوونەوەی دیموکراسییە (خلیلی، ١٣٩٠: ٢٠٠).

### (٤.٢)- بنەماکانی لیبرالیزم:

١ -ئاشتی دێموکراتیک و گرنگی پێدان بە گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

٢ -سەروو نەتەوەگەرایی و جەختکردنەوە لە سەر سەرهەڵدان و پەیدابوونی بکەری نوێ لە ئاستی نێونەتەوەیی.

٣ -جەخت کردن لە سەر ڕۆڵی بازرگانی و پەیوەندییەکان لە سەر کەم کردنەوەی جەنگ و دروستبوونی ئاشتی.

٤ -دامەزراوەگەرایی و جەختکردن لە سەر ڕۆڵی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (مشیرزادە، ١٣٨٥: ٢٧). بەم پێیەش لە ڕوانگەی لیبرالیزم، بە پێی بەرژەوەندی هاوبەش یان جیاوازی دەوڵەتان، سێ شێوە لە کارلێک : ا- هاوکاری. ب- ململانێ. پ- هاوکاری و ململانێ، دروست دەبێت (عطایی و رسولی ثانی آبادی، ١٣٨٩: ٢١٣).

### (٥.٢)- نیو-لیبرالیزم:

لیبرالیزمی نوێ کۆمەڵێک لە تیۆرییەکانی گرنگ وەکو: وەزیفی نوێ، پێکەوە بەستراوەیی، دامەزراوەگەرایی، نیولیبرال و لایەنگرانی ڕژێمە نێودەوڵەتییەکان، لە خۆ دەگرێت. ئەم ڕوانگە و تیۆریانە لە پاش گۆڕانکارییەکانی جەنگی دووهەمی جیهانی، ئەکتەری نوێ وەکو: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و تەنانەت گروپەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە خۆدەگرن، واتا جیاوازی نێوان لیبرالیزم و نیولیبرالیزم، لە گرنگی پێدانی نیولیبرالیزم بە ئاشتیگەرایی دیموکراسیەکان و متمانە بە ڕژێم و نۆرم(پێوەر) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە (خلیلی، ١٣٩٠: ٢٠٣).

### (٦.٢)- ڕەفتارگەرایی:

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕەفتاری لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە سەر دوو بەشی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی و شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەدا دابەشبوو، کە دەوڵەت لە ناوەندی ئەم دابەشکردنەدا بوو، کە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوە گرنگی بە تایبەتمەندیەکانی ناوخۆیی دەوڵەت دەدرا، لە کاتێکدا سیاسەتی نێودەوڵەتی گرنگی بە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دەدرا تاوەکو تایبەتمەندی سیستەم ڕوون بکرێتەوە، واتا لەگەڵ شۆڕشی ڕەفتاری، سیاسەتی دەرەوە وەک بەشێکی جیاواز دەرکەوت و فەزایەکی عەقڵگەرا، چەندایەتیگەرا و زانستگەرا باڵی بە سەر شیکردنەوەکاندا کێشا، لێرەوە سیاسەتی

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

دەرەوە وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆزی چەند ئاست، هەم ئامانجەکان لە خۆ دەگرێت و هەم ئامرازەکانی گەیشتن بەم ئامانجانە (هادیان، ١٣٨٢: ٥٠. ٤٩). شۆڕشی ڕەفتاری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوا بە ناوەندیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەخنە لە ئایدیالیزم و ریالیزم دەگرێت و جەخت لە سەر میتۆدۆلۆژی دەکاتەوە و بڕوایان وابوو کە بۆ تێگەیشتن لە زانستی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەبێت لە میتۆدۆلۆژی چەندایەتی زانستەکان، وەکو: بیرکاری، زانستە سروشتیەکان، ئابووری، دەروونناسی و کۆمەڵناسی سوود وەربگرین (کلبون و سورنسون، ١٣٨٣: ٦٧).

### (٧.٢)- پاش ڕەفتارگەرایی:

کاردانەوەی ریالیستەکان و ئایدیالیستەکان لە هەمبەر بزوتنەوەی زانستگەرایی بووە هۆی گفتوگۆی نوێ لەم نێوان تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سەرهەڵدانی ریالیزمی نوێ و لیبرالیزمی نوێ بەڵام لە گفتوگۆ نوێیەدا کۆمەڵێک گفتوگۆی تر سەریهەڵدا. لە کۆتایی دەیەی شەستی زایینی سەدەی رابردوو و دەرکەوتنی خاڵە لاوازەکانی زانستگەرایی، ئەم گفتوگۆیە دروستدەبێت و گفتوگۆکانی پێشووتری نەریتگەراکان و ڕەفتارگەراکان و مشتومرەکانیان لە سەر بابەتەکان وەکو: ((ئیمکانی دیراسەتی زانستی لە سیاسەتدا بوونی نییە)) یان ((زانستی سیاسەت بە بێ بەچەندایەتیکردن و رزگارکردن لە کۆت و بەندی بەهاکان سوودی نییە))، وەلاوەنا.

پاش ڕەفتارگەراکان هەوڵیاندا کە هەندێ ڕەگەز و ڕوانگەی زانستی بۆ ئامانجە بەهاییەکان بەکاربێنن وەکو: کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەتۆمی، چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکیەکان، کۆنترۆڵی دانیشتوان، بنەبڕکردنی هەژاری و نەخۆشیە سنووربڕەکان و پاراستنی ژینگە و...هتد، بەم مانایە کە ڕوانگەی پاش ڕەفتارگەرایی هەوڵ دەدات کە لە هەردوو جۆری شیکردنەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی هەروەها دروستکردنی پەیوەندی وردتر لە نێوان ئاستەکانی شیکردنەوە و بکەرانی پەیوەندیدار وەکو: تاک، دەوڵەتان و سیستەمی نێونەتەوەیی دروستبکات (کولومبیس و وولف، ١٣٧٥: ١٠٨.١٠٩). هەندێ لە تیۆریسیەنەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، وەکو: ئۆلە ویور[٧] و مایکل بێنکس، بڕوایان وایە کە گفتوگۆی نۆی لە نێوان سێ قوتابخانەی سەرەکی ریالیزم، لیبرالیزم و مارکسیزمدایە، هەروەکو ویور، لە ساڵی (١٩٩٧)دا ڕایدەگەێنێت کە گفتوگۆی نێوان سێ پاردایمی: پلۆرالیزم و وابەستەیی، کۆمەڵگەی جیهانی و رادیکاڵیزم و پێکهاتەگەرایی و گلۆبالیزم، لە کۆتایی دەیەی(١٩٧٠)ی زایینی دەرکەوت، لە کاتێکدا کە لە پارادایمی ریالیستی جەخت لە سەر بکەرایەتی دەوڵەتان دەکرێتەوە، لە پارادایمی لیبرالیستی تاکەکان و گروپەکان پەیوەندی نێوان دەوڵەتان باشتردەکەن، بەڵام لە پارادایمی مارکسیستیدا چینەکان و پێکهاتە ئابووریەکان ململانێ بە سەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتان زاڵدەکەن (قنبرلو، ١٣٩١: ٢٤٩).

[7] - Waever, Ole. (1997), **Figures of International Thought: introducing Persons instead of Paradigms**; London and New York: Routledge, Pp.1-29.

هەندێ لایەنیش گفتوگۆی نێوان ریالیزمی نوێ و پۆست پۆزیتیڤیزم بە گفتوگۆی نوێ دەزانن، کەئەمەش بە هۆی زاڵبوونی ریالیزمی نوێ و ڕەخنەکان لەم تیۆرییە لە لایەن قوتابخانەی ڕەخنەیی (فرانکفۆرت)، پۆست مۆدێرنیستەکان، کومەڵناسی مێژوویی و فمێنیزم وهەروەها پۆست پۆزیتیڤیزمەکان کە لە سەر مێژوویایەتی، کۆمەڵایەتی بوون و دروستکراوەیی بوونی ناسین (مەعریفە)جەخت دەکەنەوە و پێکهاتەگەرایی زانستی کنت واڵتز، ڕەتدەکەنەوە و بڕوایان وایە کە زانستی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەبێت بگۆڕدرێت بۆ هەلومەرجێکی دادپەروەرانەتر، ئەمنتر و مرۆڤانەتر، لە کاتێکدا مۆدێرنیستەکان بە گشتی زیاتر پارێزگارن و داکۆکی لە دۆخی هەنووکەیی دەکەن، بە گشتی ئەم ڕەوشە بە گفتوگۆی نێوان پۆزیتیڤیزم لە هەمبەر پۆست پۆزتیڤیزم، عەقڵگەرایی لە هەمبەر پێداچوونەوەخوازی، بنەماخوازی لە هەمبەر دژە بنەماخوازی و تیۆرییەکانی شیکردنەوە لە هەمبەر تیۆرییەکانی تەکوینی، ناوزەد دەکرێت (قنبرلو، ١٣٩١: ٢٥١).

## (٨٢)- ڕەخنە گەرایی و عەقڵگەرایی:

بە شێوەیەکی گشتی ئێمە دەتوانین تیۆرییەکانی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بە سەر دوو ڕەوتی گشتی عەقڵگەرایی و ڕەخنەگەراییدا دابەشبکەین. تیۆرییەکانی ڕەخنەگەراییش لە چەند ڕوانگەی تر وەکو: پۆست مۆدێرنەکان، پاش پێکهاتەگەرایی، قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرت و فێمێنیستەکان و کۆنستراکتیڤیستەکان پێکدێت. جیاوازی نێوان تیۆرییەکانی ڕەخنەگەرایی و تیۆرییەکانی عەقڵگەرایی بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕەخنانەدا دەردەکەوێت کە ڕەخنەگەراکان لە تیۆرییەکانی عەقڵگەرایی دەیگرن کە بە سەر سێ بواری سەرەکیدا دابەشدەبێت ا- ڕەخنەی بوونناسی. ب- ڕەخنەی مەعریفەناسی. ج- ڕەخنەی میتۆدۆلۆژی .

**ا-ڕەخنەی بوونناسی :** ڕەخنەگەراکان بە گشتی و کۆنستراکتیڤیستەکان بە تایبەت، سێ پێدراوی بوونناسی سەرەکی عەقڵگەراکان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەرهاویشتە سیاسییەکانی دەخەنە ژێر پرسیار.

یەکەمیان: ڕەخنەگەراکان گرنگی بە پێکهاتە هزرییەکان و هەروەها پێکهاتە بەهایی و پێوەرییەکان دەدەن لە پاڵ پێکهاتە مادییەکانی پەیوەندیدار(wendt, 1992: pp. 397).

دووەمیان: ڕەخنەگەراکان بڕوایان وایە کە ناسنامەکان بەرژەوەندی و ڕەفتارەکان دروستدەکەن. (wendt, 2003: pp. 36- 37)

سێیەمیان: بڕوایان وایە کە پێکهاتەکان و بکەرەکان بە شێوەی دوو لایەنە دروستدەکرێن، بۆ نموونە: تیۆری کۆنستراکتیڤیزم بە جەخت کردنەوە لە سەر گرنگی نۆرم یان پێوەرە زەینییەکان لە پاڵ پێکهاتە مادیەکان، تەرکیز لە سەر ڕۆڵی ناسنامە لە دروستکردن یاخود فۆرم پێدان بە کردەوەی سیاسی و پەیوەندی دوو لایەنەی بنیاتنەر لە نێوان پێکهاتە و بکەردا دەکات(Ruse-Smit, 2005: pp. 188-189) .

**ب- ڕەخنەی مەعریفەناسی:**

# سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لە ڕووی مەعریفە ناسییەوە، عەقڵگەراکان پابەندن بەو ڕوانگەیەوە کە بە پۆزێتیڤیزم دەناسرێت، ئەوان بڕوایان وایە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە بەها و راستی جیاوازیان هەیە دەتواندرێت لە سەر بنەمای ڕێبازی سروشتی شیبکرێنەوە و پێداچوونەوەی زانستی دەبێت لە سەر ڕاستی و ناڕاستی ئەزموونی بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێساکان، بەم مانایە کە ئەکتەرەکان لە جیهانێکدا کار و چالاکی دەکەن کەپێشتر دیاریکراوە، لە کاتێکدا ڕەخنەگەراکان و بە تایبەت کۆنستراکتیڤیستەکان، ئەمانە دەخەنە ژێر پرسیار و جەخت لە سەر ناسنامەکان لە بنیاتنان و دروستکردنی بەرژەوەندی و ڕەفتار و کردەوەی سیاسی بکەر یان ئەکتەرەکان دەکەنەوە (Wendt, 2003: pp.37-38).

## ج-ڕەخنەی میتۆدۆلۆژی:

لە ڕووی میتۆدۆلۆژیەوە، ئەگەر ئێمە ناسنامە و بەرژەوەندی بە پێشووتر و پێشترپێدراو بزانین، ئەوە گرنگی فاکتەر و ڕەگەز و هێزە مادیەکانمان بۆ دەردەخات، بۆ نموونە: نیوریالیزم بڕوای وایە کە بەرژەوەندی دەوڵەتان لە پێکهاتەی مادی ئانارشیکەوە سەرچاوە دەگرێت، لە کاتێکدا ڕەخنەگەراکان بە تایبەت کۆنستراکتیڤیستەکان نیشاندەدەن کە بە چ شێوەیەک بارودۆخە نێوان زەینییەکان بە شێوەی سەرەتایی بەرژەوەندی و هێزی مادی بنیاتدەنێن یاخود دروستیدەکەن.(Wendt, 2003: pp.34-35).

## (٩.٢)- تیۆری ڕەخنەگەرایی:

تیۆریسییەنەکانی ڕەخنەگەرایی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، وەکو: ڕۆبێرت کۆکس[8]، ئەندرۆلینکلێتر[9]، هەروەها ئێستیڤان گیل و ریچارد ئاشلی، لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕەخنەگەرایی فرانکفۆرتدا، ئەگەری گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیان خستۆتە بەر باس و لێکۆلینەوە (قنبرلو، ١٣٩١: ێ٢٦١). گرنگترین ئامانج و بەرنامەی کاری تیۆری ڕەخنەگەرایی بۆ نموونە قوتابخانەی فرانکفۆرت کە ریشەی لە بیروڕا فەلسەفیەکانی بیرمەندانێک وەکو: تیۆدۆرئۆدرنۆ، هۆرکهایمێر، هێربێرت مارکۆز، یۆرگن هابێرماس و مارک هافمەن دایە، کە لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەییدا بەکاریان هێناوە. بە شێوەی گشتی تیۆری ڕەخنەگەرایی، ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵی عەقڵگەرایی لە پەیوەندییەنێونەتەوەییەکاندا دەگرێت. تیۆری ڕەخنەگەرایی لە ڕووی بوونناسییەوە سیما و تێگەیشتنی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی خۆویست و ئەتۆمیزەکراو دەخاتە بەر ڕەخنە کە تەنیا بۆ دەستەبەر کردنی ئامانج و ویستەکانیان پێشتر لە پرۆسەی تەعامولی کۆمەڵایەتی دروستبووە، لە بەرامبەردا تیۆری ڕەخنەیی وا گریمان دەکات کە ناسنامە و بەرژەوەندی بکەرەکان بە شێوەی کۆمەڵایەتی دروستدەکرێت و بەرهەمی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان زەینینە، هەروەها لە ڕووی مەعریفە

---

[8] - Cox, Robert, W. (1981), **Social Forces, States and World order: Beyond International Relation Theory**; Millennium, Pp.55-126.

[9] - Linklater, Andrew. (2007), **Critical Theory and World Politics: Citizen Ship, Sovereignty and Humanity**; London and New York: Routledg, Pp.15-29.

ناسییەوە تیۆری ڕەخنەیی، ڕوانگەی پۆزێتیڤیزمگەراکان دەخاتە ژێر پرسیار و میتۆدەکانی تەفسیری لە تێگەیشتن دەکاتە بنەما بۆ دیاردەکان (دهقانی فیروزآبادی، ١٣٨٧: ١٣٠-١٢٩).

لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەگەراییەوە سیاسەتی دەرەوە لە سەر ئەم بنەمایانە راوەستاوە:

١. میتۆدێکی گشتگیر بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە بوونی نییە.

٢. تیۆرێکی تاقانە بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی بکەرەکان لە هەر کات و شوێنێک ڕاست و دروست نییە.

٣.ولاتانی جیاواز بە هۆی ناسنامەی جیاوازەوە، ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەیان جیاوازە لە یەکتری.

٤. پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نامادیەکان ڕۆڵی کاریگەریان لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەروەی ولاتاندا هەیە. تیۆری ڕەخنەیی سیاسەتی دەرەوە، گرنگی بە پەیوەندی دوولایەنەی پێکهاتە(نەتەوەیی و نێونەتەوەیی) و بکەر یان ئەکتەر دەدات لە سیاسەتی دەرەوەدا. بە وتەی رۆبێرت کۆکس، سیاسەتی دەرەوە بەرهەمی تەنیا دەوڵەتان یان سیستەمی نێونەتەوەیی نییە، بەڵکوو بەرهەمی پرۆسە و تەعامولی فاکتەر و هێزە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی دەوڵەت و سیستەمی نێونەتەوەییە (دهقانی فیروزآبادی، ١٣٨٧: ١٤٨-١٤٧).

### (١٠.٢)- کۆنستراکتیڤیزم:

کۆنستراکتیڤیزم لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەن **نیکۆلاس ئۆنف** هاتە ناو بواری تیۆری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. ئۆنف لە ساڵی (١٩٨٩)، لە کتێبێکدا بە ناوی (جیهانی دروستکراوی ئێمە)[10]، جەختی لە سەر ڕۆڵی ڕێساکان لە دروستکردنی جیهانی ئێمە کرد و ڕایگەیاند کە هەموو کردەوە و ڕەفتارە مرۆییەکان لە پانتای کۆمەڵایەتیدا واتا پەیدا دەکات و ئێمە بە شێوەی سەربەخۆ ناتوانین تێگەیشتنمان بۆ جیهان هەبێت (عسگرخانی و منصوری مقدم، ١٣٨٩: ١٩٥). کۆنستراکتیڤیستەکان کردەوە و ڕەفتاری ولاتان پەیوەندیدار بە پێگە و هەلومەرجی ئەو دەوڵەتانە نازانن، بەڵکوو بروایان وایە کە ڕەفتاری دەوڵەتان لە لایەن پێوەرەکان(نۆرم) و بەهاکانیانەوە ئاراستە دەکرێت و ئەکتەرەکان لە سەر بنەمای ئەم بەهایانە بڕیار وەردەگرن و لە سەر بنەمای فاکتەرە زەینی و ئەزمونە کولتووری و مرۆییەکان سیاسەت دادەڕێژن (اسکندریان، ١٣٨٣: ێ١٨٠). هەروەها بیرمەند و تیۆریسیەنێك بە ناوی **"ئەلێکساندر ونت"**[11]، لە کتێبی **(تیۆری کۆمەڵایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی)**[12]دا هەوڵ دەدات تیۆری کۆنستراکتیڤیزم لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

---

10 - Onuf, Nicholas. (1989), World of our Making: Rules in Social Theory and International Relations; Colombia: University of South Carolina Press, Pp.33-65.

11 - alexander wendt

12 - Social Theory of International Politics

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بەکاربێنێت. ناوبراو رەخنە لە تێگەیشتنی کنت والتز[13] و بە گشتی تیۆری ریالیزم دەگرێت و رۆڵی درک و تێگەیشتن و فاکتەرە ماناییەکان لە سەر بکەر یان ئەکتەرەکان دەردەخات، بۆ نموونە دەڵێت: ((رژێمی گۆرباچۆف، بە تێگەیشتنی جیاواز لە چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوا، بە تەنیایی کۆتایی بە شەڕی سارد هێنا)) (ونت، ١٣٨٦: ١١٢). ئەلێکساندر ونت، بڕوای وایە کە کێشە ئاسایشییەکان و سەرهەڵدانی جەنگەکان لە نێوان ئەکتەرەکاندا سروشتی نیین، بەڵکوو لە ئەنجامی بەجێهێنانی ئەرکێکی پیرۆزە کە بۆ خۆیان، قەناعەتیان پێهێناوە و رازیان دەکات.

لە ڕوانگەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم، بۆ ناسین و شیکردنەوەی رەفتاری دەوڵەتان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دەبێت پێش هەر شتێک گرنگی و سەرنج بدرێتە ناسنامەی ئەو وڵاتانە کە بۆ خۆیان پێناسەیان کردووە، کە دروستکەری عەقڵانییەتی ئەم دەوڵەتە و پێناسە کردنی واقعییەتە لە ڕوانگەی ئەو ئەکتەرەیەوە کە بەرژەوەندی و ویستەکان وداخوازییەکانی لە پەیوندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بنیات دەنێت، هەروەها بەرگریکردن لەم ناسنامەیە دەبێتە ئەولەوییەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک کە ئەمەش رەوایەتی بە رەفتارەکانی ئەو دەوڵەتە دەدات و لەوانەیە بە پێچەوانەکەی راست بێت بۆ دەوڵەتێکی تر (رسولی ثانی آبادی، ١٣٩٠: ١١٢).

لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستەکان دژایەتی ناسنامەیی فاکتەری سەرەکی جەنگ و پەشێویە و قەیران و پەشێویش بەرهەمی دروستکراوی ململانێیە ناسنامەییەکانە. بەم هۆیەشەکە هاوکاری وەک پرۆسەیەکی فێربوونی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت، کە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی یەکسان و هاوبەش لە واقعییەت، هەروەها دەبێتە هۆی دووبارە پێناسە کردنەوەی بەرژەوەندییەکان کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ناسنامە بە کۆمەڵەکان، کە دەتوانێت هاوکێشەی ئاسایشی چارەسەر بکات (اسکندریان، ١٣٨٣: ێ١٨٤). ئەلێکساندر ونت، بە رەخنەگرتن لە چوارچێوەی نیوریالیزم یاخود ریالیزمی پێکهاتەگەرا(structural realism)، کەبڕوای وایە دوو فاکتەری کێبرکێ و بەکۆمەڵایەتیبوون لە پەیوەندی نێوان ئەکتەرەکان لە ژێر کاریگەری پێکهاتەی زاڵی سیستەمی نێونەتەوەییدا ئاراستەی رەفتارەکانیان دەکات، کە بە بڕوای کنت والتز، پرۆسەی کێبرکێ بە رێگەی ئامرازەکانی پاداشت و سزا، رەفتاری یەکەکان دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیش بە فۆرم پێدان بە رێساکان و نۆرمەکان و سەرمەشقە رەفتاریەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی رەفتاری هاوشێوە لە نێوان ئەکتەرەکان، بەڵام لێرەوە ئەلێکساندر ونت، بە رەخنە گرتن لەم روانگە تاک رەهەندیە بڕوای وایە کە کاریگەری پێکهاتەی زاڵی مادیانە و ناکۆمەڵایەتی، هیچ شوێنێک بۆ رەفتاری پێچەوانەی پێوەر(نۆرم) و رێساکانی پێکهاتەیی ناهێڵێتەوە، چونکە بە بڕوای کنت والتز، ئەم جۆرە رەفتارانە زۆر خێرا لە رێگەی سزای پێکهاتەییەوە دەسڕدرێتەوە، بەڵام "ئەلێکساندر ونت" دەربارەی پرسی بەکۆمەڵایەتیبوونی "کنت والتز"، بابەتی **هەڵبژاردنی کولتووری** دێنێتە ئاراوە کە پرۆسەی تەقلید و فێربوونی کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت، تەقلید دەبێتە هۆی دووبارە کردنەوەی هەمان رەفتاری بکەری سەرکەوتوو بەڵام فێربوونی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە لەم رێگەیەوە

[13] -kenneth waltz

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بکەرەکان لە کارلێکێکی دوو لایەنە هەم فۆرم بە ناسنامەی خۆیان و هەم ناسنامەی ئەوی تر دەدەن، بەڵام بەپێی هێز و تواناکانیان کاریگەریان لە سەر یەکتر جیاوازە. لە ڕوانگەی ئەلێکساندر ونت، بکەر یاخود ئەکتەرەکان بە پێناسەکردنێکی سەرەتایی لە خۆی دێتە ناو تەعامول و لە سەر بنەمای ئەو ڕۆڵەی کە بۆ خۆی پێناسەی کردووە یان هەیەتی لە هەمبەر ئەوی تردا، دواتر ئەوی تر مانای کردەوەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت و ئەو دوو ڕەفتار یان پەیوەندییەیان دەبێتە هۆی تەفسیر کردنی پێگە و دۆخی نوێ، بەم پێیە بەردەوام دەبن لە ڕەفتار کردن و تەفسیر کردنی دۆخی پێکهاتووی نوێ لە هەمبەر یەکتریدا، تاوەکو بگەنە درک و تێگەیشتنی هاوبەش یان ناسینی هاوبەش لە یەکتری (شوری، ١٣٩٠: ٨٥.٨٦).

تیۆری کۆنستراکتیڤیزم بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە دەتوانێت زۆر گونجاو بێت، بە هۆی ئەوەی کە بەم گریمانەوە دەستپێدەکات کە ئەکتەر و بکەران جیهانی خۆیان دروستدەکەن و سیاسەتی دەرەوەش بواری هەڵبژاردنەکانە و ژینگەیە کە تیایدا بکەرەکان **تەفسیر دەکەن، بڕیار وەردەگرن، رایدەگەیەنن و جێبەجێ** دەکەن، بۆیە **سیاسەتی دەرەوە جۆرێکە لە بنیاتنان و دروستکردن،** واتا بکەران بڕیار دەدەن کە وابن، هەروەها کاریگەری بەها و پێوەر(نۆرم) لە سەر سیاسەتی دەرەوە لە ڕێگەی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە دەبێت، لە هەردوو ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، واتا پێوەرە ناوخۆیی و پێوەرە سەروو نەتەوەییەکان (جوادی ارجمند، ١٣٨٩: ٤٣).

### (١.١٠.٢)- گریمانەکانی کۆنستراکتیڤیزم:

کۆنستراکتیڤیزم بە گشتی لە سەر سێ گریمانەی سەرەکی ڕاوەستاوە کە بریتیین لە :

#### ا- بنیاتنەرایەتی و دروستکراوییەتی ناسنامە:

ناسنامەی بکەرەکان لە ناوەندی تیۆری کۆنستراکتیڤیزمدایە، ناسنامە بریتییە لە تێگەیشتنەکان و چاوەڕوانییەکان دەربارەی (خود) کە تایبەتە بە ڕۆڵ بینین (مشیرزادە، ١٣٨٥: ێ٣٣٢). کۆنستراکتیڤیزم وەک لقێک لە تیۆرییە ڕەخنەگەراییەکان بە خستنەڕووی تێگەیشتنێک لە سیاسەتی ناسنامەیی هەوڵ دەدات چۆنییەتی رۆڵ و کاریگەری **کۆمەڵە نێوان زەینییەکان** وەکو: ناسیونالیزم، ئەتنیک، نەژاد، مەزهەب و پرستیژ لە سیاسەتی دەرەوەدا شیکردنەوەیان بۆ بکات، هەروەها کۆنستراکتیڤیستەکان بڕوایان وایە کە گرنگی بابەتەکانی ناسنامەیی لەوەدایە کە ناسنامە بەشێکە لە پڕۆسەکانی پێکهێنەری وڵاتێک و لە ئەنجامدا ڕەفتارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئاراستە دەکات (کیانی، ١٣٨٦: ١١١).

تیۆرییە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوە واتا عەقڵگەراکان، توانای ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی بنیاتنەری ناسنامەی نەتەوەیی لە پڕۆسەی دروستکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان نییە، بەهۆی ئەوە کە عەقڵگەرایی لە سەر بنەمای تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی دامەزراوە، بۆ نموونە ئەکتەرێک وەک ئێران، بە یەکەیەکی سیاسی خۆویست و بەرژەوەندیخواز و عاقڵ دەزانێت، کە لە سەر بنەمای لێکدانەوەی سوود-زیان، هەوڵی زۆرترکردنی بەرژەوەندی مادی پێشتر دەستنیشانکراوی خۆی دەدات. واتا کۆماری ئیسلامی ئێران بە

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بەرژەوەندی پێشتر دارێژراو دەچێتە ناو تۆری پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکانی تر، بە پێی ئەم ڕوانگەیەوە تەعامولی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی فاکتەرێکی گرنگ لە دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی ئێران نییە و وڵاتان لە جەوهەردا کۆمەڵایەتی نین و بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیان نین و تەنیا ئەکتەرێکی عەقڵمەندن کە پێکهاتەی پەیوەندی نێونەتەوەیی بە مەبەستی زیاترکردنی بەرژەوەندییەکانیان پێکدێنن (آدمی، ١٣٨٩: ١٠٠). بەڵام بە پێچەوانەی ڕەوتی سەرەکی لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا، کە ناسنامەی بکەرەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی بە نەگۆڕ و جێگیر دادەنێت، کۆنستراکتیڤیستەکان لە سەر دروستکراوییەتی ناسنامەی بکەرەکان و ڕۆڵی ناسنامە لە بنیاتنەرایەتی بەرژەوەندییەکان و ڕەفتارەکان جەختدەکەنەوە. یەکێک لە زاناکان بە ناوی ئیمانوئێل ئادلێر[14]، بە جەختکردنەوە لە سەر ناسنامەی دەوڵەتان بڕوای وایە کە گرنگپێدانی دەوڵەتان بە ناسنامە، دەربڕی ئەوەیە کە وەک تاکەکان، دەوڵەتیش لە چوارچێوەی کۆمەڵە بەهاکان و ناسنامەی خۆیدا، جیهان مانادار دەکات و لەم سۆنگەیەوە، ناسنامەی دەوڵەتان، تەوەری سەرەکی پێناسەکردنی ئەوان لە واقعییەت و هەروەها هێز و بەرژەوەندی نەتەوەیی و دۆست و دوژمن و ئاسایش و...هتد، دروستدەکات و لە ئەنجامیشدا دروستکردنی بڕیار و کردەوەکان لە سەر ئەم بنەمایە دروستدەبن.

بە بڕوای کۆنستراکتیڤیستەکان، بنیاتی کۆمەڵایەتی ناسنامەی دەوڵەتان، دەتوانێت لە دوو ئاستی گشتی نۆرم و واتاکانی نێوان-زەینی(intersubjective) ناوخۆیی و هەروەها نۆرم و پێکهاتەی نێودەوڵەتی( international structure)دا، لە دروستبوون و جێگیربوون یاخود گۆڕانکاری ناسنامەییدا ڕۆڵی هەبێت. بە گشتی نۆرم(Norm) یان پێوەرەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بریتییە لە: یاساکانی نێودەوڵەتی، دامەزراوەکان، پرۆسە و ڕەوتە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و...هتد و لە ئاستی ناوخۆییدا وەکو: کولتووری سیاسی، ڕای گشتی، دەستوور، ڕوانگەی حیزبی و...هتد. هەروەها ناسنامەکان هاوکات دەبنە هۆی هەڵبژاردنی عەقڵانی، هەروەها مۆدێل و پێوەرەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیش کاریگەریان لەسەر ناسنامەکاندا هەیە، ناسنامەکان ئەو دەرفەتە بۆ دەوڵەت و نەتەوەکان دەخوڵقێنن کە جیهان مانادار یاخود واتادار بکەن و واقعییەتێک دروستبکەن کە خۆیان و ئەوی تری پێ پێناسە بکەن و سنوورەکانیان دیاری بکەن (پیریا، ١٣٨٧: ٦٥).

لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیزمەوە، ڕەفتارەکان لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و نێوان زەینی مانا پەیدا دەکەن و پێکهاتەکان لە ریزبەندێک لە تێگەیشتن و چاوەڕوانی و ناسینی کۆمەڵایەتی دروستدەکرێن، بۆ نموونە: شەڕی سارد پێکهاتەیەکی نێوان-زەینی بوو کە لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەتان لە دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لەم تێگەیشتن و ناسینەی یەکتری بەشداربوون و کاتێک شەڕی سارد کۆتایی پێهات کە ڕوانگەی ئەم ئەکتەرە سەرەکییانە سەبارەت بە یەکتری گۆڕانی بەسەردا هات (قوام، ١٣٨٤: ٧). بە بڕوای کۆنستراکتیڤیستەکان، ناسنامەی دەوڵەت پرسێکی تاکەکەسی یان تەنیا دەروونناسانە نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکە، کە لە مامەڵەکردن

---

[14] - Adler, Emanuel. (2005), **Communitarian International Relations: the Epistemic Foundations of International Relations**; London – New York: Routledge, Pp.29-62.

لەگەڵ ئەکتەرەکانی تر و بەشداری لە مانا بەکۆمەڵەکان یاخود مانا هاوبەشەکان لەناو جیهانی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت یاخود دەگۆڕدرێت (کرمی، ۱۳۸۳: ۱٦۹).

**ب- پەیوەندی نێوان بکەر و پێکهاتە:**

پەیوەندی نێوان پێکهاتە و بکەر لە بواری کۆمەڵناسیدا سەری هەڵداوە، ئەنتۆنی گیدێنز، پەیوەندی نێوان پێکهاتە و بکەرایەتی شیدەکاتەوە. بە بڕوای گیدێنز هەرشتێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی، لە سیستەمەکانی جیهانی تا بارودۆخی هزری تاک، کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها هەر کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەک لە خۆدەگرێت و هەرپێکهاتەیەکیش پێویستی بە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە بکەرایەتی و پێکهاتە بە شێوەیەکی جیانەکراو لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا تێکئاڵاون (استونز، ۱۳۷۹: ۱٤۳).

کۆنستراکتیڤیزم جەخت لە سەر پێکهاتنی دوو لایەنەی بکەر و پێکهاتە دەکاتەوە و بە پێچەوانەی ریالیستەکان تەنیا لە ڕەهەندی مادیدا کورتی ناکاتەوە و تەنانەت ڕەهەندی مانایی و زمانیش دەداتە پێکهاتە. لەم ڕوانگەیەوە سیستەمی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەیەکە تیایدا بکەرەکان تەعامولیان پێکەوە هەیە و ئەم کارلێککردنانە لە سەر بنەمای یاسا و نۆرم یان پێوەرەکان بەڕێوە دەچێت کە نێوان-زەینییە و ئەم کۆمەڵگەیەش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر تاکەکان و بکەرەکان دروستدەکات و ئاراستەیان دەکات، لە هەمان کاتدا ئەوە کردەوە و ڕەفتاری تاکەکان و بکەرەکانە کە فۆرم بەم کۆمەڵگەیە دەدات و دروستی دەکات و ئەم پێکهاتە پێوەری و ماناییانە بە ڕادەی پێکهاتە مادییەکان لە دروستکردن و ئاڕاستە کردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا کاریگەرن (دهقانی فیروز آبادی، ۱۳۸۸: ٤٥،٤٦). لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستەکانەوە، بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن دوو ڕەهەندی عەینی و زەینین، واتا جگە لەوەی کە خاوەن ڕەهەندی مادین لە درک و تێگەیشتنی بکەرەکانیش بە دوور نین، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوەنییە کە بە هەمان شێوەی بکەرەکانی تر ڕەفتار دەکەن (بیلیس واسمیت، ۱۳۸۳: ٥٤١). ئەم تێگەیشتنە دیالێکتیکییە لە پەیوەندی نێوان پێکهاتە و بکەر لە لایەن بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان باسی لێوە کراوە، وەک (ئانتۆنی گیدنز) کە باس لە چەمکی ستراکچرەیشێن (Structuration) دەکات کە پەیوەندی نێوان پێکهاتە و بکەر بە دیالێکتیکی دەزانێت و بە دوو ڕووی یەک دراویان دەزانێت (عابدی اردکانی، ۱۳۹۰: ۱٥۱).

هەروەها زانایەک بە ناوی باب چسوب، لەم بارەیەوە بڕوای وایە کە پێکهاتەکان و بکەرەکان پەیوەندی ستراتیژیکی و ڕێژەییان پێکەوە هەیە و هیچکام بە تەنیایی واقعییەتیان نییە، لە بەر ئەوەی کە هیچکامیان بە جیا لەیەکتری بوونیان نییە، بەم مانایە کە بە شێوەی ڕێژەیی یەکتری دروستدەکەن و بە شێوەی دیالێکتیکی کار و کارلێک دەکەن و تەنانەت بڕوای وایە کە **پێکهاتە و بکەر** کانزای دراوەکەن (های، ۱۳۸٥: ۲۱۲).

بەم پێیە، ئەو خاڵەی کە ئەلێکساندر ونت لە ریالیستە نوێیەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەلێکساندر ونت بڕوای بە کاریگەری هۆکاریەتی پێکهاتە لە سەر بکەر نییە، بەڵکوو بڕوای بە کاریگەری دوو لایەنەیان هەیە لە سەر یەکتری و خاڵی دووەم ئەوەیە کە سیستەمی نێودەوڵەتی بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت نەک مادی،

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بەم مانایە کە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە سەر بنەمای ناسینی هاوبەشە و ئەو تێگەیشتن و بیروباوەڕ و چاوەڕوانیانە کە دەوڵەتان لە یەکتری هەیانە، واتا نێوان-زەینییە، خاڵی سێیەم؛ ڕۆڵی بونیاد یاخود پێکهاتە لە سەر دروستکردنی ناسنامە و بەرژەوەندی و بە پێچەوانەوەکەشی هەر ڕاستە و خاڵی چوارەم؛ گرنگی بە تەعامول و پرۆسە لە سیستەمی نێونەتەوەیی دەدات کە دەوڵەتان ناسنامەی یەکتری دادەڕێژنەوە و بەم پێیەش ڕەفتار دەکەن، بەڵام ئەو بنەمایەی کە دەوڵەتان گرنگترین ئەکتەرن لە سیستەمی نێونەتەوەییدا قبوڵی دەکات، بەڵام لە سەر ئەم بڕوایەیە کە دەوڵەت-نەتەوە فۆرمی زاڵی بکەرایەتییە لە سیاسەتی هاوچەرخدا (عسکرخانی و منصوری مقدم، ١٣٨٩: ١٩٦).

هەروەها بیرمەندانی بواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرەتای دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو مشتومڕێکی زۆریان لە سەر بابەتەکانی تیۆری و میتۆدۆلۆژیای ناسین لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا هێنا ئاراوە، بەڵام کۆنستراکتیڤیستەکان پێشوازیان لە حەزی بکەر یان بڕیاردەرانی بواری سیاسەتی دەرەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی کرد، بە هۆی ئەوەی کە ئەوان بڕوایان بە جیایی پێکهاتە و بکەر نەبوو. بە گشتی کۆنستراکتیڤیزم لە بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی دا ڕوانگەیەکی ناسنامە-تەوەری بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە هەیە، بەم مانایە کە کۆنستراکتیڤیزم لە جێگەی جەختکردنەوە لە سەر توانای دەوڵەتان یاخود شیکردنەوەی چۆنیەتی دابەشبوونی هێز لە ئاستی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەییدا، جەخت و تەرکیز لەسەر ناسنامەی دەوڵەتان دەکات(Wendt, 2003: p.379).

### ج- ڕۆڵی ناسنامە لە بنیاتنان و دروستکردنی بەرژەوەندییەکان:

کۆنستراکتیڤیستەکان بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی دروستبوونی بەرژەوەندییەکان جەخت لە سەر ناسنامەکانی کۆمەڵایەتی بکەر و ئەکتەرەکان(تاکەکان و دەوڵەتان) دەکەنەوە و لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەرژەوەندی دەرئەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و ناتوانێت بە شێوەی پێش کۆمەڵایەتی قسە لە سەر بەرژەوەندی بکەین، ئەمەش بە پێچەوانەی بڕوای عەقڵگەراکانە کە بە پێی لۆژیکی سوود-زیان و هەڵبژاردنی عەقلانی پێناسەیەکی دیاریکراویان لە بەرژەوەندی هەیە (عابدی اردکانی، ١٣٩٠: ١٥٢).

لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستەکان نۆرم و بەهاکانی نێوان-زەینی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەکانی سیاسەتی دەرەوە و دروستکردنی ناسنامە و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتان دەبینن، بەم مانایە کە بیروباوەڕە هاوبەشەکان و مانا و بەها هاوبەشەکانی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری تێگەیشتنی دەوڵەتێک لە خۆی و لە ژینگەی نێودەوڵەتی دروستدەکات، واتا چۆن وڵاتێک دەڕوانێتە خۆی و جیهانی دەرەوەی، پەیوەندی بەو پێوەر یاخود نۆرم و بەها زاڵانەی کۆمەڵگەکانەوە هەیە و کاریگەری لە سەر سیاسەت داڕێژەران و بڕیار وەرگرانی سیاسەتی دەرەوەشدا دەبێت، بەم واتایە کە دەوڵەتان لە ڕێگەی تەعامولی کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی و بەشداری لەو چەمک و مانا هاوبەشە نێوان زەینیانە ناسنامەی خۆیان پێناسە دەکەن و بە هۆی گۆڕانکاری لە نۆرم و بەها ناسنامەییەکانیان، بەرژەوەندییەکانیان دووبارە پێناسەدەکەنەوە (آدمی، ١٣٨٩: ١٠٢).

هەروەها عەقڵگەراکان، ئەکتەرەکان وەک یەکەی هاوتا و یەکسان دەزانن کە پارێزگاری لە مانەوە و پاراستنی ئاسایش سەرەکیترین ئامانجیانە و هیچ جیاوازیەک لە نێوان وڵاتانی جیاواز بە کولتوور، پێوەر، بەها و ئایدولۆژیا جیاوازەکانیاندا نییە و تەنیا ئەوەی کە لە یەکتری جیایان دەکاتەوە ئاستی توانای سەربازی، ئابووری و تەکنۆلۆژیانە و ئەگەر ناسنامە بریتی بێت لە جیاوازبوون لە ئەوانی تر، ئەوە ئەم تیۆریانە چۆنیەتی بنیاتنان و دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وڵاتێک ناتوانن شیبکەنەوە، چونکە ناسنامەی وڵاتان لەم تیۆرییە عەقڵگەراییانەدا یەکسان و جێگیرە و بەرژەوەندییەکانیشیان ناگۆردرێت و پێشتر دارێژراوە (کیانی، ١٣٨٦: ١٠٩).

ئەلێکساندر ونت، لە کتێبی (تیۆری کۆمەڵایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی)[15] دا، دەربارەی چەمکی ناسنامە بڕوای وایە کە ناسنامە بریتییە لەو شتەی کە شتێک دەکاتە ئەو شتەی کە هەیە و ئەم ناسنامەیە تایبەتمەندییەکە لە بکەری ئامانجداردا، کە دەبێتە هۆی هاندان و پاڵنەری ڕەفتاری بۆی، بەم واتایە کە ناسنامە تایبەتمەندییەکی زەینییە کە ریشەی لە تێگەیشتنی بکەر لە خۆی هەیە و ئەمەش لە سەر ئەوە رادەوەستێت کە ئایا بکەرانی تر(ئەوانی تر) هەمان تێگەیشتنیان لەو بکەرە هەیە یان نا؟ کەواتا نێوان-زەینییە، خود و ئەوی تر. کەوابوو هەردوو پێکهاتەکانی دەروونی و دەرەکی ناسنامە دروستدەکەن (ونت، ١٣٨٦: ٢٣٠. ٢٢٩).

لە لایەکی ترەوە بە پێی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم، ناسنامەکان لە جووڵە و گۆڕاندان و تێگەیشتنی بکەرەکان لە خۆیان و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان دەگۆڕدرێت و بە دروستبوونی ناسنامەی نوێ، بەرژەوەندی نوێش بۆ دەوڵەت دروست دەبێت، بە بڕوای ئەلێکساندرونت، بەرژەوەندی و ناسنامە هەمووکات لە ڕێگەی پرۆسەی تەعامولکردن لەگەڵ یەکتری گۆڕانکاریان بە سەردادێت، جاچ لە ڕێگەی هاوکاری بێت کە گۆڕانکاری لە ناسنامەکان دروستدەکات و دواتریش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بەرژەوەندییەکان و تەنانەت سەروەری وڵاتان یاخود چوون بەرەو ناسنامەی بەکۆمەڵی نوێ بێت (ونت، ١٣٨٦: ٥٣٤). بە گشتی کۆنستراکتیڤیستەکان بڕوایان بە دوو جۆرە ناسنامە بۆ دەوڵەت هەیە: **یەکەمیان، ناسنامەی بەکۆمەڵ. دووەمیان، ناسنامەی کۆمەڵایەتی.** ناسنامەی بەکۆمەڵی دەوڵەت بنەمای مادی هەیە، وەکو: تایبەتمەندی وڵات و جوگرافیا و دانیشتوان و...هتد، لە کاتێکدا ناسنامەی کۆمەڵایەتی، لە تەعامولی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتری دروستدەبێت و دەبێتە هۆی جیاوازی دەوڵەتان لە یەکتری لە سیستەمی نێونەتەوەیی (عطایی و رسولی ثانی آبادی، ١٣٨٩: ٢٢١).

### (٢.١٠.٢)- ڕوانگە جیاوازەکان لە تیۆری کۆنستراکتیڤیزم :

بەشێک لە کۆنستراکتیڤیستەکان بە نوێنەرایەتی ئەلێکساندر ونت، جەخت لە سەر ڕۆڵی پێکهاتەکانی مانایی سیستەمی نێونەتەوەیی، ڕێساکان و نۆرمە نێونەتەوەیەکان لە پێکهێنانی ناسنامەی دەوڵەتان دەکەنەوە. ئەم گروپە کە بە (کۆنستراکتیڤیستەکانی سیستەمی) ناسراون بڕوایان وایە کە لە ژینگەی ئەنارشێکی سیستەمی نێودەوڵەتیدا

[15] - Wendt, Alexander (1999); Social Theory of International Politics, Cambridge, Cambridge University Press.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

هەم هاوکاری و هەم ئەنارشی دەتواندرێت شیبکرێتەوە، بۆیە دەبێت هەر بکەر یان ئەکتەرێک لە پانتای سیستەمی نێودەوڵەتیدا ڕەفتار و سیاسەتەکانی خۆی بە سەرنجپێدان بە پێکهاتە ماناییەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی و ڕێساکان و نۆرم یان پێوەرەکانی سیستەم کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕژێمە نێودەوڵەتییەکاندا دەردەکەوێت، ئەنجام بدات تا نەبێتە هۆی دژایەتی ئەندامانی تری سیستەمی نێونەتەوەیی (مشیرزادە، ١٣٨٧: ٢١٣)

کەسانێک وەک کاتزێنشاین[16]، کە بە (کۆنستراکتیڤیستەکانی ئاستی یەکە) ناسراون، گرنگی بە کاریگەری ڕێساکان و نۆرمەکانی ناوخۆیی لە سەر بنیاتنان و دروستبوونی ناسنامە و بەرژەوەندی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەدەن، واتا ریشەکانی ناوخۆیی پێکهێنانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان شیدەکەنەوە، بەم هۆیەش بڕوایان وایە کە ناسین و دەستنیشان کردنی ڕێسا و نۆرم یان پێوەرەکان لە دەستووری وڵاتان، کولتووری گشتی یاخود کولتووری سیاسی دەردەکەوێت و دەبێت گرنگیان پێبدرێت. (مشیرزادە، ١٣٨٥: ١٧).

کەسانێکی تر وەکو: کراتۆچویل[17] و رۆگی(**Ruggie**)، کە بە (کۆنستراکتیڤیستە گشتگەراکان) دەناسرێن، بڕوایان وایە کە دەبێت گرنگی بە هەر دوو ئاستی ڕێساکان و نۆرم یان پێوەرەکانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بدرێت. لە ڕوانگەی ریالیزمی نوێ، نۆرم یان پێوەر و بەهاکان تا ئەوڕادەیە لە سەر ڕەفتاری ئەکتەرەکان کاریگەریان هەیە کە قبوڵکراوبن و لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیان دابێت و لە لایەن ئەکتەرە بەهێزەکانەوە جێبەجێ بکرێن واتا ئەوە خودی بەها و نۆرم یان پێوەرەکان نین کە کاریگەری لە سەر ڕەفتار دادەنێن بەڵکوو هێزی پشت ئەم بەهایانەیە، بەڵام لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستەکانەوە نۆرم و بەهاکان ڕەوایەتی دەدەنە بەرژەوەندی و ئامانجی ئەکتەرەکان و هەروەها بەرژەوەندییەکانیان پێناسە دەکەن (اسکندریان، ١٣٨٣: ١٨٢).

بەشێوەیەکی گشتی، کۆنستراکتیڤیزم نیشاندەدات کە دەوڵەتان جگە لە پاراستنی ئاسایشی مادی خۆیان بەدوای ئاسایشی ناسنامەیی خۆیانن و لێرەوە چەمکی (ئاسایشی ناسنامەیی)، دەتوانێت ململانێی نێوان دەوڵەتان ڕوون بکاتەوە، لە لایەکی ترەوە بە هەر ڕێژەیەک ئاستی گونجانی نێوان ڕێساکان و نۆرم یان پێوەرەکانی ناوخۆیی دەوڵەتان لەگەڵ ڕێساکان و نۆرم یان پێوەرە نێودەوڵەتییەکان زیاتر بێت، باشتردەکرێت ڕەفتار و سیاسەتی دەرەوەیان پێشبینی بکرێت، بەڵام بە پێچەوانەکەی کێشە بۆ پێشبینی ڕەفتاری دەرەوەی دەوڵەتان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و لە کاردانەوەیان لە هەمبەر دەوڵەتانی تر ڕوودەدات (هادیان، ١٣٨٢: ٦٩). لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستەکان، دەوڵەتێک لەوانەیە ناسنامەی جیاجیای هەبێت و لە سەر بنەمای هەر ناسنامەیەک، بەرژەوەندی و ڕەفتارێکی تایبەتی هەبێت، ئەلێکساندر ونت پەیوەندی نێوان ناسنامە و بەرژەوەندی لە ڕێگەی

---

[16] - Peter **Katzenstein**

[17] - Friedrich, Kratochwil (1989); Rules, Norms and Decisions, On the Conditions of Practical and Legal Reasoning in International Relations and Domestic Society, Cambridge, England: Cambridge University Press.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

چەمکی **(ڕۆڵ)**[18] شیدەکاتەوە و بڕوای وایە کە ئەو ڕۆڵانەی کە دەوڵەت لە ئەستۆی دەگرێت، دەوڵەتان بەرەو کۆمەڵە ڕەفتار و کردەوەیەک ئاراستە دەکات کە لەگەڵ ئەم ڕۆڵانەدا هەماهەنگ و گونجاو بێت. ئەم ڕۆڵانە لە سەر چۆنیەتی دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی دەرەوە و ڕەفتاری دەرەکی دەوڵەتان کاریگەری هەیە (کرمی، ١٣٨٣: ٣٠).

"ئەلێکساندر ونت" جگە لە بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان وەکو: مانەوەی فیزیکی(ژیان)، سەربەخۆیی(ئازادی) و خۆشگوزەرانی ئابووری (خاوەنداریەتی)، ڕێزگرتن لە خودی بەکۆمەڵ، وەک بەرژەوەندی نەتەوەیی دەستنیشان دەکات، کە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت و حورمەتی بپارێزرێت (جوادی ارجمند، ١٣٨٩: ٤٤). لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستیەوە، پاڕادایمە هزرییەکان فاکتەری دەستنیشانکەری سیاسەتی دەرەوەن و ئەم پرسە لە ڕێگەی دانانی بابەتی **ناسنامەی سیستەمی سیاسی** لە ناوەندی شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەدا دەبێت و بەم پێیە بکەرەکان بە پێی ناسنامە و ئەو ڕۆڵانەی کە بۆ خۆیانیان پێناسە کردووە یاخود پێیان دراوە، ڕەفتار دەکەن و بڕیار وەردەگرن (آقایی و رسولی، ١٣٨٨: ٩) .

لە ڕوانگەی مەعریفە ناسیەوە[19]، کۆنستراکتیڤیزم، توانای گەیشتن بە حەقیقەتی عەینی، گەوهەری و لە پێشتر دیاریکراو، ڕەتدەکاتەوە و ئەگەری ناسینی سەربەخۆ، گشتی و ئازاد لە بەهاکان و هەروەها سەربەخۆبوونی عەین لە زەین ڕەتدەکاتەوە و بڕوای وایە کە جیهان لە ناوخۆی خۆماندا دروستدەکرێت و ناسینیش لە ڕێگەی بەشداری چالاکانە لە جیهاندا دروستدەبێت، هەروەها ئاشارشی بابەتێکە کە دەوڵەتان بەم شێوەیە تێیدەگەن، هەروەها ئەو ڕۆڵەی کە دەوڵەتان لە پێناسە کردنی ناسنامە و بەرژەوەندی لە چوارچێوەی دۆست و دوژمندا دەیبینن و ئەو تەعامولەی کە لە نێوان دەوڵەتان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەیکەن، مانای سیادە(سەروەری) دەگۆڕێت (عابدی اردکانی، ١٣٩٠: ١٥٤).

لەم سۆنگەیەوە، کۆنستراکتیڤیستەکان بڕوایان وایە کە مرۆڤ بە ماناپێدان بە خۆی، کردەوەکانی خۆی مانادار یان واتادار دەکات و لەم پرۆسەیەی مانا پەیدا کردن و ماناپێداندا، خۆی و ئەوی تر پێناسە دەکات، لێرەوە ناسنامە وەک سەرچاوەیەکی مانا و ئەزموون بۆ مرۆڤ، تایبەتمەندی پەیوەندیکەرایەتی و کۆمەڵایەتی هەیە کە سنوورەکانی خود و ئەوی تر نیشاندەدات، ئەم سنووربەندییە شێوەی تەعامول لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات. ناسنامە بە تەعامول لەگەڵ بکەری تر دروست دەکرێت و ناسنامەی دەوڵەت یاخود ناسنامەی نەتەوەیی لە سەر بنەمای پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوەکانی تر دروستدەکرێت. هەر دەوڵەت و نەتەوەییەک ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی هەیە کە لەم ڕێگەیەوە ئەو تاکانە یان گروپ و نەتەوانە تێگەیشتنیان لە خۆیان بنیات دەنێن، لێرەوە ئەگەر ئەم ناسنامەیە لە سەر جیاوازی قووڵی نۆرم و بەهاکان و دژایەتی و ناکۆکی

---

[18] - Role

[19] - Epistemology

لەگەڵ ئەوی تر بێت، ئەوە بەردەوام هەڕەشە و ململانێ و ئەگەری جەنگ هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم ناسنامەیە لە سەر وێکچوون و تێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ئەوی تر بێت ئەوە تارمایی شەڕ دەرەوێتەوە (مشیرزاده وصلواتی، ١٣٩٢: ٨١) .

بە گشتی کۆنستراکتیڤیستە سەروو نەتەوەییەکان گرنگی بە کاریگەری نۆرم یان پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگەی جیهانی دەدەن کە قبوڵ کراون، وەکو: یاسای نێودەوڵەتی، بەڵگەنامە و ڕێسا و یاسایەکانی ڕێکخراوەکان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و...هتد، بەڵام کۆنستراکتیڤیستە کۆمەڵایەتییەکان، جەخت لە سەر گرنگی نۆرم یان پێوەرەکانی ناوخۆیی قبوڵ کراوی کۆمەڵگە دەکەنەوە و بڕوایان وایە کە بڕیاروەرگرانی سیاسەتی دەرەوە دەیانەوێت بگەنە قۆناغێک کە سیستەمی نێودەوڵەتی بەپێی هەمان بەها و بنەمایانە کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆیاندا هەیە دروستبکرێت، بەم واتایە کە سیستەم و ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لە سەر بنەمای نۆرم یان پێوەرە ناوخۆییەکانیان بێت (اسکندریان، ١٣٨٣: ١٠٣) .

**(٢-٣)- پێکهاتە(Structure) و بکەر(Agent) لە سیاسەتی دەرەوەدا:**

شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی پرۆسەکان لە چەند ئاستێکدا، کە ئامانجی حکومەتەکان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتر لە خۆدەگرێت. لە ڕوانگەی تیۆری کۆنستراکتیڤیسم، سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتی نییە تەنیا لە تەعامول و ڕەفتاری عەقڵانی لە چوارچێوەیەکی مادی و دامەزراوەیی لە ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا (قوام، ١٣٨٤: ٥). هەریەکە لە ڕوانگەکانی مادیگەرا و ماناگەرا یاخود بکەرایەتی و پێکهاتەگەرا، بە هۆی ئەوەی کە تەنیا گرنگی بە یەک یان دوو ڕەگەز وەک فاکتەری سەرەکی دیاریکەری ڕەفتار لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی دەدەن، ڕەگەزەکانی تر فەرامۆش دەکەن و ناتوانن شیکردنەوەی دروست لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا بکەن بە هۆی ئەوەی کە مادیگەراکان ڕەگەزە مانایەکان پشتگوێ دەخەن و ڕوانگە ماناگەراکان گرنگی بە ڕەگەزە مادییەکان نادەن و ڕوانگەکانی بکەرایەتی یان ئەکتەر-تەوەر تەنیا گرنگی بە دەوڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو بکەرە دەدەن. هەروەها ڕوانگەی پێکهاتەگەرایی گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان تەنیا لە سەر بنەمای پێکهاتە و ڕەهەند و ڕەگەزەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی شیدەکەنەوە (سیف زادە، ١٣٧٦: ١٣٢).

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو تیۆریانەی کە سیستەمی نێودەوڵەتی لە سەر بنەمای توانایەکانی مادی شیدەکەنەوە، لە ڕوانگەکانی ماناتەوەرەدا ئەوەی کە گرنگی تایبەتی هەیە فاکتەری نامادی یان مانایەکانە، کەوابوو سیستەمی نێودەوڵەتی وەک سیستەمی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت و ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە دروستدەکات، زیاتر فاکتەری زمانی، مانایی، نۆرم یان پێوەرەکان و ڕێساکانن. قوتابخانەی ئینگلیزی و کۆنستراکتیڤیسم دوو نموونەی ئەم جۆرە تیۆریانەن. کۆنستراکتیڤیستەکان پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەک بینایەکی کۆمەڵایەتی پێناسەدەکەن و گرنگی بە فاکتەرەکانی مانایی وەکو: کولتوور، نۆرم یان پێوەر و بەهاکان دەدەن و ڕێگە بە بکەر

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

دەدەن کە کردەوەی دووبارە هزراندن و خولقاندنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سنوورە پێکهاتەییەکاندا ئەنجام بدات (سلیمی، ١٣٨٤: ٢٣٤).

لە سەر دەستنیشان کردنی ڕەگەزەکانی پێکهاتە و بکەرایەتی، لە نێوان تیۆریسییەنەکاندا جیاوازی هەیە و هەر کامەیان لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە دەڕواننێتە ئەم بابەتە، مادیگەراکان تەنیا گرنگی بە فاکتەری مادی سیستەمی نێونەتەوەیی دەدەن و لە فاکتەر و ڕەگەزەکانی واتایی خۆلادەدەن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە سیستەمی نێودەوڵەتی بە گشتی لە فاکتەرەکانی مادی دروستبووە و لە ئەنجامیشدا هێز و بەرژەوەندی مادی و چۆنیەتی دابەشکردنی لە ناو سیستەمدا گرنگی هەیە. دەتوانین ریالیستەکان و نیوریالیستەکان و مارکسیستەکان و تەنانەت نیولیبرالیستەکانیش نوێنەری ئەم ڕوانگەیە بزانین، هەروەکو چۆن کنت والتز، بڕوای وایە کە پێکهاتە(**Structure**) لە ڕێگەی ڕێساکانی فەرمان پێکەری سیستەمی نێودەوڵەتی، واتا ئانارشی، ئاژاوە و پەشێوی و دابەشکردنی تواناکان، لە نێوان یەکەکاندا پێناسە دەکرێت و جیاوازییەک لە نێوان ڕەفتاری یەکە جیاوازەکاندا نییە (آقامحمدی، ١٣٩٠: ١٥). ئەمەش وادەکات کە لە هەرکام لە پێکهاتەکانی جیاوازی تاک جەمسەری و دوو جەمسەری و فرەجەمسەری و...هتد، شێواز و ڕێسای ڕەفتاری تایبەت زاڵ بێت کە بەربەست و سنوورەکانی ڕەفتاری پێکدێنن (بیلیس، ١٣٨٣: ٤١٧) .

نیکۆلاس ئۆنف وەک زانایەک لەم بوارەدا، گرنگی بە دروستکردنی دوو لایەنەی بە بێ سەرەتا و کۆتایی پێکهاتە و بکەر دەدات و دەڵێت: ((تاکەکان کۆمەڵگەکانیان لە ڕێگەی کردەوەکانیان دروستدەکەن و کۆمەڵگەکانیش تاکەکان لە ڕێگەی تێگەیشتن لە خۆیان و ئەوانی تر دروستدەکەنەوە)) (ونت، ١٣٨٦: ٢٦٦). بیرمەندێک بە ناوی(کلین وایت)، بڕوای وایە کە پێکهاتە و بکەر لە ڕێگەی چالاکی کۆمەڵایەتی گرێدراوی یەکترن، بەڵام لە هەمان کاتدا بکەرەکان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نین و ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ڕەهەندی بوونناسانە و شیکردنەوەوە، جیاوازیان لە نێواندا بکەین (مشیرزاده، ١٣٨٥: ٣٣١) .

لە ڕوانگەی ئەلێکساندرونتەوە، لە بەرامبەر تێگەیشتنی تاک لایەنەی بکەر-تەوەر یان پێکهاتە-تەوەر دا، ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستی گرنگی بە یەکێکیان لە سەر حیسابی ئەوی تر نادات، بەڵکوو تەعامولی نێوان هەردووکیان بەرجەستە دەکات و دەڵێت: ((ئەوە تاکەکان و دەوڵەتەکانن کە پێکهاتە دروستدەکەن، بەڵام خۆیانیش لە ڕێگەی پێکهاتەوە دروستدەکرێن))، واتا پەیوەندی و کاریگەری دوولایەنە، هەروەها بە بڕوای ئەلێکساندر ونت، مرۆڤەکان و ڕێکخراوەکانیان، بکەرێکی ئامانجدارن، کە کردەوەکانیان دەبێتە هۆی دووبارە بەرهەم هێنانەوە یان گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و خودی کۆمەڵگەش لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستکراوە کە پێکهاتەی ئەو هەڵسوکەوتەی نێوانیان دروستدەکات (ونت، ١٣٨٦: ٢٦٦). هەروەها بە بڕوای ئۆنف، ڕێسا و نۆرم یان پێوەر و بەهاکان و دامەزراوەکان بە هۆی فۆرم پێدان بە ناسنامە و مانای هاوبەش لە نێوان ئەندامانداا لە گرنگترین ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین (بیلیس، ١٣٨٣: ٩٥).

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

هەروەها ڕوانگەکانی بکەر-تەوەر لە شیکردنەوەی ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا لە سەر فاکتەر و ڕەگەزەکانی ناوخۆیی جەخت دەکەنەوە، وەک تیۆریسیەنەکانی دروستکردنی بڕیار و هەڵبژاردنی عەقڵانی (مشیرزادە، ١٣٨٥: ٢١٧). لە لایەکی ترەوە قوتابخانەی ئینگلیزی جەخت لە سەرگرنگی دامەزراوەکان، ڕێساکان و فاکتەرە مانایەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەکاتەوە، بۆ نموونە لە ڕوانگەی هێدلی بوڵ(Hedley Bull)، کۆمەڵگەی دەوڵەتان یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێک دەردەکەوێت کە گرووپێک لە دەوڵەتان بە ئاگایی لە بەرژەوەندی و بەها هاوبەشەکان، هەستن بە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەک و بڕوایان وابێت کە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتری و چالاکییەکانی دامەزراوە هاوبەشەکانیان، پەیڕەوی لە ڕێسا هاوبەشەکانیان دەکەن (آقامحمدی، ١٣٩٠: ١٦) .

لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە سیستەمی نێونەتەوەیی بە ڕەچاوکردنی ئەو سەرچاوە گرنگانەی کە دەوڵەتەکان هەیانە، پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان لە سەر بنەمای هێزی ئابووری پۆلین دەکەن، هەروەها ئیمانوئێل والێرشتاین، پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی بە سەرمایەداری دەزانێت کە سەرووتر لە سنووری جوگرافیایی، سیاسی و ئابووریەکانە، کە وادەکات وڵاتان بە سەر ناوەند، نیوە پەراوێز و پەراوێزدا دابەشبن (حسینی اسفید واجانی، ١٣٨٤: ١١٦). هەروەها نیولیبراڵەکان سیتسەمی نێودەڵەتی بە ئاڵۆز و پڕ لە ئاژاوە دەزانن کە دەوڵەتەکانیش بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندان، بەڵام بە پێچەوانەی نیوریالیستەکان کاریگەری تەعامولی نێوان ئەکتەرەکان بە ئەرێنی دەزانن (دهقانی، ١٣٨٤: ٤١) .

بە شێوەی گشتی شیکردنەوەی پێکهاتە - بکەر لە سیاسەتی دەرەوەدا، جێگەی سەرنجی کۆمەڵێک نووسەر و توێژەر بووە، یەکێک لەم توێژینەوانە بەرهەمی زانایەکە بە ناوی کریستۆفێر هیل(**Christopher Hill**)، لە کتێبی (The Changing Politics of Foreign Policy)، لەم کتێبەدا نووسەر گرنگی بە شیکردنەوە و خوێندنەوەی پرسی تەعامول لە نێوان فاکتەرەکانی دەرەکی و ناوخۆیی دەدات لە ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەدا. کریستۆفێرهیل بڕوای وایە کە سیاسەتی دەرەوە دەرئەنجامی کار و کارلێکی نێوان سیستەمی نێونەتەوەیی و ئەکتەرەکانی تری ناوخۆی ئەو سیستەمەیە بە هەموو تایبەتمەندیەکانیانەوە .

پاش خستنەڕووی ئەم ڕوانگە و تیۆریە جیاوازانە بۆ سیاسەتی دەرەوە، لەم وانەیەدا هەوڵ دەدەین کە بە پێی تیۆر یان ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیزم شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین. بە واتایەکی تر، بە کەڵک وەرگرتن لە چوارچێوەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم، هەوڵ دەدەین کە کاریگەری ناسنامە و سیستەمە سیاسییەکەی ئێران لە سەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بخەینەڕوو.

# سیستەمی سیاسی و پێکهاتەی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران

به پێی سیستەمی فەرمی و یاسایی لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی(مجلس شورای اسلامی)، (٢٩٠) ئەندامی هەیە(٢٨٥+ ١ نوێنەری زەردەشتیەکان و ١ نوێنەری کەلیمییەکان و ١ نوێنەری کلد و ئاشورییەکان و ١ نوێنەری ئەرمەنییەکانی باکوری ئێران و ١ نوێنەری ئەرمەنییەکانی باشوری ئێران). سەرۆک کۆمار(ریاست جمهوری)، هەرچوار ساڵ جارێک لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و نۆزدە وەزارەت لە ئێراندا هەیە، کە ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی متمانەیان پێدەدات. هەروەها هەشتاوهەشت کەسی (موجتەهید) بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەریی(مجلس خبرگان رهبری) کە کاریان هەڵبژاردن و چاودێری ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە و ڕێبەریش سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و فەرماندە باڵاکانی هێزە چەکدارەکانیش دەستنیشان دەکات. شورای پاراستنی دەستور (شورای نگهبان)کە١٢ ئەندامی هەیە، بەرپرسیارەتی دەستنیشان کردنی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان و هەروەها چاودێری یاساکانی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی دەکات لە ڕووی دەستور و بنەماکانی ئیسلامەوە و هەروەها چاودێری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری دەکات، کە ئەوانیش لە لایەن ڕێبەرەوە دادەندرێن. هەروەها کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی سیستەم(مجمع تشخیص مصلحت نظام)، بە پێی دەستوری هەموار کراوی ساڵی (١٩٨٩) دامەزرا و چل و شەش ئەندامەکەی(٣٥ کەسایەتی حەقیقی+ ٣ سەرۆکی کۆمار و پەرلەمان و دادوەری+ ٦ فەقیهی شورای پاراستنی دەستوور+سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران+سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی) لە لایەن ڕێبەرەوە دادەندرێت کە ناکۆکیەکانی نێوان ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی و شورای پاراستنی دەستور و هەروەها ڕاوێژپێدان بە ڕێبەر و دانانی سیاسەتە گشتییەکان لە بەرپرسیاریەتی ئەم کۆمەڵەیە دایە. هەروەها ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی" شورای عالی امنیت ملی "، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پاش پەسندکردنی ڕێبەر، لە ڕووی سیاسی و ئاسایشی و سەربازی دادەڕێژێت.

سیستەمی حوکمرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێی دەستور، کۆماری و ئیسلامییە و لە سەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراوە:

١. ئیمان بە خوای تاقانە و بە تاقانە زانینی لە حوکمرانی و یاسادانان و ڕازیبوون بە ڕەزای ئەو خوا تاقانەیە

٢. باوەڕ بە وەحی خوا و ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی یاساکاندا.

٣. باوەڕ بە ڕۆژی دوایی و ئەو ڕۆڵەی کە لە ڕێبازی مرۆڤایەتیدا، لە کامڵ بوون بەرەو خوا هەیەتی.

٤. باوەڕبوون بە دادپەروەری خوا لە دروستکردن و دانانی یاساکان.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

٥. باوەڕ بە ئیمامەت و ڕێبەری بەردەوامی و ڕۆڵی سەرەکی لە درێژە پێدانی شۆڕشی ئیسلامی.

٦. باوەڕ بە کەرامەت و بەهای بەرزی مرۆڤ و ئازادبوونی بە ڕەچاوکردنی بەرپرسیارەتیی مرۆڤ بەرامبەر بە خوا (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩).

**(١)- دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران:**

دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، دەربارەی سیاسەتی دەرەوە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە چەند مادە و بڕگەدا ئاماژەی پێداوە، وەکو: بڕگەی(ج) مادەی دووەم، بڕگەکانی (٥، ١٦) مادەی سێیەم، مادەی (٨٢) ، بڕگەی (٥) لە مادەی (١١٠)، مادەی (١٢٥)، مادەی (١٢٨)، مادەی (١٣٩)، مادەی (١٤٥)، مادەی (١٤٦) و بڕگەکانی (١، ٢) لە مادەی (١٧٧) (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموار کراوی ساڵی ١٩٨٩). هەروەها لە بڕگەی (ج) لە مادەی (٢)دا، هەرچەشنە چەوساندنەوە و زوڵملێکردن، ملهۆڕیکردن و قبوڵی چوونە ژێردەسەڵات، ڕەتدەکاتەوە و دادپەروەریخوازی و سەربەخۆیی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری و یەکیتی نەتەوەیی بە بنەماکانی بڕوایی کۆماری ئیسلامی دەزانێت. مادەی (٣) لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، حکومەت بە بەرپرسیار دەزانێت و ڕایدەسپێرێت تا هەموو تواناکانی خۆی بۆ گەیشتن بە ڕادەی بەرزی هێزی تەواوی بەرگری نەتەوەیی لە ڕێگەی پەروەردەی سەربازی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاک و سیستەمی ئیسلامی وڵات، بەکاربێنێت. لە بڕگەی (١٦) لە مادەی سێیەم، ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لە سەر بنەمای پێوەرەکانی ئیسلامی، بەرپرسیاریەتی برایانە لە هەمبەر هەموو موسوڵمانان و پاڵپشتی و پشتیوانی بێوچان لە زوڵملێکراوانی هەموو جیهان بە ئەرکی دەوڵەت دەزانێت (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩).

**(٢)- ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران:**

ڕێبەر یان (وەلی فەقیە) لە کۆماری ئیسلامی بە پێی دەستور، بەرزترین دەسەڵاتە و لە مادەی (١١٠) لە دەستور دا، بەم شێوەیە دەسەڵاتەکانی باسکراوە:

١. سەرپەرشتیکردنی باش بەڕێوەچوونی سیاسەتە گشتییەکانی وڵات.

٢.دیاری کردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم.

٣.ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی.

٤.ڕێگەدان بە ئەنجامدانی ڕاپرسی (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموار کراوی ساڵی ١٩٨٩). هەروەها لە ساڵی (١٩٨٢) دا لە هەموار کردنێکی دەستوری، وشەی (رەها) خرایە پاڵ ولایەتی فەقیە (ولایت مطلقه فقیه) کە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری بێ سنوور و بەرفراوان کرد. بە شێوەیەکی گشتی بڕیارە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەر ولاتێک لە ڕێگەی بالاترین بەرپرسی جێبەجێ کردن وەردەگیرێت، وەکو: سەرۆک کۆمار، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کابینە و...هتد . بەلام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی بە هۆی پێگە ئایینی و سیاسی و یاساییەکەی ئەم ڕۆڵە سەرەکییە دەبینێت.

**(٣)- ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری:**

ئەم ئەنجومەنە بە پێی دەستور ئەرکی دیاریکردن وچاودێری کردنی ڕێبەری لە ئەستۆدایە، ئەم ئەنجومەنە لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی بۆ پێداچوونەوە بە دەستوری کۆماری ئیسلامی دامەزرا، کە لە (٨٨) مەلا پێکدێت، کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ ماوەی هەشت ساڵ هەڵدەبژێردرێن و دەبێت شارەزا بن لە فیقهی ئیسلامی(شیعی) دا، ئەم ئەنجومەنە بە پێی دەستور دەسەڵاتی لابردنی ڕێبەری هەیە، ئەگەر لە کارەکانی سەرکەوتوو نەبوو یان پێشێلی دەستووری کرد، هەروەها ئەرک و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە و دەسەڵاتەکانیان لە مادەکانی (١٠٧، ١٠٩، ١١١)ی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتووە .

**(٤)- شورای پاراستنی دەستور:**

بە پێی مادەکانی (٩١، ٩٤، ٩٧، ٩٩)ی دەستور، ئەم شورایە لە دوازدە کەس پێکدێت کە شەشیان لە فەقیهەکانن (مەلا) و بۆ ماوەی شەش ساڵ لە لایەن ڕێبەرەوە دادەندرێن و شەش کەسی تریان کە پسپۆڕ و شارەزای بواری دەستور و یاسادانان بە پێشنیازی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری کە لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند دەکرێت دادەندرێن، واتا ڕێبەر ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە دامەزراندنیان هەیە. ئەم شورایە، چاودێری کاروبار و بڕیارەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی دەکات کە ئەو بڕیار و یاسایانەی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بە پێچەوانە

یان دژی بنەما و حوکمەکانی ئیسلام و مەزهەبی شیعە و دەستوری کۆماری ئیسلامی نەبن و ئەگەر بە بڕوای ئەم شورایە وابوو، ئەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بۆ پێداچوونەوە و هەموارکردنی، بەم مانایە کە ئەم شورایە باڵاترین دەسەڵاتە بۆ ڕاڤە کردنی دەستوری کۆماری ئیسلامی، هەروەها لە مادەی (٩٩)ی دەستووردا، ئەم شورایە ئەرکی سەرپەرەشتی و چاودێری کردنی ڕاپرسی گشتی و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری و سەرۆکایەتی کۆمار و بە گشتی هەموو هەڵبژاردنەکانی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، هەروەها ئەم شورایە سەلاحیەتی پاڵێوراوان پێش هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩). بەم پێیەش نفووز، ڕۆڵ، گرنگی پێگە و دەسەڵاتی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی، زۆر بە ئاشکرا و بە ڕوونی لە سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەردەکەوێت.

**(٥)- ئەنجومەنی شورای ئیسلامی:**

لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا، دەسەڵاتی یاسادانان، پێگەیەکی بەرزی هەیە کە هەم چاودێری پێکهاتەی هێز دەکات و هەم یاسا دادەنێت، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەدا ئەو پێگە بەهێزەی لە کردەوەدا نییە، بەڵکوو تەنیا دەتوانێت متمانە بدات بە وەزیری دەرەوە یان پرسیاری لێبکات یان متمانە لە ئەو و سەرۆک کۆمار وەربگرێتەوە. هەروەها لە پرسی پەسندکردنی بودجەی وەزارەتی دەرەوەدا دەتوانێت کاریگەری هەبێت، هەرچەندە بە پێی دەستور دەتوانێت پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان پەسند یان ڕەتبکاتەوە، بەڵام لە کردەوەدا بەم شێوەیە نییە و سیاسەتی دەرەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەتە باڵاکانەوە، ئەوە ناوەندی باڵای تر، کاریگەریان هەیە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا و تەنانەت لە دەستنیشان کردنی وەزیری دەرەوەدا، سەرۆک کۆماریش دەبێت ڕەزامەندی یان ڕای وەربگرێت. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە لایەک ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بوونی هەیە، کە بە هۆی ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەی هەیەتی کە بریتییە لە: دیاریکردنی سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی وڵات، هەماهەنگی هەموو چالاکییەکانی سیاسی، هەواڵگری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکارەکانی بەرگری و ئاسایش و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکانی وڵات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. بۆیە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتێکی سیاسی و ئاسایشی بەرزی هەیە، بە تایبەت کە بڕیارەکانی لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند دەکرێن و هەموو دامەزراوەکان لە وڵات دەبێت جێبەجێی بکەن.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لە لایەکی ترەوە، دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری هیچ جۆرە چاودێری و بەدواداچوونێکیان بۆ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و بڕیارەکانی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتەکانی تر دەبێت بە پێی ئەم بڕیارانەی ئەنجومەنەکە کار بکەن، بەم مانایە کە پاش پەسندی ڕێبەری، بڕیارەکانی دەسەلاتەکانی تر بە تایبەت جێبەجێ کردن و یاسادانان لە ژێر کاریگەری بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییدایە. ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، لێژنەی کاروباری دەرەوەی هەیە کە خوێندنەوە بۆ سیاسەتی جیهانی وپەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات لەگەڵ دەوڵەت و لایەن و گەلانی دیکە، ئەم لێژنەیە هەندێ جار پرسیار لە وەزارەتی دەرەوە دەکات لە هەمبەر کاروبارە دەرەکییەکان و داوای ڕوون کردنەوەی لێدەکات.

**بە گشتی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، دەسەڵاتی یاسادانان دەربارەی ڕۆڵ بینین و شوێندانەری لە سەر سیاسەتی دەرەوەدا، بە سێ شێوە لە ژێر کاریگەری ناوەندەکانی تر دایە:**

١ -کاریگەری یاسایی : بەم مانایە کە دامەزراوەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، کە بڕیارەکانی لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند دەکرێت، بە شێوەی ئاشکرا و یاسایی کاریگەری لە سەر ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا هەیە بە پێی مادەی (٥٧، ١١٠)ی دەستور، لێرەوە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی پێگەیەکی باڵاتری لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی هەیە.

٢ -کاریگەری ناڕاستەوخۆ : بەم مانایە کە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ژێر هێژمونی ناوەڕۆکی سیاسەتە گشتییەکانی سیستەمدایە، کە لە لایەن کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم دیاریدەکرێت، چونکە بڕیارەکانی ئەم دامەزراوەیە لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند دەکرێت و بۆیە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی دەبێت ئەم بڕیارانە لە بواری یاساداناندا ڕەچاو بکات.

٣ -کاریگەری پسپۆڕی و کردەیی : بەم مانایە کە هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان بەرابەرن، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزی و پسپۆڕی ئەرکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن وادەکات کە لە کردەوەدا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە سەروو دەسەڵاتی یاسادانانەوە بێت. لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە پێی مادەی (٧٧)ی دەستور، دەکرێت ڕۆڵی فەرمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەدا بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

ا- چاودێری ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بە سەر رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان.

ب- یاسادانان لە بواری سیاسەتی دەرەوە.

پ- رۆڵی لێژنەی سیاسەتی دەرەوە.

### (٦)- کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی سیستەم:

کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی سیستەم لە ئێران، سیاسەتە گشتییەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاریدەکات، بەم مانایە ئەم سیاسەتانە ئامانجە باڵاکان بۆ چەمکی کردەیی و جێبەجێ کردن نزیک دەکاتەوە و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت، دەسەڵاتەکانی دادوەری، جێبەجێ کردن، یاسادانان، هێزە چەکدارەکان و راگەیاندن و...هتد، دەبێت جێبەجێی بکەن، واتا کۆمەڵەکە وەک باسکی راوێژکاری رێبەری لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا کار دەکات. بە لێوردبوونەوە لە مادەی (١١٠) لە دەستوری ئێران، دەردەکەوێت کە دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکان لە لایەن کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی سیستەم جۆرێک زیاد کردنی دەسەڵاتەکانی رێبەر بووە، چونکە کۆمەڵەکە وەک باسکێکی بەهێزی رێبەری لە دوو بواری سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا، هەژمار دەکرێت.

ئیمرۆ لە کردەوەدا دەبینرێت کە کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی سیستەم، بە پاڵپشتی بنەمای دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکان و لە لایەکی ترەوە بە پاڵپشتی جەختکردنەوە لە سەر بەرژەوەندی سیستەم بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و شورای پاراستنی دەستور، دەبێتە هۆی کەمترکردنەوەی هێزی یاسادانان لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، بۆ نموونە: کاتێک کە سیاسەتی گشتی گەشەپێدان و پەرەسەندن دادەرێژرێت، ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ناتوانێت دژی راوەستێت یاخود بۆ نموونە لە کاتی بە ئەندامبوونی ئێران لە دامەزراوە یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان دروستکردنی پەیوەندی و برینی پەیوەندی لەگەڵ لایەنێک، بە هۆی ئەوەی کە سیاسەتە گشتییەکان پەسندکراوی رێبەرین، شورای پاراستنی دەستوریش ناتوانێت رەتی بکاتەوە و بڵێت ئەوە بە پێچەوانەی دەستور و بنەماکانی ئیسلامە، کە لە راستیدا ئەوەش رۆڵ و پێگەی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران نیشاندەدات.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بەم پێیە چەمکی دەستنیشان کردن و دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی سیستەم دەتوانێت فاکتەرێکی سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێ کردن و یاسادانان بێت و جۆرێک لە بەرفراوانتربوونی دەسەڵات بۆ رێبەری شورش بێت کە لە رێگەی کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی سیستەم ئەنجام دەدرێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین لە سەرەتای شۆرشی ئیسلامی ئێراندا نەبوونی دامەزراوەی سیاسەت دانانی پسپۆر و پیشەیی لە هەموو بوارەکانی ناوخۆ و دەرەکیدا، بووە هۆی ئەوەی کە لە پێداچوونەوەی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، دامەزراوەیەک دابمەزرێت کە سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری ناوخۆ و دەرەکی دابرێژێت یاخود رێبەری راوێژیان پێبکات، هەرچەندە کە لە ئێران دەستنیشان کردن و دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکان ئەرکی رێبەری شۆرشی ئیسلامییە، بە تایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا.

### (٧)- ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی:

لە دەستوری ساڵی (١٩٧٩) دا، دامەزراوەیەک بەم ناوە بوونی نەبوو، بەڵکوو تەنیا ئەنجومەنی باڵای بەرگری هەبوو، بەڵام لە هەموارکردنەوەی دەستوردا لە ساڵی(١٩٨٩)، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی دامەزرا تاوەکو بوارەکانی ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و...هتد، لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا خوێندنەوەیان بۆ بکرێت یاخود پرس و بابەتی پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە سیاسەتی دەرەوەدا کە تا ساڵی (١٩٨٨) و بە تایبەت سیاسەتی دەرەوە، لە لایەن آیت الله خومەینییەوە دیاریدەکرا، بەڵام بە شێوەی تیۆریک و دارێژراو نەبوو، بۆیە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی دامەزرا تا لە سەر بنەمای بریارەکانی کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم هەم لە بواری سیاسەتەکانی ناوخۆیی بریار بدات و هەم لە بواری سیاسەتەکانی بەرگری و ئاسایشی و بە تایبەت دەرەکی و پەیوەندییەکاندا بریاری پێویست وەربگرێت. کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم رەهەندە گشتییەکان و ئامانجەکان و ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، هەنگاوە کردەییەکان لە بواری بریارە ستراتێژیک یاخود هەنووکەییەکان لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا کە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکان بەشێکن لێی دیاریدەکەن، کە بە هۆی پێگەی رێبەری شۆرش لە دەستوردا ئەم بریارانە گرنگی تایبەتیان هەیە.

ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بە پێی مادەی (١٧٦)ی دەستوری (١٩٨٩)، لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەم مادەیە دەڵێت: ((بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی و یەکپارچەیی وڵات و سەرچاوەکانی نەتەوەیی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار پێکدەهێنرێت)).[٢٠]

**(٨)- سەرۆک کۆمار:**

بە شێوەی فەرمی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران بەرپرسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و لە پاش ڕێبەر بەرزترین پێگەی دەستوری هەیە، بەڵام بە پێی مادەی (١٢٢)ی دەستور، سەرۆک کۆمار لە بەرامبەر گەل و ڕێبەر و ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا بەرپرسیارە و ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران دەتوانێت بە زۆرینەی دوو لە سەر سێی دەنگەکان سەرۆک کۆمار لە سەر کارەکەی لاببات، هەروەها ڕێبەری باڵای ئێرانیش دەتوانێت متمانە لە سەرۆک کۆمار وەربگرێتەوە. دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران سەرۆک کۆمار بە بەرپرسی جێبەجێ کردنی دەستور دەزانێت، هەروەها بە پێی مادەی (١٢٨، ١٢٥)ی دەستور، واژوی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان، ناردنی باڵیۆز و قبوڵ کردنی باڵیۆزی بیانی لە ئەستۆی سەرۆک کۆمارە، هەرچەندە بە پێی مادەی (١٢٥) دەبێت ڕێککەوتننامەکان لە لایەن ئەنجومەنی شورای ئیسلامی پەسند بکرێت (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩).

**(٩)- ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوە:**

پاش هەموار کردنی دەستور لە ساڵی (١٩٨٩) ئەنجومەنی وەزیران ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆک کۆماردایە و بە پێی مادەی (٣) لە برگەکانی (٥، ١٦) دەسەڵاتەکانی دیاریکراوە و لە مادەی (١٣٣)ی دەستوردا

---

[٢٠] - ئەم ئەنجومەنە لەم کەسانە پێکدێت: رئیس‌جمهور: سید ابراهیم رئیسی (رئیس شورای عالی)رئیس قوه قضائیه: غلامحسین محسنی اژه‌ای، رئیس مجلس شورای اسلامی: سرتیپ پاسدار محمدباقر قالیباف، وزیر کشور: سرتیپ پاسدار احمد وحیدی، وزیر امور خارجه: حسین امیرعبداللهیان، وزیر اطلاعات: سید اسماعیل خطیب، رئیس سازمان برنامه و بودجه کشور: داود منظور، رئیس ستاد کل نیروهای مسلح: سرلشکر پاسدار محمد باقری، فرمانده کل ارتش: سرلشکر سید عبدالرحیم موسوی، فرمانده کل سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: سرلشکر پاسدار حسین سلامی، وزیر مربوط به موضوع در حال بررسی در شورا(عضو غیر دائم، با حق رأی)دو نماینده به انتخاب رهبر:سعید جلیلی، دریادار پاسدار علی‌اکبر احمدیان (دبیر شورای عالی).

بەم شێوەیە دەڵێت: ((سەرۆک کۆمار وەزیرەکان دیاریدەکات و داوا لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی دەکات کە متمانەیان پێبدات و ئەگەر ئەنجومەنی شورای ئیسلامی گۆڕدرا، ئەوە پێویست بە متمانە لێوەرگرتنەوە لە وەزیرەکان ناکات و بە پێی یاسا ژمارەی وەزیرەکان و دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکرێت)).

وەزارەتی دەرەوە گرنگی تایبەتی هەیە لە کاروباری دەرەوەدا، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری دەرەوە لە ناوەندە گرنگەکانی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها لە کاتی پێویستدا لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم ئامادە دەبێت یان نوێنەری ئامادە دەبێت. هەروەها وەزارەتی دەرەوە کاری چاودێری و دامەزراندنی پەیوەندی و نوێنەرایەتی دەرەوە و ئامادەکردن و کۆکردنەوەی زانیارییە و بە پێی پێویست بڕیار وەردەگرێت و سیاسەتی دەرەوە جێبەجێ دەکات. یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کەناڵە دیپلۆماتیکەکانن لە ڕێگەی نۆێنەرایەتی و باڵیۆزخانەکانی ئێرانەوە، هەروەها زانیارییەکانی دەزگا ئەمنییەکان، سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن، هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە و گروپە فکرییەکان و پاشکۆ کولتوورییەکانی ڕێکخراوی کولتوور و پەیوەندییە ئیسلامییەکانە و لە سەر بنەمای پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، پرس و بابەتەکان دەچێتە بەردەم سەرۆک کۆمار و کابینە و ئەگەر هەستیار و ئاسایشی بێت، ئەوە دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و ئەگەریش لە پرسە باڵاکانی وڵات بوو ئەوە دەچێتە بەردەم ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران .

**(١٠)- دەسەڵاتی دادوەری:**

هەرچەندە ئەم دەسەڵاتە بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر سیاسەتی دەرەوەدا نییە، بەڵام بە پێی مادەکانی (١١٠، ١٥٧) لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری وەک بەرزترین دامەزراوەی دادوەری لە ئێران لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێت، هەروەها سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئەندامی کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەمە و هەروەها ئەندامە لە ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و بە پێی مادەی (١٥٦)ی دەستوری ئێران، چاودێری یاساکان دەکرێت کە بە باشی جێبەجێ بکرێن، کە ئەمە یاساکانی بواری سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩).

**(١١)- هێزە چەکدار و سەربازییەکان:**

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

مادەکانی (١٤١، ١٤٣، ١٥٠) لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەرکی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کە بریتیین لە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و ئەرتەش، دیاریدەکات کە بریتییە لە پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵات و پاراستنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران و شۆڕشە ئیسلامییەکە و دەسکەوتەکانی، هەروەها لە دیباجەی دەستوری ئێراندا هاتوە کە: ((ئەرکی سوپای پاسداران و ئەرتەش تەنها پاراستنی سنوورەکان نییە، بەڵکوو ئەرکی بڵاوکردنەوەی بیروباوەر، جیهاد لە رێگای خودا و خەباتکردن لە پێناو پەرەسەندنی دەسەڵاتی یاساکانی خوا لە جیهاندا لە ئەستۆی سوپای پاسداران و ئەرتەشدایە)) (دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموار کراوی ساڵی ١٩٨٩) .

سوپای پاسداران وەک هێزێکی خاوەن ئەزموون لە جەنگ و لە لایەکی ترەوە لە ناوخۆش خاوەن پێگە و نفوزی سیاسی و ئابووریە، دامەزراندنی سوپای پاسداران لە ساڵی (١٩٧٩) لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینییەوە بۆ ئەم مەبەستە بوو کە لە لایەک ئەرتەشی شاهەنشاهی کۆنترۆڵ بکات و لە لایەکی ترەوە لە ناوخۆ مەترسی نەیارەکان لەسەر شۆڕش نەهێڵێت. جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق رۆڵی سوپای پاسدارانی زیاتر کرد و دواتر سوپا و بەرژەوەندییەکانی بوون بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمی سیاسی و نوخبە باڵاکان و رێبەری کۆماری ئیسلامی، رۆڵی سوپای پاسداران جگە لە بواری چەکداری و کۆنترۆڵی دەرەکی و ناوخۆیی، لە رووی ئابووریەوە وایکردووە کە تەنانەت کۆنترۆڵی دەرهێنان و هەناردە کردنی نەوت وغازیشی کردووە، سوپای پاسداران ئەمە لە سەر بنەمای مادەی (١٤٧) ی دەستوری ئێران دەکات، هەروەها سوپای پاسداران هەموو کاڵا ئێلێکترۆنییەکانی ئێران خۆی بەرهەم دێنێت و یان لە رێگەی کۆمپانیاکانی گرێدراوی خۆی کۆمپیوتەر و تەلەفون و مۆبایل و سیم کارت و... هتد، بەرهەم دێنێت و بازاری قۆرخ کردووە، لە لایەکی تریشەوە سوپای پاسداران بە پێی تەفسیری مادەی (١٤٧)ی دەستور دیسانەوە وەک بەڵێندەرێک لە پرۆژە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوە کار دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە سوپای پاسداران کۆنترۆڵی زۆربەی فرۆکەخانەکانی ئێرانی کردووە و لە هەموو جومکەکانی دەسەڵات لە ئێراندا بوون و نفووزی هەیە و تەنانەت کۆنترۆڵی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە و دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی دەکات. گرنگتر لەمانە، سوپای پاسداران کۆنترۆڵی زۆربەی دامەزراوەکانی مووشەکی و پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانی کردووە.

هەروەها بە پێی دەستور فەرماندە باڵاکانی سوپا و ئەرتەش ئەندامن لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و ئەمە جگە لە رۆڵی هێزێکی میلیشیایی سەر بە سوپای پاسداران بە ناوی (بەسیج) لە سەرکوتکردنی نارەزایەتیەکان

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

کە هەندێ جاریش وەک گروپی گوشار کاردەکات، هەروەها ڕۆڵی گرنگی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەکە چالاکی دەکات. هەروەها بە پێی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران فەرماندە گشتییەکانی هێزەکانی ئەرتەش وسوپای پاسداران لە لایەن ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامییەوە دادەندرێن یان لادەبردرێن و ڕێبەری شۆڕش خۆی ڕاستەوخۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە. لێرەوە ڕۆڵی وەلی فەقیە (ڕێبەر) لە ڕووی بەرفراوانی دەسەڵاتەوە دەردەکەوێت، جێگەی ئاماژەیە کە سوپای پاسداران تەنیا خۆی لە بەرامبەر ڕێبەری شۆڕش بە بەرپرس دەزانێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕێبەر بە پێی دەستور ڕۆلێکی هەرە سەرەکی هەیە لە پێکهاتەی فەرمی و یاساییدا و هەموو جومکەکانی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردووە و سیاسەتی دەرەوەش لە ڕێگەی ئەوکەناڵانەوە لە ژێرەستی ڕێبەردایە، بەم مانایە کە ڕۆڵی ئایینی و یاسایی ڕێبەر ئەم پێگەیە دەستەبەر دەکات و سەرچاوەی ئەم هەموو دەسەڵاتەش لەو ناسنامە ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە باسی دەکەین.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران



## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران



# ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران

## ١- ناسنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران

### ١-١- سەرچاوەکانی ناسنامەسازی ئێران

#### ١-١-١- ئیسلام و مەزهەبی شیعە

بە بڕوای "ئایەتوڵلا خومەینی"[٢١] ڕێبەری شۆڕش و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی[٢٢]، گرنگترین تایبەتمەندی و ڕەگەزی دروستکەری ئەم سیستەمە سیاسییەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ڕەوایەتی لێوەردەگرێت، ئیسلامی-شیعی بوونەکەیەتی. چونکە ئەم دەوڵەتە بە دەوڵەتی ئیسلامی-شیعی دەناسێندرێت.(امام خمینی، ١٩٩١: ١٢٩) بۆیە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە گرنگترین ڕەگەزی دروستکەر و پێکهێنەری ناسنامەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کەلتووری ئیسلامی بە شێوەی گشتی و لە چوارچێوەی فقهی شیعی دوازدە ئیمامی بەتایبەت، وەکو کۆمەڵەیەکی مەعریفی و نۆرماتیف کاریگەری لەسەر درك و تێگەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ڕووداو و دیاردە دەرەکییەکاندا هەیە.(مشیرزادە، ٢٠٠٦: ٢٢). شیعەکان وەکو کەمینەیەك لە جیهانی ئیسلامدا و بەتایبەتی لە

---

[٢١] - ئایەتوڵلا سەید ڕووحوڵلا موستەفەوی خومەینی (٢٤ی ئەیلوولی ١٩٠٢ - ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩) ناسراو بە ئیمام خومەینی و خومەینی، پێشەوا و مەرجەعی تەقلیدی شیعەی ئێرانییە کە لە شاری "خومەین" لە بەشی ناوەندی ئێران لە دایک بووە. خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ پێشەوای جەماوەری ئێرانی بوو لە ڕووخانی ڕژێمی پاڵەوی(شا) و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دواتر بوو بە پێشەوای ئێران و تا ساڵی ١٩٨٩ هەر لەو پۆست و پێگەیەدا مایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Available at: <http://www.iranchamber.com/history/rkhomeini/ayatollah_khomeini.php >. Last visited: 11-10-2019.

[٢٢] - شۆڕشی ئیسلامیی ئێران یان شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران (بەکورتی: شۆڕشی ئیسلامی) کۆمەڵە ڕووداوێکە کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینیدا ڕووی دا و بوو بە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێشەوایی ئایەتوڵلا خومەینی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

A: Kurzman, Charles (2004). The Unthinkable Revolution in Iran. Harvard University Press.

B: Abrahamian, Ervand (1982). Iran between two revolutions. Princeton University Press.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بە درێژایی مێژوو وەکو ئەوەیتری سیاسی و کۆمەڵایەتی پێناسە کراون. هەروەها جیاکاریان لەهەمبەر کراوبوو، بەڵام کەلتووری سیاسی خودی شیعەکان و ناسنامەکەیان پاڵنەری سیاسیی پێویستی بۆ رۆڵبینینیان ئامادە نەکردبوو، چونکە کەلتووری سیاسی شیعەکان پێش شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران لەگەڵ بنەمای چاوەڕوانی بوو.(فولر و فرانکە، ٢٠٠٥: ٥١).

کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی ئیسلامییە کە لە جوگرافیا و خاکی ئێراندا درووستبووە. ئەم دەوڵەتە بە پێچەوانەی دەوڵەت-نەتەوەکان کە لەسەر بنەمای تیۆری و بناغەی هزریی نەتەوەیی پێکهاتوون، لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی درووستکراوە. چونکە دەوڵەتەکە ئیسلامییە و بەم پێیەش گرنگترین ئەرکی ئەم دەوڵەتەش پاراستنی ئیسلام و پابەندی ئەم دەوڵەتەش پاراستنی ئیسلام و پابەندی بە بەها و پێوەرە ئیسلامی-شیعییەکانە. بۆیە لە پاش شۆرشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ لە پاڵ دۆست و دوژمنی نوێ، بەرژەوەندیی نوێ بۆ ئێران دروستبوو.(کرمی، ٢٠٠٤: ١٧٣). لە شۆرشی ئیسلامی ئێراندا ئایەتوڵلا خومەینی وەکو رێبەری ئەم شۆرشە لەسەر رەهەندی سیاسیی ئایدیا ئیسلامی و شیعییەکان هەروەها پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت پێداگری دەکرد و ئامانجی ئەم شۆرشەی بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەزانی. بە مانای گەڕانەوە بۆ ناسنامەی شیعی-ئیسلامی ئێران.(امام خمینی، صحیفەنور، ج ٥، ١٩٩٩: ١٧٨).

بە بڕوای "ئایەتوڵلا خومەینی"، کۆماری ئیسلامی ئێران حکومەتێکە کە لەسەر بنەمای یاساکانی خوداییە و جێبەجێکارەکانیشی خاوەن ئەرك و تایبەتمەندی دیاریکراون لە ئیسلامدا. بەم پێیە هێلە گشتییەکانی ئەم حکومەتە، بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامە کە لە قورئان و سوننەت و ڕەفتاری پێغەمبەری ئیسلام و ئیمامەکانی شیعە لەبارەی حکومەت و دەسەڵاتدارییەتیدا هاتووە.(امام خمینی، صحیفەنور، ج٢، ١٩٩٩: ١١٤). بۆ نموونە ئایدیای دەرکەوتنی "ئیمامی مەهدی" لە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی دا یەکێکە لەو ڕەگەزە ناسنامەییە مەزهەبی-ئایینیانە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی ئامادەکاری بۆ دەرکەوتنی "ئیمام مەهدی" دەدات. ئەوەش لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ئامرازێکی ستراتیژی کە بریتییە لە هەناردەکردنی شۆرش و پێداچوونەوەخوازی و پاڵپشتی لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازە ئیسلامییەکان.(دهقانی فیروزابادی و نوری، ٢٠١٢: ١٥٨).

لەلایەکی تر، مەبەست لە سیاسی بوونەکەشی ئەوەیە کە لە کاتی ئامادەنەبوونی ئیمامی مەهدی، مەزهەبی شیعە بڕوای بە سەرچاوەبوونی ئایین و شەریعەت لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەپێی خوێندنەوەی شیعی هەیە

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

و لەم ڕووەوە ئیسلامی سیاسیی شیعی بەدوای دروستکردنی حکومەتی ئیسلامییەوەیە. لە ئیسلامی سیاسیی شیعی و شۆرشگێرانەدا کە "ئایەتوڵلا خومەینی" نوێنەرایەتی دەکرد، چەند تایبەتمەندیی سەرەکی هەیە، وەکو "ویلایەتی ڕەهای فەقیهەکان"ی شیعی، شۆرشگێری و گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندوتیژانە بۆ ڕووخاندنی سیستەمی زوڵم و ئیستێعمار و داگیرکەرەکانی جیهانی ئیسلام.(حقیقت وجدی، ٢٠١٣: ١٤-١٥).

لە ڕوانگەی خوێندنەوەی شیعی بۆ ئیسلام، نەریت و ڕێورەسمە مەزهەبی-ئاییننیە ئێرانییەکان پاڵآوترا و لە فۆرمی نوێدا ڕەگەزی ئەفسانەیی و مێژوویيان وەرگرت، بە جۆرێك كە بەرپرسیارەتییان کەوتە سەرشان. واتا سەرباری بژاردەی ئایینی کە پراکتیزەی کارە سیاسی و ئایینییەکان دەکەن.(ثلاثی، ٢٠٠١: ٣٨١). بۆ نموونە بە هۆی ئەو وێکچوونانەی کە لە نێوان بنەما و ئەحکامەکانی ئایینی ئیسلامی و زەردەشتیدا هەبووە، ئێرانییەکان ئەو ئایینەیان لە ڕێگەی مەزهەبی شیعەوە بە ناوخۆیی و خۆماڵی کرد.(کاویانی راد، ٢٠٠٥: ٩٧).

گرنگترین پابەندی و ئەرکی ئەم سیستەمە سیاسییە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە ئایین و پێناسەکەی و جێبەجێکردنی ئایدیا و نۆرم و بەهاکانییەتی. لەم سیستەمەدا بەرژەوەندی و ئامانجەکان بەپێی ئەم ناسنامە ئایینییەیە کە پارێزگاری لە ناسنامەی ئیسلامی و شۆرشگێرانە پێناسەکراوەکەی ئەم سیستەمە، ئەرکی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.(دهقانی فیروزابادی، ٢٠٠٩: ٥٤). بۆیە ناسنامەی کۆماری ئیسلامی درك و تێگەیشتنی ئەم سیستەمە سیاسییە لە خود و بەپێی تێگەیشتن و وێنای هزری دەوڵەتانی تر لەم ناسنامەیە، پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام دانیپێدابنرێت. واتا ئەم ناسنامەیە بابەتێکی مەعریفی و سیاسییە کە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش لە خود و دەوڵەتانی تر، هەستی بەردەوامی و سەربەخۆیی و جیاوازی دەخوڵقێنێت. ئەم تێگەیشتنەش هەمیشە لەسەر بنەمای چەمك و بەهایەکی ناوەندی و گەوهەرییە، هەرچەندە لە سەردەم و دۆخی جیاوازدا لەوانەیە بەها و نۆرمی جیاواز بێتە ئاراوە کە ئەمەش بە مانای فرەیی لە سەرچاوەکانی ناسنامەسازییە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کەوا ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕەگەزی ناسنامەیی جیاجیای هەبێت کە لەسەر بنەمای چەند ڕەگەز و بەها و نۆرمێکی ناوەندی درووستبوو، ئەم فرەییە ڕۆڵی جیاجیا بۆ ئەم ناسنامەیە پێناسە و دروست دەکات کە سەرەکیترینیان بریتین لە ئیسلامیبوون، ئێرانیبوون، شۆرشگێرانەبوون. هەرچەندە ئەم ڕەگەزانەش قورسایی و هێزی یەکسانیان نییە و شیعی-ئیسلامیبوونەکە لە ناوەند یاخود لە لووتکە دایە.(دهقانی فیروزابادی، ٢٠٠٧: ١٢٤-١٣٥).

### ١-١-٢- ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی ئیسلامی

بە شێوەیەکی گشتی ئایدیۆلۆژیا بە مانای چوارچێوەیەکی هزری و مۆراڵییە بۆ ڕەخنەگرتن یاخود پاساوهێنانەوە بۆ ئامانجەکان و دەستنیشانکردنی ڕێگە و میکانیزمەکانی گەیشتن بەو مەبەستانەیە و ڕاڤەیەکی ئاسانتر و ڕوونتر لە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگە و تاکەکان تاوەکو بۆ گۆڕینی ئامادەبن و ببێتە هۆی یەکانگیری و یەکگرتوویی تاکەکان.(بشيريه، ١٩٩٣: ٧). جا بەبێ ئایدۆلۆژیا، شۆڕشگێری مانادار نییە. بەهۆی ئەوەی کە گۆڕینی سیستەمی هەنووکەیی(ناوخۆیی-نێودەوڵەتی) و جێگیرکردن و چەسپاندنی سیستەمی ویستراو و دڵخواز لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای نوێیەوە دەبێت کە جیاوازی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای سیستەمی هەنووکەیی زاڵ هەبێت. بۆیە ئایدیۆلۆژیا بۆ شۆڕشگێڕەکان ڕەگەزی جیاکەرەوەی دوو پێکهاتەی بەهایی و سیاسییە(ئێستا و داهاتووی خوازراو).(جانسون، ١٩٨٤: ٩).

لەسەر ئەم بناغەیە، دەبینین کەوا لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا، ئیسلامی جێگەی سەرەنج و پێداگری "ئایەتوڵلا خومەینی" وەکو ڕێبەری شۆڕش و تیۆریسییەنی "ویلایەتی فەقیە"، ئیسلامێکە کە لە ڕوانگەی فقهی شیعەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام بە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانە کە لەبەرامبەر ئیسلامی پارێزگارانەدا دادەندرێت. ئەمەش لە ڕوانگەی "خومەینی"یەوە بەسەر ئیسلامی شۆڕشگێرانەی ڕاستەقینە(ئێران) و ئیسلامی ئەمریکایی(دەوڵەتانی سوننە) دابەش دەبێت و بەرجەستە دەبێت.(موسوی زاده و جاودانی مقدم، ٢٠٠٨: ٢٠٨). بۆیە دەتوانین ئایدیا سەرەکییە شۆڕشگێڕانەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەپێی ناسنامەکەی بەسەر ئەو خاڵانەدا پۆلینی بکەین(اديب مقدم، ٢٠٠٨: ٦٠):

١- ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و بلۆك و جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.
٢- پێداگری لەسەر پێداچوونەوەخوازی لەهەمبەر پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی.
٣- دروستکردنی نەزم و سیستەمی ئیسلامی.
٤- جێگرتنەوە و ئالوگۆڕی یەکەی ئومەتی ئیسلامی(Islam-nation) لەبری نەتەوە-دەوڵەت(Nation-state).
٥- هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ڕزگارکردنی زوڵملێکراو و لێقەوماوانی جیهانی ئیسلام.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

٦- گرتنەبەری سیاسەتی هاوسەنگی نەرێنی.

٧- هەوڵدان بۆ بەرپاکردنی شۆرشی جیهانی و پەیرەوکردنی سیاسەتی دژە ئێمپریالیستی و دژە ناسیۆنالیستی.

بە شێوەیەکی گشتی، سروشتی شۆرشگێرانەی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهاویشتە و دەرئەنجامی سروشتی شۆرشگێرانە و ئیسلامی-شیعیی ناوخۆیی ناسنامەی کۆماری ئیسلامییە.(ادیب، ٢٠٠٨: ١٤٥). بێجگە لە بنەما بەهایی و نۆرمییەکان، ڕووداوە ناوخۆیی و کاردانەوە دەرەکییەکان وەکو: دۆخی نائاسایشی و ناسەقامگیرییە ناوخۆییەکانی سەرەتای شۆرش، جەنگی ئێران و عێراق(١٩٨٠-١٩٨٨)، گەمارۆ و ئابلووقەی سیاسی و سزا ئابوورییەکان، پشتیوانی هێزە دەرەکییەکان لە ئۆپۆزیسیۆنی لیبرالأ و سیکۆلآرەکانی ئێران، هێرشی ئاسمانی ساڵی ١٩٨٠ ناسراو بە (Operation Eagle Claw) بۆ ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان، هەوڵی کودەتا لە بنەکی ئاسمانی نۆژە(Nojeh coup plot) لە ساڵی ١٩٨٠ و...هتد، بوونەتە هۆی جێگیربوونی ئەو ڕەگەزە ناسنامەییە شۆرشگێڕانەیە.(دهقانی فیروزابادی و نوری، ٢٠١٢: ١٥٩).

شۆرشی ئیسلامی ئێران بە یەکەمین شۆرش دادەندرێت کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای ڕۆژئاواییەکان نەبووە و لەلایەن هێزە گەورەکانی سەردەمی خۆی(١٩٧٩) پاڵپشتی سیاسی و لەشکری لێنەکراوە.(احتشامی، ١٩٩٩: ٢٠٢). ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیایی کۆماری ئیسلامی شۆرشگێرانە و پێداچوونەوەخوازە، بەم مانایە سیستەمی نێودەوڵەتی ڕۆژئاواییە و بۆیە پێویستە بگۆڕدرێت.(رمضانی، ٢٠٠١: ٣٠). بۆیە ڕەگەزی شۆرشگێرانەی ناسنامەیی ئیسلامی-شیعی دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیهان بە سەر دوو بەرەی (دار الاسلام-دار الحرب) دا دابەش دەبێت تاوەکو جیهان نەچێتە ژێر دەسەڵاتی (دار الاسلام) ئەوە خەبات و "جیهاد" بەردەوام دەبێت.(تاجيك، ٢٠٠٤: ٧٦). هەر چەندە لە ڕوانگەی ئیسلامی-شیعی لە نێوان (دار الاسلام) و (دار الحرب) دا دەوڵەتی بێلایەن بە (دار الحياد) دەناسرێن، ئەو وڵاتانەی کە پەیمانی ئاشتیانەیان لەگەڵ (دار الاسلام) هەیە بە (دار الهدنه) و (دار العهد) دەناسرێن. ئەو دەوڵەتانەش کە لەگەڵ (دار الاسلام) ڕێککەوتنی کۆتایی دوژمنایەتیان هەیە بە (دار الموادعه) دەناسرێت.(نخعی، ١٩٩٧: ١٧٥). لەلایەکی دیکەشەوە دەرهاویشتەی ئایدیۆلۆژیای شۆرشگێرانەی کۆماری ئیسلامی گوتاری جیهانی سێیەمگەراییە، کە وەکو سیتەمێکی مۆراڵ و خاوەن سروشتێکی دژە ئیستێعماری و دژە ئێمپریالیستی و دژە هێژمۆنیکی هەیە. ئەم گوتارەی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی دۆخی هەنووکەیی و سیستەمی

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

سیاسی-ئابووریی نێودەوڵەتییە، هەروەها هەوڵی چاکسازی و هەموارکردنەوەی بۆ گەیشتن بە ئامانجی ویستراو و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم یاخود جیهانی باشوور دەدات.

ئەم گوتارە شۆڕشگێڕانەیە بە هۆی ئەوەی کە ئێران بە بەشێك لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم یاخود جیهانی باشوور دەزانێت، پێیوایە کە خودی کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزی سیستەمی ئابووریی جیهانیدایە هەروەها بە هۆی ئەوەی کە لە مێژوودا ئێران لە ژێر نفووزی زلهێزەکان وەکو ڕووسیا و بریتانیا و ئەمریکادا بووە، گوتارێکە لەگەڵ ئەزموونی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دەگونجێت. چونکە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە ئێرانییەکان لە پێگەی خۆیان لە جیهان ڕازی نیین و بۆیە دادپەروەریخوازیی ئیسلامی-ئێرانی، بەشێکە لە ناسنامەی ڕەفتاری ئێرانییەکان لەبارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی جیهانی.(دهقانی فیروزابادی، ٢٠١٢: ٦٩-٧٠). دەتوانین بڵێین کەوا بەپێی ئەم ڕەگەزە ناسنامەییە شۆڕشگێڕانەیە، هاوڵاتیبوون بەپێی وڵات و دەوڵەت نییە، بەڵکو بەپێی بیروبڕوایە. بۆیە ناموسوڵمانەکان لە هەر شوێنێك بە بیانی، بەڵام موسوڵمانەکان لە هەر دەوڵەتێکدابن بە هاوڵاتی ئومەتی ئیسلامی دادەندرێن.(نخعی، ١٩٩٧: ١٧٧). بۆیە بەپێی ئەم ڕەگەزە شۆڕشگێڕانەیە کە لە هەر شوێنێك کە موسوڵمان یاخود شیعە بەتایبەتی بوونی هەبێت ئەوە ئەرکی حکومەتی ئیسلامییە کە بەرگری لێبکات و ئاسایشی بڕوایی و مادی و جەستەییان بپارێزێت.

### ١-١-٣- مێژوو و کەلتووری ئێرانی-شیعی

#### ١-١-٣-١- مێژوو و کەلتووری ئێرانی

ناسنامەی ئێرانی لە ڕێگەی ڕەگەزی هەرێم(خاك)، دامەزراوەی پاشایەتی و چەمکی ئێرانشار و لە ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لە زمان، ئایین، بیرەوەری مێژوویی و ئەفسانەکانی کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان ئەڤێستا، لە سەردەمی ساسانییەکان بناغەی دانرا. لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ ئێران سەدەی حەوتەمی زایینی، ناسنامەی ئێرانی لە ڕووی سیاسییەوە هەڵوەشایەوە، بەڵام لە ڕووی ڕەگەزەکانی ناسنامەیی مێژوویی و هزری و کەلتوورییەوە بەردەوام بوو و ناسنامەکەی بەرهەمهێنایەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئێرانییەکان لە ڕووی نەتەوەیی و ئەتنیکییەوە لە عەرەبەکان جیاوازبوون، هەروەها بیروباوەڕە مێژوویی و نەریتییەکانی ئێرانی یارمەتی بەردەوامی ئەو ناسنامەیاندا. پاشان بە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی(١٥٠١-١٧٢٢) و گۆڕینی مەزهەبی ئێرانییەکان لە سەردەمی "شا ئیسلماعیلی سەفەوی" لە سوننە بۆ شیعەی دوازدە ئیمامی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە، بێجگە لەو ڕەگەزە

ناسنامەییە ئێرانیانە، ڕەگەزی ناسنامەیی تر بەم ڕەگەزانە زیادکرا. بۆ نموونە مەزهەبی شیعەیە کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی بە مەبەستی ململانێ لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکان، ناسنامەی زۆرینەی ئێرانییە موسوڵمانەکانی لە موسوڵمانەکانی دیکە جیا کردەوە.(کاویانی ڕاد، ٢٠٠٥: ٩٦). هەروەها شیعەگەرایی سەفەوییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە یەکگرتوویی ئێراندا و تەنانەت بووە هۆکاری ئەوەی کە شیعە وکەلتووری ئێرانی وەکو دوو ڕەگەزی جیانەکراوەیان لێبێت بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی فارسی-شیعی نوێ.(بڕوانە: افتخارزادە، ١٩٩٨: ١٣٧).

"گراهام فولر" پسپۆری بواری مێژوو و کەلتووری ئێرانی، پێیوایە کە کەلتوور بەشێکە لە کەسایەتی هەر نەتەوەیەك وکاریگەری لەسەر ڕەفتاری سیاسی وکۆمەڵایەتی دادەنێت. بەم پێیە سەربەخۆییخوازی و نەبوونی متمانە بە بیانی و بێگانەکان دەرهاویشتەی کەلتوور و شارستانییەتی ئێرانییەکانە.(فولر، ١٩٩٤: ٢-٣). بەشێك لە تایبەتمەندییە شۆرشگێرانەی ئێرانییەکان بۆ کەلتوور و ڕۆحییەتی ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە، کە وادەکات تا ڕادەیەکی زۆر بڕوایان بە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام و هەمیشەیی لە نێوان خێر و شەر، باش و خراپ دا هەیە. دوژمنەکانیان بە شەیتان و دێو پێناسە بکەن و خۆیان لە بەرەی خێر و چاکە و دادپەروەری و ڕووناکی دا پێناسە دەکەن.(فولر، ١٩٩٤: ١٠-١١). بە بڕوای "ئایەتوڵڵا مورتەزا موتەهەری" کە یەکێك لە تیۆریسیەنە مەزهەبییەکانی سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو، تەشەیوع یاخود شیعەبوون لەگەڵ روحییەتی ئێرانییەکان دەگونجێت و هاوتەریبە، بۆیە هەمیشە هەوڵی سەربەخۆییخوازی و پێداچوونەوەخوازی دەدەن، وەکو سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان و خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن و تێگەیشتنی تایبەتیان بەپێی کەلتوور و مێژوو و مەزهەبی شیعە، لە ئایینی ئیسلام هەیە.(مگهری، ١٩٩٨: ٣٣٧).

واتا نەتەوەی ئێران لە ڕووی مێژووی وکەلتووری تایبەتمەندی شۆڕشگێرانەی هەیە، ئەم تایبەتمەندییە بۆتە بەشێك لە ناسنامەی ئێرانییەکان کە ریشەکەی بۆ ئەفسانە و ئوستوورەکان وەکو کاوەی ئاسنگەر و ئەفراسیاب، بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە.(نقیب زادە، ١٩٩٨: ٢٢٥). ئەفسانە مێژووییەکانی ئێرانی وەکو جەنگی هەمیشەیی لە نێوان ئێران و توران بەشێکە لە کەلتووری جەنگ لە نێوان ڕۆشنایی و خێر و باشە و شارستانییەت لەگەڵ تاریکی و خراپە و بەربەرییەت. ئەمەش بۆتە ئایدیۆلۆژیا و شێوازی ژیانی تاکەکەسی وکۆمەڵایەتی و سیاسی لە کەلتووری سیاسی ئێرانییەکاندا.(نقیب زادە، ١٩٩٨: ٥). ئێرانییەکان بەشێوەیەکی گشتی و بەهۆی مێژوو و

کەلتووریان پێیانوایە کە خاوەن کەلتوور و شارستانییەتی بەرزترن و هەمیشە هەست بە هەڕەشە لەلایەن هێز شەرئەنگێز و خراپەکان دەکەن. بۆیە پێویستە بۆ بەرنگاری و بەرگری لەهەمبەر هێزە ناتەریبەکانیان هەمیشە ئامادە بن.(فولر، ١٩٩٤: ٢٠-٢١).

### ١-١-٣-٢- کەلتووری سیاسی شیعە

مەزهەبی شیعە بە شێوەی گشتی و چوارچێوەی فیقهیی بە تایبەتی، وەکو کۆمەڵە ڕەگەزێکی مەعریفی و لە هەمان کاتدا بەهادانەرانە و پێوەری یان نۆرمی لە سەر درك و تێگەیشتنی ئێرانییەکان لە هەمبەر دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کاریگەری دادەنێت(مصفا، ١٣٨٥: ص٢٢). زانای ئایینی شیعە "ئایەتۆڵلا شریعتمدار جزایری" وا فیقهیی سیاسی شیعە شیدەکاتەوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسا و بنەمای ئایینی و یاسایی کە سەرچاوە لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی وەردەگرێت کە ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان موسوڵمانان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ نەتەوە ناموسوڵمانەکانە، واتا پەیوەندییە نێوئۆمەتی و دەرەوەی ئۆمەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕێکدەخات (آیت الله جزایری، ١٣٧٩: ص٢). ئەم پەیوەندییەی ئێرانییەکان بە ئایینی ئیسلام لە پاش موسوڵمان بوونیان، لە سەردەمی حوکمرانی سەفەویەکان گەیشتە لوتکەی خۆی، هەرچەندە لە سەردەمی مەشروتە لە ساڵی (١٩٠٦)دا لە لایەن روناکبیرە سیکۆلارەکان ڕەخنەی لێگیرا و بە هۆکاری ستەمکاری و گەشەنەسەندنی ئێران ناسرا، بەڵام لە پاش چەند دەیەیەك هەوڵدان بۆ بەهێزبوونی حکومەتێکی سیکۆلار لە ئێران، ئەم پەیوەندییە دووبارە لە شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا لە ساڵی(١٩٧٩) دروستکرایەوە. مادەی چوارەمی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر پێویستی ئیسلامی بوونی هەموو ڕێسا و یاساکان جەخت دەکاتەوە (درخشه، ١٣٨٨: ص٩٢). کەلتووری سیاسی شیعی-ئێرانی شێواز و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی شیعەکانە لەگەڵ سیاسەت و هێزی سیاسی کە بەپێی بنەما تیۆرییەکان، بیروباوەڕەکان و داب و نەریتەکانی شیعە لە بەستێنی مێژوویی شیعەکاندا درووستبووە و بنیاتنراوە. ئەمەش دەستنیشانکەری مۆدێلی رەفتاریی سیاسیی شیعەکانە. لە گرنگترین ڕەگەز و چەمکەکانی پێکهێنەری ئەم کەلتوورەش دەتوانین ئاماژە بە بنەماکانی ئیمامەت، چاوەڕوانی بۆ دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی، شەهادەتخوازی، مەعاد، تەقییە، دادپەروەریخوازی، فەرمانپێکردن بە چاکە و ڕێگەگرتن لە خراپە و بەگشتی مەرجەعییەتی شیعە، بکەین.(زرگر و نفر، ٢٠١٦: ١٤٩). بۆیە دەکرێت ئەم بنەما و ڕەگەزە ناسنامەییانەی کەلتووری سیاسیی شیعە بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

### ١- ئیمامەت و چاوەڕوانی:

لە ڕوانگەی شیعەکانەوە ئیمامەت نموونەی باڵای دەوڵەتی ئیسلامییە. ئەوان بە شێوەیەکی گشتی بڕوایان وایە کە خودا و بنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلام(ئەهلی بەیت)، ئیمامەکانی شیعەی بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە پاش پێغەمبەر دەستنیشان کردووە. هەر بۆیە بەپێی ئەم ڕوانگەیە لە پاش پێغەمبەری ئیسلام، ئیمامەکان پارێزەری ئایین هەروەها ڕێبەر و مەرجەع و بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی ئیسلامین.(فیرحی، ٢٠١٣: ٣٩). سەرباری ئەوەش، شیعە دوازدە ئیمامییەکان بڕوایان وایە کە ئیمامی مەهدی خاوەنی زەمان و خەلیفەی خوایە لەسەر زەوی، تەنیا بۆ ئەو هەیە حوکمرانی سیاسی و ئایینی جیهان بکات. بۆیە شیعەکان ئەرکی ئەوەیان لە ئەستۆیە کە هەلومەرجی دەرکەوتن و ئامادەبوونی بۆ فەراهەم بکەن و لەسەردەمی شاردراوەبوون و نهێنیبوونیدا فەقیهەکانی شیعە وەکو بریکار و جێگرەوەی ئیمامی مەهدی ئەرکەکانی لە بەڕێوەبردنی حکومەتی ئیسلامیدا ئەنجام دەدەن.(فیرحی، ٢٠١٣: ١٩٦). لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەوە بنەما بڕوایی و ناسنامەییەکانە کە نەریتە سیاسی و ئاسایشییەکانی ئەم حکومەتە ئیسلامییە دەستنیشان دەکات.

### ٢- مەرجەعییەت و ئیجتیهاد:

لە ڕوانگەی شیعەکانەوە ویلایەت واتا حوکمرانی تایبەتە بە خوا و پێغەمبەر و ئیمامەکان. لە کاتی شاراوەبوون و نادیاربوون یاخود ئامادەنەبوونی ئیمامی مەهدی، فەقیهەکان وەکو نوێنەری ئیمام مەهدی کاروباری ئایینی و مەزهەبی خەڵك ڕادەپەڕێنن و لەڕێگەی ئیجتیهادەوە بڕیارە شەرعی و فقهییەکان هەڵدەهێنجێنن. بۆیە پێویستە کە فەقیهێکی دادپەروەر، موجتەهید و زانا و ئیمانداری ڕاستەقینە و بەڕێوەبەر، ڕێبەرایەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی و حکوومەت دەکات و درێژە بە ڕێگەی ئیمامەکان دەدات. تەنانەت هەندێك لە بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان وەکو "میشل فۆکۆ" وای بۆ دەچن کە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی بۆتە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، چونکە:

أ- شیعەکان بڕوایان بە ئیمامی زەمان هەیە و بەپێی ئەم بڕوایە دۆخی ویسترا و خوازراو هەر دێتەدی، خەڵکیش بۆ هاتنە ئارای ئەم دۆخە پێویستە شۆڕش بکەن.

سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ب- بوونی زانای شیعە و ئاخوندەکان و رۆڵیان لە رێکخستن و رێبەرایەتیکردنی سیاسی و ئایینی خەڵك لە سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی.(عیوضی و هراتی، ٢٠١١: ١٢٨-١٢٩). واتە لێرەوە سەرچاوەی ئاسایش بەپێی کەلتووری سیاسی شیعە بۆ بنەما و رەگەز و فاکتەری بڕوایی و ئاسایشی ناسنامەیی دەگەرێتەوە نەك فاکتەر و رەگەزە مادییەکان.

### ٣- تەقییە:

بنەمای (تەقییە) پێناسە دەکرێت بە پارێزراوبوون و دوورکەوتنەوە لە مەترسی و هەڕەشەکان. بە مانای ئەوەیە کە شیعەکان پێیان وایە، شاردنەوەی ئیمان و نەبوونی هەڵوێست و بۆ پاراستنی گیانی موسوڵمانان یاخود دارایی و ئابروویان پێویستە لە هەلومەرجی تایبەتدا رەچاو و پەیرەو بکرێت.(الهی نیا، ٢٠١٢: ٣٠١). ئەمەش لە رووی سیاسی و ئاسایشییەوە ئاسایشی مرۆیی و تاکی موسوڵمانان لە هەڕەشە و مەترسییەکان لە کاتی لاوازبووندا دەپارێزێت، هەروەها بەکاردەهێندرێت بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی پرۆژەی سیاسی و کەلتوور.

### ٤- بڕوابوون بە ژیانی پاش مەرگ(قیامت و معاد):

یەکێك لە رەگەزەکانی بڕوایی موسوڵمانان و شیعەکان، بیروباوەڕیانە لەبارەی ژیانی پاش مردن(Resurrection). ئەمەش کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی شیعەکان هەیە. ئەم رەگەزە ناسنامەییە وادەکات کە مرۆڤ رەفتارەکانی خۆی بەپێی پێوەرە بەهاییە ئایینی و مەزهەبیەکانی رێکبخات و تەنانەت بۆ ژیانی باشتر لەو جیهاندا هەوڵبدات و چیتر لە مردن نەترسێت و بۆ پاراستنی ئەم بەها ئایینیانە خۆی بە کوشتن بدات و گیانی خۆی بەخت بکات.(لهی نیا، ٢٠١٢: ٨٨). ئەمەش وادەکات کە رەگەزی بەهایی و نۆرمە ناسنامەییەکان بەسەر رەهەندی مادی ئاسایشدا زاڵ بێت و خوێندنەوە بۆ ئاسایش تەنیا مادی و ئابووری و بەگشتی عەقلآنی و لەسەر بنەمای سوود-زیان نەبێت.

### ٥- دژایەتی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆییخوازی:

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بەپێی بنەما و رەگەزە ناسنامەییەکانی کەلتووری سیاسیی شیعە، هەموو جۆرە نفووز و دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، کەلتووری، لەشکری و...هتد، لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە، بە کۆلۆنیالیزم پێناسە دەکرێت و پێویستە رووبەڕووی ببنەوە. بۆیە، لە روانگەی ئێرانییەکانەوە دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە هۆکاری هەموو نەهامەتی و دواکەوتوویی ئێران و موسوڵمانەکانە.(جمشیدی، ٢٠٠٩: ٣٠١). لەم بارەیەوە "ئایەتوڵڵا خامنەیی" دەڵێت: "موسوڵمانانی ئێران ئەگەر دیانهەوێت خۆشبەختی دونیا و دوارۆژ دەستەبەر بکەن، دەبێت خۆراگر بن و لەهەمبەر گوشارەکان بەرگریی بکەن، چونکە ئەم خۆراگریی و بەرگرییە لەسەر بنەمای ئیمان و خوا و ئیسلامە".(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١١: ٩٩). هەروەها ئایەتوڵڵا خومەینی لەبارەی ئەم نۆرمە دەڵێت: "ئەگەر دوژمن پێی لەسەر سنوورەکانی موسوڵمانان دابنێت و ئەمەش ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر حوکمرانی و کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەوە لەسەر موسوڵمانان ئەرکە کە بە هەموو شێوەیەك دەتوانن بەرگری بکەن و ئەگەر مەترسییەکەش جدی بێت، چونکە بەرگری ئەرکێکی ئایینیە".(امام خمینی، ١٩٧٠: ٤٥١).

### ٦- شۆڕشگێڕی و بزوتنەوەی ئاشورا:

بە بڕوای شیعەکان، شۆڕش و بزوتنەوەی ئاشورا، شۆڕشێکە لە دژی خراپە و گەندەڵی کە ناوەرۆکێکی پیرۆزی هەیە بۆ مافخوازی و دادپەروەریخوازی لەهەمبەر دەسەڵاتداران بە مەبەستی پاراستنی مەزهەب و ئایینەکەیان. بزوتنەوە و شۆڕشی ئاشورا وەکو ئایدیۆلۆژیای خەبات و شۆڕش بۆ شیعەکان وایە. لەلایەك رەهەندی مەزلوومییەتی شیعەکان نیشان دەدات و لەلایەکی دیکەشەوە روحییەتی خەبات و بەرگری و بەرخودان و شۆڕشگێڕی بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نەخوازراو بۆ شیعەکان دەستەبەر دەکات. ئەمە بە مانای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی رەگەزی شۆڕشگێڕییە کە کاریگەری لەسەر ناسنامە سیاسی-ئیسلامی و شۆڕشگێڕانەکەی کۆماری ئیسلامی داناوە.(زرگر و نفر، ٢٠١٦: ١٥٤-١٥٥).

### ٧- جیهاد:

جیهاد لە پێناو خودا و ئایین یەکێك لە بەهێزترین بنەما بڕواییەکانی شیعەکانە. هەر ئەمەش وادەکات کە شیعەکان بۆ خەبات و شەهیدبوون لە ڕێگەی خوا و ئایین و بەهاکانیان کێبڕکێ بکەن و روحییەتێکی شۆڕشگێرانەیان هەبێت. چونکە پێیانوایە کە هەر کەسێك بۆ جیهاد لە ڕێگەی خوا هەنگاو بنێت ئەوە خوا هەموو هەڵە و گوناه و تاوانەکانی دەبەخشێت و هەر چۆن بمرێت شەهید دەبێت، ئەگەریش نەمرێت ئەوە خوا لە کۆتاییدا بەهۆی ماندووبوون و جیهادەکەی دەیباتە بەهەشت، هەروەها پاڕانەوە و نزاکانی قبووڵ دەکرێت. هەر ئەوەش وایکرد کە لەسەردەمی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا، ئێران بتوانێت بەرگری بکات و ئێستاش لە سووریا و شوێنەکانی دیکە شیعەکان بچن بۆ جیهاد و شەهیدبوون لە پێناو خودا و سەرکەوتنی مەزهەبەکەیان.(زرگر و نفر، ٢٠١٦: ١٥٠). لێرەوە ئەو بنەما و ڕەگەزە ناسنامەییەی کەلتووری سیاسی شیعە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی شیعە بۆ بەهاکانی گیانی خۆی بەخت بکات. واتا ئاسایشی بوونناسانە یاخود ناسنامەیی خۆی بپارێزێت نەك ئاسایشی مادی و جەستەیی و فیزیکی.

**٨- دۆستایەتی و دوژمانیەتی خوا(الولا و البرا ):**

یەکێك لە بنەما بڕواییەکانی شیعە بنەمای (الولا و البرا)یە کە بە مانای دۆستایەتی لەگەل دۆستانی خودا و دژومنایەتی لەگەڵ دوژمنانی خودایە. بەم پێیە بنەمای "تولی و تبری" چۆنییەتی پەیوەندی و دەستنیشانکردنی پەیوەندیی تاکە خاوەن بڕواکان لەگەڵ بێ بڕوا و کافرەکان دەستنیشان دەکات.(زرگر و نفر، ٢٠١٦: ١٥١). لێرەوەش لە بواری سیاسی دۆستان و هاوپەیمانان و دوژمنان دەستنیشان دەکرێن. کەواتا ڕەگەزە ناسنامەییەکانی کەلتووری سیاسی و ئیسلامی شیعەیە کە دەستنیشانی دۆست و دوژمن و بەرژەوەندییەکان دەکات.

**٩- فەرمان بە چاکە و ڕێگەگرتن لە خراپە:**

شیعەکان بڕوایان وایە کە هەر کەسێکی موسوڵمانان پێویستە چارەنووسی کۆمەڵگەکەی دەستنیشان بکات و ڕۆڵ و ئەرکی هەیە. بەپێی ئەم ئەرکە هەر ڕووداوێك کە ئەگەر دژی بنەما ئایینییەکان بێت، پێویستە حکومەت و تاکەکان کاردانەوە و هەڵوێستی هەبێت. واتا کاری چاك و ڕێگە لە خراپە بۆ هەموو موسوڵمانان ئەرکێکی ئایینییە. ئەمەش بەهۆی ئاوێتە بوونی سیاسەت و ئایین لە مەزهەبی شیعەدا(بەپێی خوێندنەوەی فەرمی و یاسایی کۆماری

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئیسلامی) وا دەکات کە هەموو پرس و بابەتە سیاسییەکانیش بگرێتەوە. بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی ئیسلامی(الهی نیا، ٢٠١٢: ٣٠٢).

### ١٠- دادپەروەریخوازی:

بەپێی بنەماکانی مەزهەبی شیعە، هێنانەدیی دادپەروەری و یەکسانی بۆ کۆمەڵگە ئەرکی تاکی خاوەن بڕوای موسوڵمانە. چونکە بە بڕوای ئەوان ئیمامەکان بۆ دادپەروەری شۆڕشیان کردووە یاخود شەهید بوونە. بۆیە دستەبەرکردنی دادپەروەری زەمینە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئیسلام و دامەزراندنی حکومەتی دادپەروەریی ئیسلامی خۆش دەکات و ژینگەی پڕ لە دڵنیایی و متمانەش بۆ موسوڵمانەکان فەراهەم دەکات کە تیایدا ئاسایش بەرقەرارە. چونکە نەبوونی دادپەروەری دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئیمان و بڕوا و بێمتمانەیی و دووبەرەکی و نائاسایشی.(جمشیدی، ٢٠٠٩: ٣٠٠). بەم شێوازەش، ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و...هتد، بەرجەستە دەبێت بە شێوەیەکی فراوان. واتا ئاسایشی نەتەوەیی ناجێگیر دەبێت و زەمینە فەراهەم دەبێت بۆ گۆڕینی خودی سیستەمە سیاسییەکە بەهۆی زوڵم و ستەمکاری و بێ بەشبوونەوە.

### ١١- کەلتووری خۆبەختکردن(التضحیه) و شەهادەتخوازی(الاستشهاد):

خۆبەختکردن وەکو چەمکێکی پیرۆز لەلای شیعەکان لە بواری جۆراوجۆردا بەرجەستە دەبێت. ئەمەش کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسیی شیعەکان داناوە. چونکە تەنیا پیاوانی خوا خۆیان و دارایی خۆیان بۆ رێگەی سەرکەوتنی ئایینی خوا بەخت دەکەن. ئەمەش وادەکات کە روحییەتی شەهادەتخوازی لەلای شیعەکان بەگشتی بەرجەستە بێت. بەم مانایە کە مرۆڤی شیعە بۆ بەها و بنەما ئایینییەکان گیانی خۆی بەخت دەکەن. شەهیدبوونیش باڵاترین پلەی خۆبەختکردنە لە پێناوی ئیسلام-شیعە. ئەوەش دەتوانێت هێزێکی زۆری مادی و مەعنەوی بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی فەراهەم بکات.(زرگر و نفر، ٢٠١٦: ١٥٣).

# ٢- نۆرمە ناسنامەییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران

## ٢-١- دامەزراندنی حکومەتی جیهانیی ئیسلام

شۆرشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا بووە هۆی درووستبوونی سیستەمێکی سیاسی بە ناسنامەیەکی سەربەخۆ و نوێ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە ناوی "کۆماری ئیسلامی ئێران". ئەم ناسنامەیەش گرنگترین بنەما و و رەگەزە پێکهێنەرەکانی بریتی بوو لە بەها و نۆرمەکانی کەلتووری ئیسلامی-مەزهەبی بە پێداگری لەسەر رەگەزی شیعی. ئەوەش بووە هۆی درووستبوونی ناسنامەیەکی شۆرشگێرانە-ئیسلامی بۆ ئەم دەوڵەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١٢: ١٨٥)[٢٣].

لەبارەی سروشتی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەتوانین ئاماژە بە مادەی (١٧٧) لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین کە بەپێی ئەم مادەیە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە ناوەرۆکیی بنەمایی و تایبەتی ئەم سیستەمە سیاسییە کە بە ئیسلامیبوونەکەیەتی، بنەمایەکی نەگۆڕی هەمیشەییە و قابیلی دەسکاریکردن نییە. بۆیە پێویستە هەموو یاسا و رێنماییەکان بۆ بنەما و بەها و بڕوا و ئامانجە ئیسلامییەکانی ئەم کۆمارە بگەرێتەوە. هەروەها بنەماکانی کۆماری و ویلایەتی رەهای "فەقیە" و رەسەنایەتی ئومەتی ئیسلامی و مەزهەبی فەرمی دەوڵەت بنەماگەلێکی نەگۆڕن. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر ئەو رەگەزە ناسنامەییانە بە مانای هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت ئاسایشی بوونناسانەکەیەتی. بۆیە بەپێی مادەی (٤) لە دەستور دەبێت هەموو یاسا و رێنماییە مەدەنییەکان، سزاکان، داراییەکان، ئابوورییەکان، ئیدارییەکان، کەلتوورییەکان و لەشکری و سیاسییەکان بەپێی بنەماکانی ئیسلام بێت. (پورسعید، ٢٠٠٨: ٥٥٧).

---

[٢٣] - **بۆ زانیاری زیاتر:**

**پێکهاتە و بنەماکانی ئەم سیستەمە سیاسییە بە ناسنامەی ئیسلامی-شیعی لە مادەکانی(٢، ٤، ١٢، ٧٢، ٨٥، ٩١، ٩٤، ١٠٥، ١٧٠، ١٧٧) دەستوردا دەردەکەوێت. هەروەها دامەزراوەکانی باڵای بڕیار و چاودێری بە سەر جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە بەپێی مادەکانی دەستور بریتین لە:**

**أ- ویلایەتی فەقیە لە مادەکانی(٥، ٥٧، ١٠٧، ١٠٩، ١١٠، ١٣٠ و ١٧٧)دا ئاماژەی پێکراوە.**

**ب- ئەنجوومەنی پارێزەری دەستور لە مادەکانی(٤، ٧٢، ٨٥، ٩١، ٩٣، ٩٤، ٩٦ و ٩٩)دا ئاماژەی پێکراوە.(بڕوانە: رەپییک، ١٩٩٨: ١٣٨).**

لێرەوەیە کە لە رووی رەهەندی ئاسایشی سیاسییەوە، سەقامگیریی دامەزراوەیی و پێکهاتەیی ئەو سیستەمە سیاسییە هەروەها ئایدیۆلۆژیای رەوایەتیپێدەر بە دەوڵەت دەگرێتەوە. بەم پێیەش هەر فاکتەرێك کە بەپێچەوانەی ئەمە بێت، ئەوە نائاسایشی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.(ابوالفتحی و نوری: ٢٠١٣: ١٦).

هەر بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ئاسایشیی دەرەکییەکانە کە لە پێشەکیی دەستوری کۆماری ئیسلامی هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩دا هاتووە، کە بە هۆی ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی، پێویستە دەوڵەت زەمینە و هەلومەرجی بەردەوامیی ئەم شۆرشە ئیسلامییە لە دەرەوە فەراهەم بکات، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوە ئیسلامییەکاندا و هەوڵبدات کە زەمینەی درووستبوونی ئومەتێکی تاکانەی ئیسلامی ئامادە بکات.(مدنی، ١٩٩١: ٤٣٢).

هەروەها یەکێك لە گرنگترین نۆرمەکانی ناسنامەیی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دەرهاویشتەی کەلتووری ئیسلامی-مەزهەبیی ئێرانە، هەوڵدانە بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی ئومەتی ئیسلامی و دروستکردنی حکومەتی ئیسلامیی تاکانەیە لە سەرتاسەری جیهان. هەر لێرەوەیە کە لە روانگەی کۆماری ئیسلامییەوە سیستەمی نێودەوڵەتی لە یەکە سیاسییە نەتەوەییەکان دروست نابێت بەڵکو لە دوو ناوچەی "دار الاسلام و دار الكفر" دروست دەبێت.(جوادی ارجمندی و چابکی، ٢٠١٠: ٤٦). هەروەها مادەی (١١) لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئاماژە بەو بنەما ناسنامەییە دەدات و دەڵێت: "بەپێی ئایەی(إن هؤه امتكم امه واحده و أنا ربكم فاعبدون)، هەموو موسوڵمانان ئومەتێکی تاکانەن و بەم پێیە کۆماری ئیسلامی پێویستە تا سیاسەتە گشتییەکانی خۆی لەسەر بنەمای هاوپەیمانی و یەکێتیی نەتەوە موسوڵمانانەکان دابمەزرێنێت و هەوڵبدات بۆ ئەوەی یەکێتی سیاسی و ئابووری و کەلتووریی جیهانی ئیسلام بێتەدی".(ایران منش، ١٩٩٩: ٣٤٢).

بەپێی کەلتوور و روانگەی کۆماری ئیسلامی، جوگرافیای جیهان بەپێی بنەما و یاسا بڕواییەکان دارێژراوە. بەم مانایە کە هەموو شیعە و موسوڵمانان لە یەك بەرە یاخود یەکەی جوگرافیی بڕوایی و سیاسیدان، مرۆڤ و دەوڵەتان و حکومەتەکانی دەرەوەی بازنەی ئیسلام لە یەکەی جوگرافیی بڕوایی بەرامبەریدان. لەم روانگەیەوە جیهان بۆ سەر دوو ناوچەی ئومەتی ئیسلامی و ئومەتی کوفر دابەش دەبێت. بەم پێیە جیهانی ئیسلام ناتوانێت لەسەر بنەمای ئەتنیکی و نەتەوەیی و نەژادی و زمانی و کەلتووری و ...هتد، دابەش ببێت. هەر لەم روانگەیەوەیە

کە "ئایەتوڵلا خومەینی" ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، یەکپارچەیی جیهانی ئیسلام، درووستبوونی ئومەتی ئیسلامی، درووستکردنی حکومەتی جیهانیی ئیسلام و کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای دادپەروەری و ئایینی پێغەمبەر، پشتیوانی و پاڵپشتی لە چەوساوەکان و زوڵملێکراوانی جیهان، بڵاوکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی و ئیسلام و شیعەی دوازدە ئیمامی لە سەرتاسەری جیهان و ئامادەکاری بۆ دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی و رزگاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بە ئامانجی کۆتایی سیستەمی سیاسیی و حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانێت.

### ٢-٢- بنەمای نەفیی سەبیل

"ئایەتوڵلا خومەینی" لەم بارەیە دەڵێت: "ئەگەر پەیوەندییە بازرگانی و سیاسییەکان کە لە نێوان دەوڵەت ئیسلامییەکان و دەوڵەتە بیانییەکان ئەنجام بدرێت و ببێتە هۆکاری زاڵبوون و باڵادەستی کافرەکان بەسەر وڵات و دارایی موسوڵمانەکان، یاخود ببێتە هۆی پابەندبوونی سیاسییان، ئەوە ئەو پەیوەندییانە حەرامن و پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانیش پووچەڵ دەبێتەوە و لەسەر هەموو موسڵمانانی جیهان ئەرکە کە رێبەرەکانیان ڕێنوێنی بکەن بۆ چوونە دەرەوە لەو پەیماننامە و ڕێککەوتن و پەیوەندیانە".(امام خمینی، صحیفەنور، ج ١: ٤٨٥). بەپێی فقهی شیعە بەگشتی و نۆرمە ناسنامەییەکانی ئەو سیستەمە سیاسییە، ئەمە لە دەستوری ئێران ئەولەوییەتی ئەو دەوڵەتەیە و هەر لە مادەی (١٥٢) تاوەکو (١٥٤)دا، بە ئاشکرا ئاماژە بەو بنەما و نۆرمە ناسنامەییەی کە بە "نەفیی سەبیل"، واتا ڕێگەگرتن لە دزەی ناموسوڵمان و کافرەکان دەکات و حکومەت رادەسپێردرێت کە کار بەو نۆرمە بکات و لە هاوکێشە و پەیوەندییە سیاسی و ناسیاسییەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا بێلایەن بێت. هەروەها لە مادەی (١٤٥) و (١٤٦)ی دەستوردا، دامەزراندنی بنکەی لەشکری بیانی لەناو خاکی ئێران قەدەخە دەکات.(دەستوری کۆماری ئیسلامی هەموارکراوی ساڵی ١٩٨٩).

### ٢-٣- دادپەروەریخوازی و دژایەتی دەسەڵات و سیستەمی زاڵی نێودەوڵەتی

کۆماری ئیسلامی دادپەروەریخوازی و بەرەنگاربوونەوەی زلهێزان و سیستەمی نێودەوڵەتی نا-ئیسلامی زاڵ بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەرێگەی جیهاد بۆ دادپەروەری بەپێی ئەم سیستەمە سیاسییە ئەرکی موسوڵمانان دەزانێت.(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١١: ٩٦). لەم بارەیەوە، دەبینین برگەی سێیەم لە مادەی سێیەمی دەستوری ئێران، ئەو سیستەمە رادەسپێرێت کە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتەگەڕ. هەروەها لە مادەی (١٩)ی دەستوردا ئاماژە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئیسلامی و لە مادەی (١٥٦)دا ئاماژە بە

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

دادپەروەری دادوەری ئیسلامی دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە دەستوری ئێران، سیستەمی سیاسی پابەند دەکات بە پاڵپشتی لە موستەزعەفین و بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهانی ئیسلام. بۆ نموونە لە مادەی (١٥٤)ی دەستوردا. هەروەها "ئایەتوڵلا خومەینی" لەم بارەیەوە دەڵێت: "پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران پاڵپشتی راشکاوانە لە نەتەوە زوڵملێکراوەکانی جیهان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکان لە سەرتاسەری جیهان بکات کە لە رێگەی خوا و حەق و حەقیقەت و ئازادیدا دژی زاڵمەکان خەبات دەکەن".(امام خمینی، صحیفەنور، ج ١١: ٢٥٩).

نۆرمی رەتکردنەوەی دەسەڵات و سیستەمی زاڵی نێودەوڵەتی پەیوەندی لەگەڵ نۆرمەکانی دیکەوە هەیە. لە روانگەی ئێرانەوە دژایەتی سیستەم و خەبات دژی ئیستیکبار، بەگشتی رەتکردنەوەی ژێردەستەیی و دەسەڵاتخوازییە. لەبارەی ئەم بابەتە دەتوانین ئاماژە بە برگەی سێیەم لە مادەی (٢) لە دەستور بکەین، تێیدا ئاماژە دەکرێت بەوەی کە کۆماری ئیسلامی بەرپرسیارە تاوەکو سیاسەتی دەرەکیی خۆی لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی دەسەڵاتخوازی هێزە بیانییەکان و ژێردەستەیی دابرێژێت.(ایران منش، ١٩٩٩: ١٦٣). سەرباری ئەوەش، لە مادەی (١٥٢) تاوەکو (١٥٤)ی دەستوردا بە ئاشکرا ئەو ئەرکە لەسەر شانی کۆماری ئیسلامی دانراوە کە پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی هەر جۆرە ژێردەستەیی و قبووڵکردنی دەسەڵاتی دەرەکی و بیانیدا بینا بکات و خۆی لە هەر جۆرە رێککەوتنێك ببوێرێت، کە دەبێتە هۆی باڵادەستی هێزە بیانییەکان بەسەر سەرچاوە سرووشتی و ئابووری و ...هتد.

بۆ ئەو مەبەستەش دەستوری ئێران بنەمای پاڵپشتی لە چەوساوەکانی جیهان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی خستۆتە روو. لەم بارەیەوە لە مادەی (١٥٤) دەبینین ئاماژە بەوە دەکات کە کۆماری ئیسلامی ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە بە بێ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی نەتەوەکانی دیکە پاڵپشتی لە خەباتی مافخوازانەی چەوساوەکان لەهەمبەر زۆرداران لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، بکات. ئەمەش بۆ ئەوەی کە بەپێی برگەی سێیەم لە مادەی (٢) دەستوردا، کۆماری ئیسلامی بتوانێت دژی زوڵم و سیستەمی زاڵی چەوساندنەوە لە هەر شوێنێکی جیهان خەبات بکات، بۆ ئەوەی بەڵێنی ئیلاهی کە هەمان سەروەریی چەوساوەکانە لەسەر زەوی، بە سەرتاسەری جیهاندا بێتەدی.

بۆیە، "ئایەتوڵلا خومەینی" دەڵێت: "جەنگی ئێمە جەنگ لەگەڵ عێراق و ئیسرائیل نییە، جەنگی ئێمە جەنگ لەگەڵ سعودیا و شێخەکانی کەنداو نییە، جەنگی ئێمە لەگەڵ میسر و ئوردون و مەغرب نییە، جەنگی ئێمە لەگەڵ زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا نییە، جەنگی ئێمە جەنگی قوتابخانە بیروباوەڕییەکەمانە لە دژی هەموو ستەم و چەوسانەوەیەك. جەنگی ئێمە جەنگی ئیسلامە لەگەڵ نایەکسانیی جیهانی سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، جەنگی ئێمە جەنگی خەڵکە پێ پەتییەکانە لەگەڵ خۆشگوزەرانی و دەسەڵاتدارییەتی بێ دەردی وڵاتانی ئیسلامی".(امام خمینی، صحیفەنور، ج ٢١: ٦٨). سەرباری ئەم روونکردنەوەیە، ئایەتوڵلا خومەینی دەڵێت: "جەنگی ئێمە لە چوارچێوەی وڵات سنووردار ناکرێت. ئەم جەنگە ماڵ و شکست و نەبوونی و هەژاری و برسییەتی ناناسێت. ئەم جەنگە جەنگی بیروبڕوایە. جەنگی بەها بڕواییەکانمانە و بەها شۆڕشگێرانەکانمانە لەگەڵ جیهانی خراپە و بێزراوی هێز و پارە و خۆشگوزەرانی".(امام خمینی، صحیفەامام، ج ٢١: ٦٩).

هەروەها کۆماری ئیسلامی بۆ وەدیهاتنی ئەم نۆرمە ناسنامەییە لە سیاسەتە گشتییەکانی، بەرنامەی پێنجەمی پەرەپێدان لە چوارچێوەی بەڵگەنامەی روانگەی بیست ساڵەی کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن "ئایەتوڵلا خامنەیی"ەوە راگەیێندرا، لە مادەی (٣٧) دا هاتووە کە دژایەتیی دوژمن و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمی سوڵتە و پابەندی بۆ بەها ئیسلامییەکان و شۆڕشگێرانەکان پێویستە لە سەرووی هەموو پرسە سیاسی و ئاسایشییەکاندا بێت. هەروەها لە مادەی (٣٩) هەمان بەرنامەدا میکانیزمیەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشان دەکات کە بریتین لە(متقی و ازرمی، ٢٠١٤: ٨):

أ- رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتداران و سیستەمی دەسەڵاتی زاڵی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانی دەرەکی.

ب- هەوڵدان بۆ دەرکردنی بێگانەکان و ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

### ٢-٤- پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیی سیستەمی ئیسلامی

بابەت و پرسی ئاسایش لە روانگەی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت "خومەینی"، بریتییە لەوەی کەوا هەموو رەگەز و پێکهێنەرەکانی دروستکەری کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستە ئەرکیان پاراستن و پارێزگاری لەو پرسە بێت.(امام خمینی، صحیفەامام، ج ١٤: ٣١٥). بەم پێیە پاراستنی حکومەتی ئیسلامی ئێران ناوەرۆك و گەوهەری پرسی ئاسایشییە. بۆیە "خومەینی دەڵێت": "پاراستنی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە پاراستنی ئیمامی مەهدی

گرنگی زیاترە. چونکە ئیمامی مەهدییش خۆی فیدا دەکات بۆ پاراستنی ئیسلام".(امام خمینی، صحیفهامام، ج ١٥: ٣٦٥).

ئەم نۆرمە ناسنامەییە دوو دەرهاویشتەی بۆ رەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی هەبووە(مشیرزاده، ٢٠٠٦: ٢٣):

١- لەلایەك بەپێی ئەو بنەمایە بەرژەوەندی سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای مانەوەی دەوڵەتی ئیسلامییە و ئێران خۆی لەگەڵ نۆرمە نێودەوڵەتییەکان گونجاندووە.
٢- لەلایەکی تریشەوە ئەم بەرژەوەندییە بە مانای پاراستنی بەها و رێسا ئیسلامییەکان سەرباری رێگەگرتن لە نفووزی بیانییەکان بووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە نۆرم و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دوور کەوتۆتەوە.

"ئایەتوڵلا خومەینی" لەم بارەیە دەڵێت: "ئەگەر ئەم کۆمارە ئیسلامییە لەناو بچێت، ئیسلام بە رادەیەك پەراوێز و پشتگوێ دەخرێت کە تا هەتایە و تاوەکو سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی نەتوانێت سەری خۆی بڵند بکات".(امام خمینی، صحیفهنور، ج ١٣: ٩٥). بەم شێوەیەش، دەبینین "ئایەتوڵلا خومەینی" کەوا خودا بە سەرچاوەی ئاسایش دەزانێت کە لە ئیسلام و کۆماری ئیسلامیدا بەرجەستە بووە و ئەرکی پارێزگاری لە ئاسایشی لە ئەستۆدایە. بۆیە پێویستە بەرگری لە مانەوە و ئاسایشی کۆماری ئیسلامی بکرێت. بەم پێیە سەرچاوەی ئاسایش لە ئایدیای حکومەتی کۆماری ئیسلامی و دامەزراوەکانی و موسوڵمانان(ناوخۆیی و دەرەکی) دایە. بۆیە "ئایەتوڵلاخومەینی" دەڵێت: "پرسی پارێزگاری و پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە گرنگترین ئەرکە عەقڵی و ئایینییەکانە".(امام خمینی، صحیفهامام، ج ١٩: ١٠٦). هەروەها لە درێژەدا "خومەینی" دەڵێت: "پاراستنی ئیسلام ئەرکێکی ئایینییە کە لە هەموو ئەرکە ئایینییەکانی دیکە سەرووترە و هیچ ئەرکێك لە ئیسلامدا لە پاراستنی خودی ئیسلام سەرووتر نییە، بۆیە ئەگەر پاراستنی ئیسلام بەرزترین ئەرك بێت، ئەوە گەورەترین و باڵاترین ئەرك بۆ ئێمە و ئێوە و هەموو نەتەوە و گشت زانا و مەلاکانی ئایینی بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمارە ئیسلامییەیە".(امام خمینی، صحیفهنور، ج ١٥: ٢٠٣).

ئەوەی جێگەی گرنگییە ئەوەیە کە "ئایەتوڵلا خومەینی" دەڵێت: "هەموو تاکەکان ئەرکیان ئەوەیە کە پارێزگاری لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن و ئەمە ئەرکێکی عەینییە، لە نوێژیش گرنگترە. لەبەر ئەوەی کە ئەوە بە واتای پاراستنی ئیسلامە، نوێژیش تەنها لقێکە لە لقەکانی ئیسلام. ئەم ئەرکەش بۆ هەمووانە، تەنانەت ئەو موسوڵمانانەی کە لە ئەفریقیان، ئەرکی پاراستنی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە سەرشانیان".(امام خمینی،

صحیفەنور، ج ۲۰: ۱۷۰). بۆیە "خومەینی" دەڵێت: "کۆماری ئیسلامی واتە ئیسلام...".(امام خمینی، صحیفەامام، ج ۱۹: ۱۱۲)، (امیرخانی، ۲۰۱۱: ۸۸).

ئەم نۆرمە بۆتە هۆی ئەوەی کە پراگماتیزم و بەرژەوەندیخوازی و گەشەپێدان ببێتە هۆی هاتنە ئارای بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەم پێیە پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران. لێرەوە پاراستن و بەرژەوەندیی سیستەمی سیاسی لە سەروو هەموو ئامانج و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئاسایشییەکاندایە. (پورسعدی، ۲۰۰٤: ۷۳۲). هەر لەو پەیوەندییە دایە کە خودی خومەینی پێیوایە کە ئەگەر بەرژەوەندیی ئیسلام و مانەوەی بکەوێتە مەترسییەوە ئەوە سیخوریکردن، درۆکردن و تەنانەت خواردنەوەی شەرابیش رەوا و واجبە.(بهروزی لك و همدانی، ۲۰۱٤: ۲٦). بەم پێیە ئەگەر پاراستنی ئیسلامیش گرێدراوی پاراستنی سیستەمی سیاسی و ئیسلامی ئێران بێت، ئەوە پاراستنی ئەو حکومەتە لە سەرووی هەموو ئەرك و ئامانجە ئایینییەکانی ترەوە دێت. چونکە ناسەقامگیری و نائاسایشی لە کۆمەڵگە و سیستەمی ئیسلامی، دەبێتە هۆی لەناوچوونی گیان و دەوڵەتی ئیسلامی و ناسنامەی موسوڵمانەکان.(شریعتی، ۲۰۰۸: ۲٦۰). چونکە کۆماری ئیسلامی پێیوایە کە چوارچێوەی ئێرانی ئیسلامی ئێستاکە سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی نشتیمانی جیهانیی ئیسلام. بۆیە پاراستن و بەهێزکردنی دەبێتە هۆی بەهێزبوونی جەمسەری جیهانی ئیسلام و دروستکردنی ئومەتی ئیسلامی. (نخعی، ۱۹۹۷: ۲۹۹).

لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ جێگیرکردنی حکومەتە ئیسلامییەکەی و بەهێزکردن و مانەوەی شۆرش پێویستی بە هەرێمی جوگرافیایی و بنکەیەکی خاوەن ئاسایش هەیە. جا لەبەر ئەوەیە کە پێویستە ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە بپارێزرێت. ئەم بنەما ناسنامەییەش، لەسەروو هەموو ئامانج و بەرژەوەندییە ئاسایشییەکاندایە. بەم تێگەیشتنەش دەبینین کەوا هەموو ئامراز و بوار و رەهەندەکانی تری ئاسایشی لە خزمەت ئەم ئامانجەدایە.

# ٣- رۆڵ و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەیی کۆماری ئیسلامی

## ٣-١- رۆڵی ئێران وەکو دەوڵەتێکی هەناردەکەری شۆرش

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ناسنامەیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران[٢٤] کە دەرهاویشتەی رەهەندی شۆرشگێرانە-ئیسلامیی ئەم دەوڵەتەیە، دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتەیە وەکو دەوڵەتێکی هەناردەکەری شۆرش. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکە بە ناسنامەی شۆرشگێرانە کە پەیرەوەی لە مۆدێلی شۆرشگێری دەکات و خوازیاری بڵاوکردنەوەی ئەو شۆرشەیە، بەڵام بەهۆی سروشتە ئیسلامییەکەی لە سیستەمە شۆرشگێرانەکانی تر جیاوازە.(دهقانی فیروزابادی، ٢٠٠٨: ٣٠٥).

لە راستیدا ئەم تایبەتمەندییە ناسنامەییەی کۆماری ئیسلامی، دەکرێت لە بەرجەستەکردن و راڤەی رادیکالی دەقە ئایینییەکان کە پێکهێنەری ناسنامەی ئەم دەوڵەتەیە ریشەکەی بدۆزرێتەوە. نۆرمەکانی وەکو: هەوڵدان بە ئاراستەی دروستکردنی حکومەتێکی ئیسلامیی یەکگرتوو و تاکانە لەسەر ئاستی جیهان دا، بڵاوکردنەوەی ئیسلام، یەکێتی ئیسلامی، پاراستنی بەرژەوەندیی سیستەمی ئیسلامی، بنەمای بانگهێشتکردن و بانگەواز و بڵاوکردنەوەی ئیسلام و...هتد، هەموو ئەم بنەما هزری و مانایانە پەیوەندیدارە بە دەستوری ئەو دەوڵەتە لەبارەی بڵاوکردنەوەی شۆرش و حکومەتی ئیسلامی-شیعی. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی خۆی وەکو دەوڵەتێکی هەناردەکەری شۆرشی ئیسلامی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنێت و پێناسە بکات.(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١٢: ١٩٠).

---

**[٢٤] - لە بەشی سێیەم و چوارەم دا روانگە و کارلێکی ئەکتەرە هەرێمی و سەروو هەرێمییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە وردی دەخرێتە روو، بەڵام بۆ زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر لە روانگەی رۆژاواییەکان لە رۆڵ، بەها و نۆرمە ناسنامەییەکانی کۆماری ئیسلامی بڕوانە:**

Farhang Rajaee & Kenneth W. Thompson(1984), Islamic Values and World View: Khomeyni on Man, the State and International Politics (American Values Projected Abroad, Vol. 13), University Press of America. Available at: <https://web.archive.org/web/20090326213807/http://webstorage1.mcpa.virginia.edu/library/mc/forums/published/americanvalues13.pdf >. Last visited: 18-10-2019.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لەژێر سێبەری ئەم تێگەیشتنە، هەناردەکردنی شۆڕش لە سێ بنەمای هزری و رەگەزی ناسنامەییەوە سەرچاوە دەگرێت(دهقانی فیروزابادی، ٢٠٠٨: ٢٠٣):

١- بنەمای بانگهێشتکردن و بانگەواز هەروەها سروشتی جیهانی و گشتگیری ئیسلام.

٢- سروشتی سەروو نەتەوەیی شۆڕشی ئیسلامی.

٣- دادپەروەریخوازی ئیسلامی-شیعی.

لە روانگەی "ئایەتوڵلا خۆمەینی"یەوە هەناردەکردنی شۆرش هەم بۆ موسوڵمانانە هەم بۆ ناموسوڵمانان و مەستەزعەفانی جیهان، تاوەکو ئەوانیش ببنە ئیسلام و ئومەتی ئیسلامیی یەکگرتوو بە شێوەیەکی بەرفراوان و گەورە پێکبێت. واتا هەناردەکردنی شۆرش سەرەتای ئامانجێکی گەورەتر و گرنگترە کە ئەویش بریتییە لە یەکێتی و یەکانگیری ئیسلامییە.(قاسمی، ٢٠١٠: ١٣٧). "خومەینی" بە ئاشکرا دەڵێت: "ئێمە ئەم راستییە و حقیقەتەمان لە سیاسەتی دەرەکی و نێودەوڵەتیی ئیسلامیمان چەندین جار راگەیاندووە کە هەوڵی بڵاوکردنەوە و نفووزی ئیسلام لە جیهان دەدەین، هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی جیهان دەدەین و هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی جیهانخۆرەکان دەدەین. ئێستاکە ئەگەر نۆکەرانی ئەمریکا ناوی ئەم سیاسەتە دەنێن فراوانخوازی و ئیمپراتۆرییەت، ئەوە باکمان نییە و پێشوازیشی لێدەکەین".(امام خمینی، صحیفەنور، ج ٢٠: ٢٣٨).

لەسەر ئەم بناغە هزرییەی باسمان کرد، دەکرێت بڵێین کەوا هەناردەکردنی شۆڕش بە چوار مانای گشتی بەکار دێت، کە ئەمەش رۆڵ و رەفتاری تایبەت بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێنێت(دهقانی فیروزابادی، ٢٠٠٨: ٢٠٠-٢٠٢):

١- وشیارکردنەوەی خەڵك و نەتەوەکانیتر.

٢- رزگارکردن و ئازادکردنی نەتەوە و کۆمەڵگەکانیتر.

٣- دروستکردنی شۆڕشی بەردەوام لە دەوڵەتانی دیکە.

٤- بڵاوکردنەوەی بەها و بیروبڕوا و ئایدیاکانی شۆڕشی ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورە جوگرافیاییەکانی ئێران.

لە چوارچێوەی ئەم چوار مانایەدا، دەبینین لە دەستوری کۆماری ئیسلامیدا بنەمای هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی پێداگری لەسەر کراوە. بۆ نموونە: خۆشبەختی مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگەی مرۆیی، پاڵپشتی لە خەباتی مافخوازانەی چەوساوەکان لەهەمبەر (موستەکبرین) لە هەر شوێنێکی جیهان، شۆڕش و یەکێتی ئیسلامی و

یەکێتی جیهانی ئیسلام لە مادەی (١١) و بەرگری لە مافی هەموو موسوڵمانان و بەڵێنی برایانە لە هەمبەر هەموو موسوڵمانان لە مادە (١٥٢)دا.

### ٣-٢- ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی وەکو "ام القری" لە جیهانی ئیسلامدا:

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییە ناسنامەییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆناساندنی ئەم دەوڵەتەیە وەکو "ناوەند و ڕێبەری جیهانی ئیسلام" یاخود"ام القری لە جیهانی ئیسلام"دا. ئەم ڕۆڵە ناسنامەییە ریشەی لە سەرچاوە نێوان زەینییەکانی پێکهێنەری ناسنامەی حکومەتی ئیسلامی ئێراندایە. سەرچاوەگەلێك وەکو: خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی ئومەت لەبڕی نەتەوە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی حکومەتێکی ئیسلامی تاکانە لە جیهاندا، بە جیهانیکردنی ئیسلام و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەم سیستەمە ئیسلامییە. بەپێی ئەم تایبەتمەندیە و راڤەی دەقەکان "دار الاسلام" یەك وڵاتە و یەك دەسەڵات و سەروەریی هەیە، بەم پێیەش یەك کۆمەڵگە یاخود ئومەتی هەیە. بۆیە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کە لە پێگە و ڕۆڵی دەوڵەتەکەیان هەیانە، ئەوە دەوڵەتەکەیان ناوەندی ئەم "دار الاسلام"یە کە دەتوانێت ڕێبەری ئومەتی ئیسلامی بگرێتە ئەستۆ.(فیرحی، ٢٠١٠: ٢٣٠).

لە بازنەی خودی دکتۆرینی "ام القری" ئەگەر دەوڵەتێك لە نێوان دەوڵەتانی ئیسلامیدا بوو بە "ام القری"، ئەو کاتە سەرکەوتن و شکستی ئێران بریتییە لە سەرکەوتن و شکستی هەموو جیهانی ئیسلام. بۆیە پاراستنی ئاسایش و مانەوەی "ام القری" لە سەرووی هەموو ئەولەوییەتێك دایە.(ازغندی، ٢٠٠٢: ٣٦). لەبارەی ئەم ڕۆڵەی کۆماری ئیسلامی، "ئایەتوڵلا خومەینی" دەڵێت: “ئیمرۆکە جیهانی ئیسلام سیستەمی کۆماری ئیسلامیی وەکو تابلۆیەکی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان وێنا دەکات”.(امام خمینی، ١٩٩٩، صحیفەنور، ج ٢٠: ٢٦٥). بەم مانایە، پاراستنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی بە مانای پاراستنی ئاسایشی جیهانی ئیسلامە.(صدر، ١٩٩٥: ٧٤). بەپێی ئەم ڕۆڵە ناسنامەییەی کۆماری ئیسلامی، پێگەی کۆماری ئیسلامی بە پێگەیەکی گرنگ

دادەندرێت، بۆیە ناکرێت لە سنووره جوگرافیاییەکانی خۆیدا خۆی قەتیس بکاتەوە. بەم مانایە کە کۆماری ئیسلامی پێویستە بە شێوازێك سیاسەت و دیپلۆماسی خۆی دابرێژێت کەوا لە ئاست پێگەکەی لە جیهانی ئیسلامدا بێت.(لاریجانی، ١٩٩٠: ٤٥).

## ٣-٣- رۆڵی دەوڵەتێکی پاڵپشتیکەر و پشتیوانی چەوساوەکان، موسوڵمانان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکان

یەکێك لە رۆڵە ناسنامەیی و سەروو نەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرگرییە لە چەوساوەکان و موسوڵمانان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی سەرتاسەری جیهان، کە تەنانەت لە دەستوریشدا ئاماژەی پێدراوە و کۆماری ئیسلامی خۆی وەکو دەوڵەتێکی پشتیوانی موسوڵمانان و بزوتنەوەکان دەناسێت. ئەم تایبەتمەندییە ناسنامەییە بۆ ئێران ئەرکێکی رزگاریکەریی پێناسە دەکات و بەپێی ئەم ئەرکە دەوڵەت بەرپرسیارە کە نەتەوە چەوساوە ژێردەستەکان لە ستەمی ناوخۆیی و دەرەکی رزگار بکات.(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١٢: ١٩١). بە هۆی ئەم ئەرکە کۆماری ئیسلامی هەوڵدەدات کە هێزەکانی بۆ بەرگری و دروستکردنی هاوپەیمانییەتی لە دژی هەژموون و دەسەڵاتی زاڵ تەرخان بکات.(دهقانی فیروزابادی، ٢٠٠٨: ٣١٠).

هەرچەندە بەپێی راڤەی دەستەبژێرەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەها و نۆرمەکانی پێکهێنەری ناسنامەیی ئێران، بەپێی ئەولەوییەتی ئەو بەها و نۆرمانە لە پاڵپشتی و پشتیوانی لە موسوڵمانان و بزوتنەوەکان و چەوساوەکان، لە وانەی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی نەرم یاخود رەق تەنانەت لەشکری بگرێتەبەر. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە بەرژەوەندیی سیستەمی سیاسی و مانەوەکەی دەخوازێت کە لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکانییەتی و باڵاترین بەهای ناسنامەییە، ئەوە راڤەیەکی نەرم لە نۆرمەکانی دیکە دەکرێت و کاردانەوەی ئێران لە هەمبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەها و نۆرمە نێودەوڵەتییەکان توند نییە.(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١٢: ١٩٢).

## ٣-٤- رۆڵی کۆماری ئیسلامی وەکو دەوڵەتێکی دادپەروەریخواز لە دژی ئیمپریالیزم و ئیستیعمار:

ئەم تایبەتمەندییە ناسنامەییەی ئێران لە راڤە و بەرجەستەکردنی بەشێك لە سەرچاوە نێوان زەینی و مۆراڵییەکانی پێکهێنەری ناسنامەی ئیسلامی-شۆرشگێرانە وەرگیراوە. ئەم رۆڵە وادەکات کە نۆرم و بەهای دادپەروەریخوازی

و دژایەتی ستەم و ستەمکاری، ببێتە هۆکاری دژایەتی لەگەڵ سیستەم و دابەشکردنی هێزی سیستەمی نێودەوڵەتی و بەدوای جێگرەوە یاخود گۆڕینییەتی بۆ سیستەمێکی دادپەروەرانە.(رسولی ثانی ابادی، ٢٠١٢: ٦٣).

بەم پێیە سیستەمی کۆماری ئیسلامی دادپەروەریخوازی و بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو جیهانی ئیسلام و هەموو جیهان و مرۆڤایەتی دەوێت. (رمضانی، ٢٠٠٧: ٦٣). چونکە کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی پێشەنگی دژایەتی و خەبات لە دژی ستەمکاران و دەسەڵاتدارانی جیهانی بۆ خۆی پێناسە کردووە. بۆیە سازش و خۆبەدەستەوەدان لە هەمبەر زوڵم و ناداپەروەری رەتدەکاتەوە و داوای خەبات دەکات. چونکە خۆی بە پێشەنگی بەرەی خێر لە هەمبەر بەرەی شەر هەروەها ئیسلام لە هەمبەر کافران دەزانێت.

بەگشتی، فقە و بنەماکانی شیعە سەرچاوەی دامەزراندنی بنەما ئایینییەکانە لە ئێران، هەم ئایدیالیستییە هەم رەهەندی ریالیستی هەیە. بەپێی ئەم بنەما ئایینیانەش ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەم سیستەمەدا هەم رەهەندی ئایدیالیزمی ئایینی هەیە هەم روانگەی واقعگەرایی فقهی بەسەریدا زاڵە. بۆ نموونە پرسەکانی وەکو بەرژەوەندیی سیستەمی ئیسلامی و پێداویستییەکانی سەردەم یاخود بنەمای تەقیەی سیاسی، دەربڕی واقعگەراییە و بابەتەکانی دیکە وەکو دادپەروەریخوازی و دژایەتی چەوسانەوە و...هتد، ئایدیالیستییە.(شاکری، ٢٠٠٢: ٩٤).

### ٣-٥- ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ:

دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بێلایەن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ناسنامەیی کۆماری ئیسلامی و ڕۆڵی ئەم دەوڵەتەیە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بێلایەن لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، کە دروشمی"نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا" وەکو سیاسەتی باڵای ئەو دەوڵەتە لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، دەرهاویشتەی ئەم تایبەتمەندییەیە. ئەم هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیش بە مانای پێداچوونەوەخوازی و قبووڵنەکردنی ئەم دەوڵەتە بۆ نۆرم و بەهاکانی زاڵی سیستەمی نێودەوڵەتییە.(دهشیری، ٢٠٠١: ٣٢٩-٣٣٠). بۆیە پێکهاتە مۆراڵییەکانی پێکهێنەری ناسنامەی شۆڕشگێرانە-ئیسلامیی سیستەمی سیاسی ئێران، وەکو نۆرمەکانی بنەمای "نەفی سەبیل" و خۆراگری و بەرگری و..هتد، ڕۆڵێکی زۆریان لە دروستبوونی ئەم تایبەتمەندییە ناسنامەییەی ئێراندا هەبووە. بەپێی ئەم ڕۆڵە ناسنامەییە بووکە ئێران لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ دا

لە سیاسەتی دەرەکیدا بێلایەنی لە هەمبەر جەمسەرەکانی ئەوکاتەی جیهان راگەیاند و نەچووە ناو هیچ بەرەیەك و هەروەها رێگەی بە دامەزراندنی بنەکەی لەشکری بە وڵاتان لە ئێران نەداوە.( Ozcan&Ozdamar, 2009; 124). "ئایەتوڵلا خومەینی" لەم بارەیەوە دەڵێت: "کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت سەربەخۆ بێت... ئێمە دەمانهەوێت ئازاد بین و ژیانی خۆمان بەرێوەبەرین... ئێمە پەیوەندی ئاغا و رەعیەتمان ناوێت، چونکە وابەستەبوون بە هەر شێواز و جۆرێکی سیاسی و ئابووری، دەرخەری سیاسەتی سەربەخۆ نەبوونە".(امام خمینی، ١٩٩٩، ج ١٦: ٢٢٠).

# جیۆپۆلیتیک و گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران

## یەکەم: جیۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران

### ١- بنەما و رەهەندەکانی جیۆپۆلیتیکی کۆماری ئیسلامی

جیۆپۆلیتیك بریتییە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە دابەشکردنی جوگرافیایی هێز لە نێوان دەوڵەتانی جیهان و کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان. بەم پێیە، دەتوانین جیۆپۆلیتیك بە چوارچێوەیەك بزانین کە لە سێ رەگەزی: توانا-هێز، جوگرافیا و سیاسەت پێکەوە کارلێك دەکەن. دەتوانین بڵێین جیۆپۆلیتیك زانستی خوێندنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان جوگرافیا و هێز و سیاسەتە. کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە (٦٠٠٠)هەزار کیلۆمەتر سنوری وشکایی و نزیکەی (٢٧٠٠) کیلۆمەتر سنووری ئاویی لەگەڵ دەوڵەتاندا هەیە، بە یەکێك لە ناوچە ستراتیژییەکانی جیهان دادەندرێت.

ئێران لە دوای جەنگی جیهانی دووەم(١٩٣٩-١٩٤٥) لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئەمریکا و رۆژئاوادا بە مەبەستی کۆنترۆل و گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، گرنگی جیۆستراتیژیی هەبوو. هەر ئەمەش وایکرد کە سیاسەتی

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئەمریکا لە هەمبەر ئێران ئاراستە بکرێت. بۆ نموونە یارمەتی ئەمریکا بۆ سەرکەوتنی کودەتای ساڵی ١٩٥٣ لە دژی کابینەی "محەمەد موسەدیق" لە ئێراندا بە مەبەستی پاراستنی ئەو سیستەمە سیاسییە کە لایەنگری ئەمریکا و رۆژئاوا بوو. هەروەها پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئێران وایکردووە کە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی و رەفتارە دەرەکییەکانی ئێران کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییە ناوچەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەبێت. ئێران لە ناوەراستی ناوچەی ناسراو بە "هارتلند"(*heartland*)ی جیۆپۆلیتیکی سەدەی بیست و یەکەمدایە. ئەم جیۆپۆلیتیکە لەگەڵ سیاسەتی دوورە پەرێزی ناگونجێت و سیاسەتی دەرەکیی چالاکانەی پێویستە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر دارێژەرانی سیاسەتی ئێران دادەنێت.

پێکهاتەی جیۆپۆلیتیکی تایبەتی ئێران و بەکارهێنانی ناسنامە کەلتوورییەکەی وادەکەن کە دەوڵەتانی دراوسێی ئێران لە هەمبەر سیاسەت و رەفتارەکانی هەستیار بن و کاردانەوەیان لە دژی ئەو دەوڵەتە هەبێت، ئەمەش ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دەخاتە مەترسییەوە. لە رابردوودا جیۆپۆلیتیکی ئێران بە هۆی فاکتەرەکانی وەکو: سەرچاوەی سروشتی یاخود پێگەی جوگرافیایی پێگەیشتنەکەی ئێران لە نێوان ناوچە جیۆپۆلیتیکییەکانی تری جیهان، گرنگی زۆری پێدەدرا. بەڵام پاش شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ و رووخانی رژێمی شای هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا و رۆژئاوا لە ناوچەکەدا، ئێران بوو بە دوژمنی ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوایی. بۆیە دەوڵەتانی رۆژئاوایی لە هەمبەر ئێراندا هەست بە مەترسیی جیۆپۆلیتیکی دەکەن بە هۆی پێگەی جوگرافیایی و جۆری سیستەمی سیاسی و بەم پێیەش ئامانج و سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە.

پاش شۆرشی ئیسلامی لە ١٩٧٩دا لە ئاستی هەرێمییەوە بە هۆی ناکۆکی ئایدیۆلۆژیایی و ناسنامەیی شۆرشی ئیسلامی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، هەروەها ئایدیۆلۆژیا و ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی هێزە گەورەکان، ئێران کەوتە ناو پەراوێزی جیۆپۆلیتیکی. چونکە شۆرشی ئێران گۆڕانکاریی لە نێو دۆخی سیاسیی ناوچەی کەنداو دروستکردبوو، بەم مانایە کە لە لایەك رژێمی ئیسلامی رەوایەتی دەسەڵاتدارانی نەریتیی سوننە و دۆخی هەنووکەیی بردبووە ژێر پرسیار، هەروەها روانگەی "ئایەتوڵلا خومەینی" لەگەڵ چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی نەدەگونجا، بەتایبەت پرسی ویلایەتی فەقیە. لە لایەکی تریشەوە پرسی ئیسلامی شیعی ببووە هەڕەشە لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە کە رێژەیەکی بەرچاو دانیشتوانی شیعە مەزهەبیان هەبوو، وەکو بەحرەین، عێراق، کوەیت، لوبنان، یەمەن، پاکستان و سعودیا و...هتد.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بە گشتی ئێران وەکو ئەکتەرێك لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە هۆی پێگەی جیۆپۆلیتیك و جیۆستراتیژییەکەی(لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا) و هەروەها پێگەی ئێران لە جیۆپۆلیتیکی وزە(نەوت و گاز)دا و پێگە جیۆکالچەرەکەی(پرسی ئیسلام و ناوەندی شیعە)، بەهۆی دژایەتییەکەی لەگەڵ پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆتە پرسێکی ئاسایشی بۆ زۆربەی دەوڵەتانی جیهان. چونکە گرنگترین هەڕەشەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست بریتین لە بڵاوبوونەوەی تیرۆریزم، کێشەی عەرەب و ئیسرائیل و پرسی بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی و چەکی کۆکۆژ، کە هەموویان بە جۆرێك پەیوەندیان بە ئێرانەوە هەیە. بەم پێیە ئێران بە هۆی ئەم هەڵکەوتە ستراتیژییە تایبەتە و بەپێی سروشت و ناسنامە تایبەتەکەی هەروەها هێرشی لەشکری ئەمریکا بۆ دوو دەوڵەتی ناوچەکە(ئەفغانستان و عێراق)، هەوڵدەدات بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی و دوورخستنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان، توانا لەشکرییەکانی بەرز بکاتەوە. بۆیە ستراتیژی لەشکری خۆی بە چەمکی"دکتۆرینی بەرگری"(Defence doctrine)[٢٥] دەناسێنێت.

## ٢- جیۆپۆلیتیکی ئێران پاش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١

لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانەکانی ئەفغانستان و عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠١، رۆڵی بکەرایەتی و پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئێران بەرزتر بوویەوە. لە لایەك هاوسنووری و لە لایەکی دیکە دروستبوونی حکومەتی زۆرینەی شیعی لە عێراق وایکرد کە پێگەی ئێران لە هاوکێشە ئاسایشییەکانی ناوچەکەدا بەرز ببێتەوە. واتا ئەم رووداوانە کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردە خاڵی پێگگەیشتنی پرسە سیاسی و ئاسایشییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و رۆڵی ئێران

---

**[٢٥] - یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرزکردنەوەی توانای لەشکریی و دارشتنی دکتۆرینی بەرگری خۆی بە هۆی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی بریتییە لە پارێزگاری لە سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی و رێگەگرتن لە هەڕەشەی دەرەکی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، ئاسایشی نەتەوەیی، سەروەری نەتەوەیی و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی نەتەوەیی ئێران.(بڕوانە: دهقانی فیروزابادی، ٢٠١٠: ١٤٣). بۆیە بەرزبوونەوەی ئاست و رێژەی کڕینی چەک و کەلوپەلی پێشکەوتووی لەشکری لە لایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەزموونی جەنگی هەشت ساڵە(١٩٨٠-١٩٨٨) وایکردووە کە ئێران روو لە بەدەستهێنان و بەرزکردنەوەی توانای مووشەکی خۆی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ رووسیا لەم بارەیەوە کەوتۆتە دانووستاندن بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی. ئێران هەوڵیداوە بۆ دەربازبوون لەو پێگە جیۆپۆلیتیکییە هەستیارەیدا کە گەمارۆ دراوە، تواناکانی مووشەکی و لەشکریی خۆی بەرز بکاتەوە. بۆ نموونە ئێران کار لەسەر پرۆژەکانی موشەکە دوورهاوێژەکان کە زیاتر لە (٣٠٠٠)کیلۆمەتر دەهاوێژرێن، دەکات بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.(See: Entessar, 2004; 545-547).**

بە هۆی فاکتەر و رەگەزی شیعی گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی. هەروەها پێگەی جیۆسیاسیی ئێران رۆڵی لە جەنگی دژی تیرۆریزم(القاعدە) لە ئەفغانستان بینی. لە لایەك ئێران هاوکاری هەواڵگری و ئاسایشی لەگەڵ ئەمریکا کرد و پاڵپشتی لە هێزەکانی هاوپەیمانییەتی باکوری ئەفغانستان کرد و لە لایەکی دیکەشەوە، ئێران هاوکاری دامەزراندنی حکومەتی نوێی ئەفغانستانی کرد و رێگەی لە گواستنەوەی هێزەکانی القاعدە بۆ شوێنەکانی تری جیهان گرت.

ئەمەش چەندین دەرفەتی بۆ کۆماری ئیسلامی بە ناسنامە شیعییەکەیەوە دروستکرد. هەروەها جەنگی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨ لە لوبنان لە نێوان حیزبوڵلای لوبنان و ئیسرائیلدا پاشان بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ و رووداوەکانی سووریا وایکرد کە لە ناوچەکەدا دوو بەرەی سەرکی دروست ببێت. بەرەیەك بە رێبەرایەتی ئێران و بەرەیەك بە رێبەرایەتی سعودیا و دەوڵەتانی سوننەی عەرەبی. هەروەها لە عێراقدا بە هۆی بەرجەستەبوونی رەگەزی ناسنامەیی شیعە لە پێکهاتەی سیاسی ئەو دەوڵەتەدا، سەرباری پەیوەندی نزیك و بەهێزی حکومەتی نوێی عێراق لەگەڵ ئێران، نەك تەنیا رۆڵی ئێرانی لە عێراق بەرزتر کردەوە، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی کە رۆڵ و پێگەی ئێران لە کۆی ناوچەکەدا بەرزتر ببێتەوە.

### ٣- ئێران و جیۆپۆلیتیکی وزە

یەکێك لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی جیۆپۆلیتیکی ئێران فاکتەری وزەیە، کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ئاسایشی وزە و بە گشتی ئاسایشی ئابووری و سیاسی ئێران و ناوچەکە تەنانەت جیهانەوە هەیە.(ملکی، ٢٠٠٧: ١٢). ئێران بە هۆی دەوڵەمەندی لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکان وەکو نەوت و گاز، دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئاسایشی وزەی جیهان هەبێت. لە لایەکی تریشەوە هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئێران لە ناوەندی نەخشەی وزەی جیهانیدا(بەرهەمهێنان و گواستنەوە) گرنگیی ئێرانی بەرزتر کردۆتەوە. سنووری ئاوی لە باشور، سنوری ئاوی وشکایی لە باکوری ئێران لەگەڵ گەورەترین دەوڵەتانی خاوەن نەوت و گازی سروشتی، پێگەی جیۆپۆلیتیکی وزەی ئێرانی بەرز کردۆتەوە، تەنانەت ئەگەر ئێران خاوەن نەوت و گازیش نەبوایە ئەوە بە هۆی پێگە ستراتیژییەکەی لە ئاسایشی وزەی جیهاندا، هەر گرنگی تایبەتی دەبوو. چونکە دەیتوانی لە رێگەی سنووری ئاویی باشورەوە، نەوت و گازی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست و قەوقاز بگەیێنێتە بازارەکانی جیهان.

بەشێوەیەکی گشتی، مەزندە دەکرێت کە ئێران (١٥٧) ملیارد بەرمیل یەدەگی نەوتی هەبێت، کە دەکاتە (٩,٤٪) لە کۆی یەدەگی نەوتی هەموو جیهان. ئەم ڕێژەیەش زیاترە لە کۆی یەدەگی نەوتی کیشوەری ئەفریقیا بە ڕێژەی (١٣٢,٤) ملیارد بەرمیل بە ڕێژەی (٨٪) لە یەدەگی نەوتی جیهان. هەروەها ئەوروپا و ناوچەی ئۆراسیای ناوەندی بە ڕێژەی (١٤١,١) ملیارد بەرمیل یەدەگی نەوت کە دەکاتە ڕێژەی (٨,٥٪) لە یەدەگی نەوتی جیهان. لە لایەکی تریشەوە یەدەگی گازی سروشتی ئێران بە قەبارەی (١٣,٩٦) تریلیۆن مەتری سێجا لە ساڵی ١٩٩٧دا پاش دۆزینەوەی کێڵگەی نوێ بەرزبوویەوە بوو بە قەبارەی (٢٧,٨٥) تریلیۆن مەتری سێجا لە ساڵی ٢٠٠٨دا، کە دەکاتە نزیکەی (١٨,٢٪) لە کۆی گشتی یەدەگی گازی سروشتی جیهان، کە بە بەراورد لەگەڵ رووسیا بە ڕێژەی(١٦,٨٪) و قەتەر بە ڕێژەی (١٣,٣٪) و تورکمانستان بە ڕێژەی (٩,٤٪)، بە گەورەترین یەدەگی گازی سروشتی جیهان هەژمار دەکرێت[٢٦].

لەژێر تیشکی ئەم زانیاریانەدا، دەبینین کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پێگەی جیۆپۆلیتیك و ئاسایشی وزەوە، هەوڵی بەدواداچوون بۆ ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی خۆی دەدات. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە زانینی ئەو ڕاستییە کە جیۆپۆلیتیکی وزە دەتوانێت لە بواری جیۆئێکۆنۆمیك و جیۆستراتیژیدا هێز و توانای ئێران بەرزتر بکاتەوە هەوڵی کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە ئاسایشی وزەی جیهانی و ئابلوقەدان و پەراوێزخستنی جیۆپۆلیتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات. بۆ ئەوەی نەتوانێت ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەرجەستە بکات، بەمەبەستی لاوازکردنی پێکهاتەکانی هێزی ئێران لە ناوچەکەدا.

## ٤- جیۆپۆلیتیکی شیعی

لە ڕووی جوگرافیاییەوە زیاترین ژمارەی شیعەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداودا دەژین، کە زیاترینی ئەم ژمارەیەش لە ئێراندا دەژین. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران بە دڵی جیۆپۆلیتیکی شیعە و ناوەندی

---

[٢٦] - **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (دوایین داتا و زانیاری کۆمپانیای نشتیمانیی نەوتی ئێران، ٢٠١٩).**

Available at: <http://en.nioc.ir/Portal/Home/>. Last visited: 18-10-2019.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

سەرەکی ئەم مەزهەبە دابندرێت. چەمکی "جیۆپۆلیتیکی شیعە" کە لەم ساڵانەی دواییدا هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی جیۆپۆلیتیکی ئێرانەوە بەرهەمی پێکداداانی نێوان گوتاری کۆماری ئیسلامی بەتایبەت پاش جەنگی سارد، لەگەڵ دەوڵەتانی سوننەی تری ناوچەکە و دەوڵەتانی رۆژئاواییە، کە بریتییە لە کاریگەریی فاکتەری مەزهەبی-شیعە، لەسەر هاوکێشەکانی هێز و جوگرافیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە هۆی ناسنامەی شیعی و شۆرشگێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. جیۆپۆلیتیکی شیعە بە واتای سنوور و درێژکراوە و پانتای جوگرافیای سیاسیی شیعە لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە کە ناوەندەکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بەم مانایە کە پشتێنەیەك لە شیعەکان کە کاریگەریان لەسەر ژیانی ئابووری، سیاسی، ستراتیژی و مێژوویی ئەو ناوچەیە هەیە، کە بەشێك لە دەوڵەتانی لوبنان و سوریا و عێراق و سعودیا و کوەیت و بەحرەین و یەمەن و ئێران و ئەفغانستان و پاکستان تاوەکو دەگاتە هیندستان دەگرێتەخۆ. یەکێك لە فاکتەرەکانی هێزی جیۆپۆلیتیك فاکتەرە بروایی و ئایدیۆلۆژیاییەکانە(بۆ نموونە: جیۆپۆلیتیکی ئیسلامی-شیعی). ئێران لەناو ناوەندی جیهانی ئیسلام و شیعەدایە کە لەگەڵ فاکتەر و رەگەزەکانی جیۆپۆلیتیکی دیکە وەکو جیۆپۆلیتیکی وزە، بۆتە هۆی ئەوە کە ناسنامە و بەم پێیە سیاسەتی ئێران و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی لە نێوان رووسیا لە باکور و دەوڵەتانی کەنداو و تەنانەت بوونی ئەمریکا لە باشور، ببێتە جێگەی گرنگی و هەستیاریی ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. هەروەها دراوسێیەتی ئێران لەگەڵ (١٥) دەوڵەت لە رێگەی سنووری وشکایی و دەرباییەوە لە ناوچەیەك کە نزیکەی نیوەی وزەی جیهانی لێیە و ئاسایشی وزە دەتوانێت بکەوێتە مەترسییەوە، بەم پێیە ستراتیژیی ئاسایشی و سیاسەتی دەرەکی ئێران کاریگەری لەسەر ئاسایش ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا دەبێت.

لەژێر تیشکی بابەتی سەرەوە، دەبینین چەمکی "هیلالی شیعی"(Shia Crescent) هاتە ئاراوە و یەکەم جار لەلایەن "مەلیك عبدالله" پاشای ئۆردۆن لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەمەبەستی وێناکردنی ئەو هێلە بەکارهات، کە بە بڕوای ناوبراو لە ئەنجامی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دروست دەبێت. ناوبراو بڕوای وابوو کە داهاتووی هێرشی ئەمریکا لە عێراق بەهۆی کۆنترۆڵی ئێران لەسەر شیعەکان و هاوپەیمانییەتی لەگەڵ سووریا و کۆنترۆڵی حیزبوڵڵای لوبنان و بزوتنەوەی حەماس لە فەلەستین، دەبێتە هۆی دروستبوونی هیلالی شیعی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئێران. گرنگترین ئامانجەکانی ئێران لە دروستکردنی هیلالی شیعی بۆ پاراستنی ئاسایشی ئێران بریتین لە:

١- بەدەستهێنانی هەژمونی ناوچەیی کە ئێران خاوەن نفووزێکی بەرزتر بێت لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و کەلتووری و ئاسایشی ناوچەکە.
٢- کۆتاییهێنان بە باڵادەستی دەوڵەتە سوننەکان بەتایبەتی سعودیا لە ناوچەکەدا، واتا کۆتاییهێنان بە پەراوێزبوونی شیعەکان لە دەوڵەتانی ناوچەکە و یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی بوون بە دەوڵەتی هەژمونی هەرێمەکە.
٣- ناچارکردنی ئەمریکا بە چوونە دەرەوە لە ناوچەکە یاخود رازیبوون بە رۆڵ و پێگەی ئێران و هەروەها لەناوبردنی ئیسرائیل یاخود لاوازکردنی لە رێگەی ئەو هیلالە شیعییەوە.

لە لایەکی ترەوە، بە هۆی تایبەتمەندی جیۆپۆلیتیکی ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە پانتای جیۆپۆلیتیکی شیعەوە، لە رووی سرووشتی و مرۆییەوە وەکو: سەرچاوەکان، دانیشتوان و پێگەی جوگرافیایی دەتوانن کاریگەریان لەسەر پرسە گرنگە جیهانییەکان و ناوچەییەکان وەکو وزە، ناسنامە، ئاسایش، بازرگانی و ..هتد، هەبێت. بۆیە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی مەزهەبی شیعە لەرووی جیۆپۆلیتیکییەوە بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١- لەرووی دانیشتوانەوە ژمارەی شیعەکان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی سوننەکان لە ناوچەی کەنداو ژمارەیەکی بەرچاوە.
٢- هەڵکەوتەی جوگرافیایی دانیشتوانی شیعە بۆ نموونە لە سعودیا و ناوچەکانی دەوروبەری کە بە گەورەترین سەرچاوەی نەوت دادەندرێت، گرنگی شیعەکانی بەرز کردووەتەوە.
٣- کۆماری ئیسلامی بە هۆی ناسنامەی شۆرشگێر و مەزهەبییەکەی هەروەها پێگە جیۆپۆلیتیکییەکەی و بوونی زۆرینەی شیعە لەو دەوڵەتە، گرنگی تایبەتی بۆ رێبەرایەتی شیعەکانی ناوچەکە و جیهان هەیە.

# دووەم: گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران

کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتای درووستبوونییەوە تاوەکو ئێستا بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی و بەپێی بارودۆخی ناوخۆیی و گۆڕانکاری و گوشارە دەرەکییەکان هەڵگری چەندی ستراتیژی و گوتاری سیاسەتی دەرەوە بووە. بەم واتایە کە بەپێی هەڕەشە و مەترسییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە هەر قۆناغێکدا، گرنگی بە رەهەند و رەگەزە جیاوازە ئاسایشییەکانی داوە بەپێی ناسنامەکەی. بۆیە دەتوانین ئەم گوتارانە لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

- **١- سیاسەتی هەناردەکردنی شۆرش (١٩٧٩-١٩٨٠)**

لە پاش شۆرشی ئیسلامی و لە نێوان سالآنی (١٩٧٩-١٩٨٠) دوو روانگە بۆ ئاسایشی ئێران هەبوو: یەکەمیان ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی کابینەی کاتی سەرۆکوەزیران"مەهدی بازرگان"، کە لە ریفۆرمی ناوخۆیی و بێلایەنی دەرەکیدا پێناسە دەکرا و لە ئاستی ناوخۆییدا پابەندی بە یاسا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا رێزگرتن لە یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان و دەستێوەرنەدان لە کاروباری دەوڵەتانی تر. دووەمین روانگە بریتییە لە رێبازی لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی، کە بە پەراوێزخستنی لیبرالەکان لە دەسەلآت و سەرکوتکردنی نەیارانیان کۆنترۆڵی دەسەلآتیان کرد، بۆیە پارێزگاری لە نۆرم و بەها ئیسلامییەکانیان کردەوە بنەمای کاریان لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی هەروەها پێداگریان لەسەر هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی کرد. ئەم روانگەیە بۆ ئاسایش، ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەکو هەموو ئاسایشی جیهانی ئیسلام دەزانی و تاوەکو ئێستاش دەزانێت. بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە ژێر کاریگەری ئەو گوتارەدا بوو. بە واتایەکی تر، ئاسایشی نەتەوەیی وەکو بابەت و پێکهاتە ئەولەوییەتی ئەم گوتارە نەبوو، سەرباری ئەوەش دەکرێت بلێین کەوا ناسیۆنالیزم و دەوڵەت وەکو رێگری و بەربەستێك بوون بۆ بەدیهاتنی یەکێتی موسوڵمانان و ئاسایشی ئومەت، بەم پێیەش ئاسایشی قوتابخانەی ئیسلامی-سیاسی شیعە زاڵبوو.

کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی جەنگی سارددا و سەرەتای شۆرش لە لایەك ستراتیژی بێلایەنی هەڵبژارد، لە لایەکی دیکەشەوە گرنگی بە تایبەتمەندی جیهانی سێیەمگەرایی دەدا. بەشێوەیەکی گشتی، ستراتیژی بێلایەنی لەسەر چوار بنەمای سەرەکی بوو:

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

١- سەربەخۆیی لە سیاسەتی دەرەکی.

٢- دوورکەوتنەوە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت.

٣- کردنەوەی دەروازەی پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی جیهان لە بڕی دەوڵەتان(بێجگە لە ئیسرائیل).

٤- کۆتاییهێنان بە پەیوەست بوونی ئێران بە یەکێك لە بەرە یاخود بلۆکە جیهانییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

بە واتایەکی روونتر، دەکرێت بڵێین کە تایبەتمەندی جیهانی سێیەمگەرایی وەکو مۆدێلێکی تایبەت، پشتی بە سەربەخۆیی دەوڵەت و گەشەسەندنی ئابووری سەربەخۆ ئەستوور دەکرد. ئێرانیش بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی خۆی، ستراتیژییەکی لە ژێر ناونیشانی "نە رۆژهەڵات و نە رۆژئاوا"ی گرتەبەر کە بریتی بوو لە:

أ- چوونە دەرەوە لە پەیمانی "سنتۆ"(CENTO) کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەیمانە.

ب- پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی میسر پاش رێککەوتنی میسر و ئیسرائیل لە پەیماننامەی "کەمپ دیڤید"(Camp David Accords) لە ساڵی ١٩٧٨.

ت- هەڵوەشاندنەوەی یاسای ناسراو بە "کاپیتالاسیۆن"(Capitulation law) کە وایدەکرد ئێران مافی نەبێت سەربازانی ئەمریکا لەسەر تاوان سزا بدات. واتا هەڵوەشاندنەوەی پارێزبەندی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێران.

ث- هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی دۆستی ئێران و رووسیا کە لە ساڵی ١٩٢١ واژوو کرابوو. پاشان دەرکردنی باڵیۆزی رووسیا لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئێران بە هۆی تۆمەتباربوونی بە سیخوری

ج- ئەندامییەتی لە بزوتنەوەی دەوڵەتە بێلایەنەکان(Non-Aligned Movement).

هەروەها ئەم سەردەمە ناونیشانی جیاوازی هەبووە، وەکو: سەردەمی بەها-تەوەربوون، ئایدیالیستی، رادیکالیزم، پاراستنی بنەما شۆرشگێرانەکان، ئایدیالیزمی ئیسلامی، بەرژەوەندیخوازی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی-شیعی و ئیسلامگەرایی. لەگەڵ ئەوەشدا، بنەمای سەرەکی لەو سەردەمەدا "**هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی**" بۆ دەرەوە بوو. هەر لەم چوارچێوەیەدا، هێرش بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە رێکەوتی ٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٩ کە دواتر بە "قەیرانی بارمتەکان"(Iran hostage crisis) ناسرا و ماوەی ٤٤٤ رۆژ درێژەی کێشا، پێنج ئامانجی شۆرشگێرە توندڕەوەکانی هێنایەدی:

١- زاڵبوونی رەوتی توندڕەو لە هەمبەر میانرەوەکان.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

٢- پەراوێزکەوتنی رەوتی کۆمیۆنیستی و چەپەکان.

٣- بە دوژمنکردنی ئەمریکا وەکو "ئەویتری" ناسنامەیی کۆماری ئیسلامی، رەوت و خەڵکی چەپی دژە ئەمریکایی و ئیمپریالیزمی لەگەڵ شۆرشگێرە ئیسلامییەکان هاوتەریب کرد.

٤- دیپلۆماتە ئەمریکییە بارمتەکان وەکو قەڵغان و گەرەنتییەك بوون لە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ ئێران و رووخاندنی ئەم سیستەمە سیاسییە.

٥- زەمینەی گونجاو بۆ سەرکوتکردنی گشتی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆدا رەخساند.

بۆیە لەم قۆناغ یاخود سەردەمەدا سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دوو رەهەندی شۆرشگێری و ئایدیالیستی هەبوو. لەلایەك بە ستراتیژیی "نە رۆژهەڵات و نە رۆژئاوا" خوازیاری گۆڕانکاری و پێداچوونەوە بوو لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، لەلایەکی تریشەوە بەپێی بنەمای بانگهێشتکردن و بانگەشە لە ئیسلامدا هەوڵی گۆڕانکاری لە سیستەمی نێودەوڵەتی لە رێگەی نەتەوەکانی دیکەی ئیسلامی دەدا. واتا هەوڵدان بۆ سەرخستنی شۆرشێکی جیهانی ئیسلامی لە رێگەی هەناردەکردنی شۆرش بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

لەم قۆناغەدا، بە پێچەوانەی سەرەتاکانی شۆرشی ئیسلامی کە رێبەرانی شۆرشی ئیسلامی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەوڵدەدەن لە رێگەی ئیسلامەوە خزمەتی ئێران بکەن، پاش سەرکەوتنی شۆرش و جێگیربوونی شۆرشگێرە ئیسلامییەکان هەوڵەکان ئەوە بوو کە خزمەت بە ئیسلام-شیعە بکەن لە رێگەی ئێرانەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدرا کە پەیوەندی زیاتر لەگەڵ خەڵك و نەتەوەکان ببەسترێت و بزوتنەوەی رزگاریخوازە ئیسلامییەکان بەهێز بکرێن. جا لێرەوە بە راشکاوانە دەبینین کە تیۆریی بێلایەنیی سەرەتای شۆرش بوو بە سیاسەتی هێرشبەرانە و دووبارە پێناسە کرایەوە. لەم بارەیەوە، دەکرێت ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- کۆماری ئیسلامی **هاوسەنگی هێزی** رەتکردەوە و بە زاڵبوونی رۆژهەڵات و رۆژئاوای دەزانی.

٢- ئێران هەر **دوو جەمسەری** رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە یەکەیەکی تاکانەی ئیستیکباری دزانی بۆ ستەمکردن لە نەتەوە چەوساوە و بێبەشەکان.

٣- کۆماری ئیسلامی ئێران بێجگە لە بێلایەنی، هەوڵی دەدا ئەم سیستەمە نێودەوڵەتییە بروخێنیت و بۆ ئەم مەبەستەش خەباتی بۆ دەکرد.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بە گشتی گوتار و ستراتیژیی **هەناردەکردنی شۆڕش** لە ئاستی دەرەکی لەسەر بنەمای روانگەی دژە ئیستیعماری و پاڵپشتی و پشتیوانی لە بزوتنەوە رزگاریخوازەکان، هەروەها دژایەتی ئیسرائیل و خەبات لە دژی ئەمریکا و رۆژئاوا دانرابوو. سەرەڕای ئەوەش، رێوشوێنی شۆڕشگێرانە لە ئاستی ناوخۆیی بۆ سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی نەیاران و دژبەرانی سیستەمی سیاسیی ئیسلامی بەکار هات. ئەم ستراتیژیی و گوتارە لە رێگەی ناسنامەی ئیسلامی هەوڵیدەدا کە ئاسایشی کۆماری ئیسلامی بە ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەشێوازێکی جیاواز لە ساڵانی پێش ۱۹۷۹، گرێبدات و ئاسایشی خۆی بپارێزێت.

- **٢- سیاسەتی پاراستن- تەوەر (۱۹۸۰-۱۹۸۸): "ام القری"ی ئیسلامی**

لەگەڵ هێرشی عێراق لە ساڵی ۱۹۸۰ دا بۆ سەر ئێران و دروستبوونی هەڕەشەی دەرەکی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، فاکتەرە سیاسییەکان گۆڕانیان بەسەرداهات، دووبارە فاکتەر و رەگەزە نەتەوەییەکان زاڵبوونەوە و یەکپارچەیی و پاراستنی خاك(هەرێم) بەرجەستەبوون و بڵاوکردنەوەی شۆڕش گرێدرا بە پاراستنی ئێران.

جەنگی ئێران و عێراق و کاردانەوەی دەوڵەتانی ناوچەیی لەهەمبەر سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش، وایکرد کە **ئایدیالیزمی ئۆمەت-تەوەر بگۆڕدرێت بۆ ئایدیالیزمی ناوەند-تەوەر یاخود تیۆریی"ام القری"ی ئیسلامی**. بنەما گشتییەکانی ئەم تیۆرییە ئەوە بووکە بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی بنکەی سەرەکیی شۆڕشەکە بپارێزرێت. ئەمەش ستراتیژیی شۆڕشگێرانەی ئایدیالیستی بۆ شۆڕشگێریی نەتەوەیی گۆڕی. لێرەوە جۆرێك لە پراگماتیزم لە بواری ئاسایش و سیاسەتی دەرەکیدا هاتە ئاراوە.

لێرەدا بەپێی گوتاری پاراستنی کۆماری ئیسلامی، تیۆری "ام القری" خرایەڕوو، بۆیە چەمکی "ئاسایشی سیستەم" بوو بە ئەولەوییەتی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەم ستراتیژییەدا، سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لە چوارچێوەی دژایەتی ئیسرائیلدا خۆی نیشاندەدا و بە پاڵپشتی لە بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ناوچەکە بە هۆی پاڵپشتی زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی-سوننەی ناوچەکە بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو لە عێراق هەوڵدەدرا لە دەرەوە ئاسایشی ئێران بپارێزرێت. هەروەها دژایەتی رۆژئاوا بە هۆی پاڵپشتیکردنی دەوڵەتانی رۆژئاوایی لە عێراق لە ئاستی ناوخۆییدا رەنگی دایەوە. تەنانەت دەکرێت بڵێین کە لە ئاستی ناوخۆییدا بە توندی دژی هەر نەیار و دژبەرێك کاردانەوە نیشان دەدرا.

بەم شێوەیەش، ڕەفتار و ڕوانگەی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی خولقاندنی قەیران لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت. لەگەڵ ئەمریکا بە هۆی پرسی بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان، تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لوبنان لە ڕێکەوتی (١٨-٤-١٩٨٣) و کوژرانی ٥٣ کەس، هەروەها بنکەی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا لە بەیروت(Beirut barracks bombing) لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣ و کوژرانی ٢٤١ لەشکری ئەمریکایی و ٥٨ لەشکری فەرەنسی و شەش کەسی سڤیل، تەقینەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە کوەیت لە ڕێکەوتی (١٢-١٢-١٩٨٣) و...هتد، لە لایەن لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت بە هۆی سەرکوتکردنی حزبی "تودە" لە لایەن ئێرانەوە و هێرشی سۆڤییەت بۆ ئەفغانستان و پاڵپشتی سۆڤییەت لە عێراق لە جەنگی نێوان ئێران و عێراق. ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی بوونە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی ئاسایشی لە ناوچەکەدا، وەکو تۆمەتبارکردنی ئێران بە هاندانی شیعەکان بۆ شۆڕش لە شاری"مەنامە" لە ساڵی ١٩٨٠، داگیرکردنی شوێنە پیرۆزەکان لە سعودیا لە لایەن شیعەکان و ڕووداوی خۆپێشاندانی حاجییە ئێرانییەکان دژی سعودیا لە شاری "مەککە" لە ساڵی ١٩٨٧، لە لێکەوتەکانی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕش بوو لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئەم لێکەوتە ناسەقامگیرکەرانەیەش بازنەیەکی ناوچەیی فراوانی گرتەوە، بەتایبەتی ناوچەی کەنداو، کۆمارەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست، ئەفغانستان و لوبنان.

- **٣- سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووری-تەوەر(١٩٨٨-١٩٩٧): گرنگیپێدان بە ناوخۆ**

لە دوای قایلبوون بە بڕیاری ژمارە (٥٩٨)ی ساڵی ١٩٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن ئێرانەوە و کۆتایی جەنگی ئێران و عێراق، کە وێرانییەکانی تەنیا بۆ ئێران بەنزیکەی (٦٢٨) ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرا و دۆخی نالەباری ئابووری و نزمبوونەوەی داهاتی ئێران بە هۆی دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت هەروەها زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و..هتد، وایکرد کە پەرەپێدانی ئابووری ببێتە ئەولەوییەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران[٢٧].

---

[٢٧] - **بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زیان و لێکەوتە و تێچووە ئابووری و داراییەکانی جەنگی ئێران و عێراق بڕوانە:**

Shahrooz Shariati&Masoud Ghaffari(2019), The Iran-Iraq War: Geopolitical Economy of theConflict, Geopolitics Quarterly, Volume: 14, No. 4, Winter 2019, PP46-61. Available at:

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

واتا پرسە ناوخۆییەکانی ئاوادەنکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکان و پێویستی بە وەبەرهێنانی دەرەکی و بوژانەوەی ئابووری، وایکرد کە بەشێك لە هێزە توندرەوە ئایدیالیستەکان بکەونە پەراوێزەوە.

مردنی ئایەتوڵلا خومەینی رێگەی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەموار کرد. هەروەها کۆتایی جەنگی سارد و نەمانی یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی ۱۹۹۱، ئێرانی تووشی دڵەراوکێی ئاسایشی کرد. چونکە هەلومەرجی جیاواز و نوێی ئاسایشی لە ژینگەی دەرەکی ئێران روویدا کە بووە هۆی وەرچەرخان لەناو بازنەی بیرکردنەوەی سیاسی ئێران، لەرووی هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە ئایدیالیزم و نزیکبوونەوە لە پراگماتیزم.

لەم سەردەمەدا ستراتیژی ئاسایشی ئێران بەدواداچوونی بۆ چەند ئامانجێکی ئاسایشی دەکرد، بۆ نموونە بەدوای سەقامگیری لە ناوچەی کەنداو و پەیوەست بوونەوە بە ئابووریی جیهانی و بەشداری چالاکانەتر لە رێکخراوەکان وەکو: نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی و رێکخراوی هاوکاری ئابووری(ECO) لە لایەك، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ سعودیا وەکو گرنگترین وڵاتی عەرەبی ناوچەکە و ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو. سەرباری ئەوەش گۆڕانکاری لە سیاسەتی پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکان و بزوتنەوەکان لە برِی دەوڵەتاندا کرد. ئێران هەوڵیدا بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و دەرەکی بۆ ناوخۆی ئێران بە مەبەستی بووژاندنەوەی ئابووریی دەوڵەت. لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی هەوڵیدەدا بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەك و تەکنەلۆژیای سەربازیی مۆدێرن بۆ پاراستنی ئاسایشی سەربازیی ئێران.

رووداوەکانی ئەم قۆناغە ئەوە دەردەخات کە گوشارە ناوخۆییەکان و دەرەکییە سیستەمییەکان وایکردووە کە ئێران لە سیاسەتدا نەرمی بنوێنێت، نەك گۆڕانکاری ریشەیی لە بەها و نۆرمە ناسنامەییەکانی بکات، بەم پێیەش سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەموار بکرێتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا سەرۆك کۆماری پێشووتری ئێران "هاشمی رەفسەنجانی"(۱۹۸۹-۱۹۹۷) دەڵێت: "لە وانەیە کە لە هەندێك بواردا دەستی ئێمە داخرابێت و ناچار بین چاوپۆشی لە بەشێك لە بنەماکانمان بکەین". بەواتایەکی دیکە، کابینەی "رەفسەنجانی" روانگەیەکی نوێی لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی گرتەبەر، کە بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە رێگەی پەرەپێدانی

---

<http://journal.iag.ir/article_82981_262a05c24e671cdaffa4fbbe32f1844c.pdf>. Last visited: 18-10-2019.

ئابووری. هەروەها روانگەی ئایدیۆلۆژیایی "ام القری" لە چوارچێوەیەکی نوێ خرایەوە ڕوو، بەم مانایە کە بەرزکردنەوەی توانای مادی و ئابووریی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت "ام القری" بەهێزتر بکات و ببێتە مۆدێلی هەژموندار بۆ دەوڵەتانی ئیسلامی. هەرچەندە لە ئاستی دەرەکیدا پاڵپشتی لە بزوتنەوە ئیسلامییەکان وەکو حیزبوڵلای لوبنان بەردەوام بوو، لێرەدا لە ئاستی ئاسایشی ناوخۆیی روانگەی ئابووری تەوەر زاڵ بوو. بەم پێیە سرینەوەی بارگرژییەکان لەگەل رۆژئاوا کرایە ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

- **٤- سیاسەتی پەرەپێدانی سیاسی-تەوەر( ١٩٩٧-٢٠٠٥): سرینەوەی بارگرژییەکان**

گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی سەردەمی پێشووی سەرۆکایەتی "هاشمی رەفسەنجانی" بۆشایی و پێویستی پەرەپێدانی سیاسی لە ناوخۆی ئێران هێنایە ئاراوە. لێرەوە بۆ پاراستنی ئاسایش گرنگی بە پەرەپێدانی سیاسی لە چوارچێوەی بەها ئیسلامی و شۆرشگێرانەکان درا و پێداگری لەسەر مافی هاولاَیان و بەشداری سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و کێبڕکێی سیاسی دەکرا. بۆیە ستراتیژیی ئاسایشی فرەرەهەند گیرایەبەر و گرنگی زیاتر درایە ئاسایشی کەلتووری، سیاسی، ئابووری و ژینگەیی. بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانیش، بەهێزکردنی دیپلۆماسی و پەیوەندی سیاسی لە ئاستی دەرەوە خرایە بەرنامەی کارەوە. بەم پێیەش هەوڵدەدرا کە هەناردەکردنی شۆرش لە چوارچێوە و لە رێگەی دانووستاندن و تێگەیشتن هەروەها بوون بە مۆدێلی ئیسلامیی سەرکەوتوو و بەدەستهێنانی هێزی نەرمی کەلتوورییەوە، بەردەوام بێت.

لەم قۆناغەدا بە ناونیشانی جۆراوجۆر خوێندنەوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دەکرێت، وەکو: کەلتوورگەرایی سیاسەت-تەوەر، پەرەپێدانی سیاسی، ریفۆرمخوازی، بەرژەوەندیخوازیی، دیموکراتی ئیسلامی و ئایینی، ئاشتیگەرایی ئیسلامی-ئێرانی و...هتد. ئەم ناونیشانە ستراتیژیانەش بە هاتنە سەر کاری "خاتەمی" وەکو سەرۆك کۆماری ئێران لە رێگەی هەوڵی دووبارە بەشداری کۆماری ئیسلامی و چوونە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی، سرینەوەی بارگرژییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کرانەوەی ناوخۆیی و هێنانە ئارای تیۆریی"گفتوگۆی شارستانییەتەکان"[٢٨] لە لایەن ئێرانەوە لە هەمبەر تیۆری "پێکدادانی شارستانییەتەکان"( Clash of

---

**[٢٨] - ئەم تیۆرییە لەهەمبەر تیۆری پێکدادانی شارستانییەکانی "سامۆئیل هانتینگتۆن" لەلایەن "خاتەمی" سەرۆککۆماری ئێران خرایەڕوو و هاتە ئاراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سید محمد خاتمی(٢٠٠١)، «گفتوگوی تمدنها»، تهران: نشرِ طرح نو.**

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

Civilizations)[29]، بەدواداچوونی بۆ دەکرا. بەڵام هەر لەم سەردەمەدا ئاشکرابوونی بەرنامەی نهێنی ئەتۆمیی ئێران[30] و ئابلوقە و سزاکانی ئابووری ئەمریکا لە دژی ئێران، کۆماری ئیسلامیی تووشی تەنگژەی ئاسایشی و گرفت کرد.

- **٥- گرتنەبەری سیاسەتی دووبارە هەناردەکردنەوەی شۆرش (٢٠٠٥-٢٠١٣): بەرزبوونەوەی بارگرژییەکان و سیاسەتی دەرەوەی هێرشبەرانە**

---

[29] - **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

Samuel P. Huntington(1996),The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order, Publisher: Simon & Schuster.

**[30] - پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شای ئێران لە ساڵی (١٩٥٧). لەو سەردەمەدا هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێراندا دەستپێکرد و تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند کیلۆگرام یۆرانیۆمی پیتێنراوی فرۆشت بە ئێران و لە بواری بەکارهێنانیشدا هاوکاری کرد (عثمان حمە، ٢٠١٢: ص٧١).**

**ئێران لە ساڵی (١٩٥٨)وە بۆتە ئەندامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و لە ساڵی (١٩٦٧)یشەوە لە زانکۆی تاران کورەیەکی پێنج مێگاواتی خرایەکار و دواتر لە ساڵی (١٩٧٦)دا، ئێران گرێبەستی کڕینی دوو کورەی (١٢٠)مێگاواتی بۆ وێستگەی ئەتۆمی بوشهری لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا واژۆ کرد، هەروەها هەر لەم ساڵەدا، دوو کورەی (٩٠٠) مێگاواتیشی لە وڵاتی فەرانسا کڕی و لە شاری بەندەرعەباس دایمەزراند. پاش ڕووخانی ڕژێمی شا لە ساڵی (١٩٧٩) پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران لە لایەک بە هۆی دابڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە و لە لایەک بۆردومانکردنی دامەزراوەکانی لە لایەن عێراقەوە تاوەکو ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕاوەستا. هەروەها ڕوانگەی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی، کە بڕوای وابوو کە ئێرانی ئیسلامی پێویستی بەم جۆرە دامەزراوانە نییە و ئەمە بە پێچەوانەی ئیسلامە و پرۆژەیەکی تاغوتییە (عثمان حمە، ٢٠١٢: ص٧٥-٧١). لە ساڵی (٢٠٠٢)دا، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، کە بارەگای سەرەکییان لە فەرانسا بوو، دوو دامەزراوەی نهێنی ئەتۆمی ئێرانیان ئاشکرا کرد، ئەوانیش دامەزراوەیەکی پیتاندنی یۆرانیۆم لە شاری نەتەنز و وێستگەیەکی ئەتۆمی کە بە ئاوی قورس کاری دەکرد لە شاری ئەراک، هەروەها کۆگایەکی یۆرانیۆمی خاو لە ناوچەی سەجاد لە شاری یەزد (فلاحی، ١٣٨٦: ص٨٢). دواتر لە ساڵی (٢٠٠٢)دا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە، وێنەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی نەتەنز و ئەراکیان بلاوکردەوە و ئێرانیان تۆمەتبار کرد کە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات. ئەوەبوو کە لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی ئێران پەیماننامەی قەدەغە کردنی بلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی (NPT) پێشێل کردووە (عثمان حمە، ٢٠١٢: ص٨٠). دواتر لە هەشتی مارچی ساڵی (٢٠٠٦)دا، لە ژێر گوشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پاڵپشتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرانسا، دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییەوە نێردرایە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکەم بڕیاری ژمارە (١٦٩٦)، لە ساڵی (٢٠٠٦)دا، لە ئەنجومەنی ئاسایش لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران درا، کە لەم بڕیارەدا پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بە تەمومژاوی وەسفکرا و بە جێگەی نیگەرانی دانراوە و لە مادەی پێنجی ئەم بڕیارەدا، لە هەموو وڵاتان داواکرا کە خۆیان بپارێزن لە هەناردە کردنی هەر جۆرە کاڵایەک کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانێت لە بواری پیتاندنی یۆرانیۆم و بواری مووشەکی بەکاری بێنێت، بەڵام بەردەوامی کۆماری ئیسلامی ئێران لە جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکان وایکرد کە بڕیارەکانی ژمارە (١٧٣٧، ١٧٤٧، ١٨٠٣، ١٨٣٥) و لە کۆتاییدا بڕیاری ژمارە (١٩٢٩) لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بدرێت.**

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بە هاتنە سەرکاری "ئەحمەدی نەژاد" وەکو سەرۆك کۆمار، لە لایەن رەوتی موحافزکارەکانەوە لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا گۆڕانکاری کرا. لێرەوە چەمکی **"دادپەروەریی ئیسلامی"** لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکییدا بوو بە بنەمای سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. بەم پێیە لە ئاستی ناوخۆییدا مۆدێلی دادپەروەریی ئیسلامی و لە ئاستی دەرەوەدا دژایەتی سیستەمی نادادپەروەرانەی نێودەوڵەتی، لە رووی ئەوەی سیستەمێکی جیهانی دەسەڵاتدارانەی خۆسەپێنە، گیرایەبەر. لەم ستراتیژییەدا بڵاوکردنەوەی بەها و نۆرمەکانی حکومەتی دادپەروەری ئیسلامی بە تایبەت دادپەروەریخوازی و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتداران و زلهێزان لە جیهان هەروەها هەناردەکردنی مۆدێلی بەرگری ئیسلامی بۆ دەوڵەتان و نەتەوەکانی دیکە، وەکو میکانیزمی پارێزەری ئاسایشی نەتەوەیی ئێران گرنگی پێدرا. لەم روانگەیەدا، دەبینین ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی دروستکردنی هاوسەنگی لە هەمبەر هێزە گەورەکان و زیاترکردنی نفووز و دەسەڵاتی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا. هەروەها ئەم گوتارە پێداگریی لەسەر بنەماکانی ئیسلامی لە بری پێویستییەکان و دووبارە زیندووکردنەوەی بەها شۆرشگێرانە و شیعیی-ئیسلامییەکان، سەرباری جەختکردنەوە لەسەر هەناردەکردنی شۆرش و گرنگیپێدان بە بنەما ئایدیۆلۆژیاییەکانی: کۆماری ئیسلامی، دژایەتی ئیستکبار، دژایەتی دەوڵەتانی رۆژئاوایی و بەها و نۆرمەکانیان، پاڵپشتی لە بزوتنەوە ئیسلامییەکان و...هتد، دەکرد. **لێرەدا تیۆریی "ام القری" لە چوارچێوەی دەوڵەتی دادپەروەر و مۆدێلی دادپەروەریی ئیسلامی-شیعی دووبارە بەرجەستە کرایەوە.**

لە سەردەمی سەرۆکایەتی "ئەحمەدی نەژاد"دا ئێران دووبارە جیهانی بەسەر دوو بەرەی **"دار المستکبرین" و "دار المستضعفین"**دا دابەشکرد و ستراتیژیی رووبەڕووبوونەوەی هێرشبەرانە لە هەمبەر رۆژئاوادا گیرایەبەر، لە رووی ئەوەی کە گوتاری دادپەروەریخوازی سیستەمی نێودەوڵەتیی گوتارێکی نادادپەروەرە. بۆ ئەم مەبەستەش ئێران پەرەی بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی دەدا و ئەمەش بارگرژی و تەنگژەی ئاسایشیی زیاتر بۆ ئێران لە هەمبەر کۆمەڵگەی جیهانی دروستکرد. لە هەمانکاتدا حکومەتی دادپەروەری ئیسلامی کە وەکو یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی ئێران بوو چەندین رۆڵی لە ئاستی نێودەوڵەتیی بۆ کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکرد، وەکو: دەوڵەتی دادپەروەریخواز و دژی ستەم، ئەکتەری دژی دەسەڵاتداران، دژە ئێمپریالیزم و سەهیۆنیزم، دژی ئیستیکبار، بەرگریکار و پشتیوانی ئیسلام و شیعە، پشتیوانیکەری موستەزعەفین، رێگە نیشاندەر و سەرمەشق لە جیهانی ئیسلام، پشتیوانی بزوتنەوە رزگاریخوازەکان و...هتد، کە لە سەرووی هەموشیانەوە رۆڵی دژە هەژمون و دەسەڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو.

لەم قۆناغەدا مەترسی و هەڕەشەی دەرەکی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبوو بە هۆی دیپلۆماسی هێرشبەرانەی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، بۆ نموونە:

١- ڕەوانەکردنی دۆسییەی ئەتۆمی ئێران لە ئەنجومەنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. واتا، دۆسییەی ئەتۆمی لە پرس و کێشەیەکی یاسایی و تەکنیکی بوو بە پرس و دۆسییەکەی ئاسایشی و سیاسیی نێودەوڵەتی.

٢- دروستبوونی سازان و یەکگرتوویی نێودەوڵەتی لە هەمبەر ئێران.

٣- پەراوێزکەوتنی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

٤- دەرچوونی چەندین بڕیاری سزا و ئابلوقەی نێودەوڵەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانەوە لە دژی ئێران.

٥- ناساندنی ئێران بە دەوڵەتێك کە هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی دەکات[٣١].

## • ٦- سیاسەتی میانڕەویی و پراگماتیزم(سرینەوەی بارگرژییەکان) ٢٠١٣- ٢٠٢١

لە ساڵی(٢٠١٣)ەوە، "حەسەن ڕۆحانی"[٣٢] سەرۆك کۆماری ئێران بە گوتاری سرینەوەی بارگرژییەکان و گرنگیپێدانەوە بە بارودۆخی نالەباری ئابووری ئێران و هەوڵی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری دەسەڵاتی گرتەدەست و بوو بە سەرۆك کۆمار. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی چارەسەرکردنی تەنگژەی ئاسایشی لەسەر دۆسییەی ئەتۆمی ئێران و لادانی سزا و ئابلوقە نێودەوڵەتییەکانی دا. ڕۆحانی هەوڵیدا کە لە نێوان

---

[٣١] - **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

Noof Rashid, ALDosari(2015), Foreign Policy from Khatami to Ahmadinejad: There is One Foreign Policy in Iran, which is Khamenei’s Foreign Policy, World Journal of Social Science Research, Vol. 2, No. 1, 2015.

[٣٢] - **حەسەن ڕۆحانی کە پێش لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ناوی حەسەن فەرەیدوون بووە، لە ١٢ی نۆڤەمبری ١٩٤٨ لە شاری سۆرخەی پارێزگای سمنان لە دایك بووە. ڕۆحانی سیاسەتوان، زانای ئایینی، یاساناس و سەرۆككۆماری ئێرانە، پێشتریش ٥ جار ئەندام پەرلەمانی ئێران بووە و لە خولی چوارەم و پێنجەمیش جێگری سەرۆکی پارلەمانی ئێران بووە. خوێندنی ئایینی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە، دواتر لە بەریتانیا دکتۆرای لە یاسادا بەدەست هێناوە. بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی ڕۆحانی:** (http://rouhani.ir).

خۆبەدەستەوەدان و سازش لەلایەك و جەنگ و پێکدادان لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ رۆژئاوادا رێگەی ناوەراست بگرێتە بەر. لەم قۆناغەدا ئێران هەوڵیداوە هاوسەنگییەك لە نێوان ئایدیالیزمی شۆرشگێرانەی ئیسلامی و ریالیزم، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دروستبکات. هەر چەندە بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی لەشکری و تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژ هەروەها دەستێوەردانەکانی ئێران لە دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەت لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن، دووبارە کۆماری ئیسلامی لە بەردەم هەرەشەی ئاسایشی دایە لەلایەن ئەمریکاوە. تەنانەت ئەمریکا لە سەردەمی "دۆناڵد ترامپ" لە رێکەوتی ٨ی ئایاری ساڵی ٢٠١٨ لە رێککەوتنی ئەتۆمی ٥+١ دەرچوو و لە ٧ی ئابی ٢٠١٨ سزا و ئابلوقەی دارایی و ئابووری زیاتری لەسەر بەرنامە لەشکری و مووشەکییەکان و لە رێکەوتی ٨-٤-٢٠١٩ دا سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی وەکوو رێکخراوێکی تیرۆریستی ناساند.

- **٧- سیاسەتی هێنانەدیی نەزمی دادپەروەری تەوەر** "نظم عدالت محور" **لەسەر بنەمای ستراتیژی هاوسەنگی نەرم**"نظم موازنه محور"

هاتن و رۆیشتنی حکومەتە جیاوازەکان کە لە دوای شۆرشی ئیسلامییەوە سەریان هەڵداوە، واقیعی گۆرانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا لە هەمان کاتدا پاراستنی هەندێک بنەمای جێگیر نیشان دەدات. هەروەها هاتنی کابینەی ١٣ هەڵگری کۆمەڵێک رەگەزی نوێیە یان لانیکەم گێرانەوەی نوێی ئەو بنەمایانەی پێشتر باسکراون. بۆیە سیاسەتی دەرەوەی کابینەی ١٣ وەک گوتارێک هەندێک بنەما و رەگەز لەخۆدەگرێت کە لە گوتارەکانی پێش خۆی جیای دەکەنەوە. لەم رووەوە **"شۆرشگێریی پراگماتیک" یان "فرەلایەنگەرایی دادپەروەریخوازانە"** وەک خاڵی سەرەکی (نیشانەی ناوەندی) گوتاری سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئیبراهیم رەئیسی دادەنرێت، کە پەیوەندی بە رەگەز و بنەما پەراوێزییەکانییەوە هەیە، وەک ستراتیژی "بەرەو رۆژهەڵات" و "سیاسەتی دراوسێیەتی"(ئاسیا تەوەری) هەروەها ستراتیژی پاڵپشتی لە بەرەی بەرخۆدان، بەهێزکردنی سیستەمی نێودەوڵەتی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای فرەلایەنگەرایی، ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی سزاکان لە رێگەی ٢ میکانیزمی؛ ١- پەیرەوکردنی پووچەڵکردنەوەی سزاکان (وەک ستراتیژییەک) و ٢- سیاسەتی لابردنی سزاکان لە هەمان کاتدا وەک تەکتیک.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

**لەروانگەی لایەنگرانی ئەم کابینەیە؛** دەتوانرێت لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانەی خوارەوە سیاسەتی دەرەکی ئیبراهیم رەئیسی پۆلێن بکرێت:

**یەکەم:** هاوسەنگکردنی سیاسەتی دەرەوە، کە لەسەر بنەمای بنەمای نە رۆژهەڵات و نە رۆژئاوا، یەکێکە لە گرنگترین بیرۆکەکانی سیاسەتی دەرەوەی کابینەی ١٣یە، یەکێک لە گرنگترین بیرۆکەکانی پاراستنی سەربەخۆیی ئێران لە هەمان کاتدا گرنگیدان و جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. نکۆڵیکردن لە رۆژئاواییکردن لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا یەکێک لە بیرۆکە ناوەندییەکانی ئەم حکومەتە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گواستنەوەی دەسەڵات لە سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ رۆژهەڵات لە ئارادایە، پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەیوەندییە جیهانییەکانی داهاتوو دەستنیشان دەکات. لەم رووەوە پێویستە پەیوەندی ستراتیجی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بخرێتە ئەولەوییەت بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا هەبێت.

**دووەم:** گرنگیدان بە زلهێزە تازەپێگەیشتوەکان و ئەنجامدانی رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵیان و تەواوکردنی پرۆسەی لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ گروپ و رێکخراوە ناوچەییەکان ئەولەوییەتی ئەم حکومەتەیە. یەکێک لە نموونە جیددیەکانی سیاسەتی ناوچەگەرایی، گرنگیدان بە وڵاتانی ئاسیا، رێکخراو و دامەزراوە ناوچەیی و دەرەوەی هەرێمەکانی وەک شەنگەهای و ئیکۆیە.

ئەندامێتی کۆماری ئیسلامی لە پەیمانی شەنگەهای نموونەیەکی روونی ئەم سیاسەتەیە و کابینەی سێزدەهەمیش وەک پرۆسەیەک بەدواداچوون بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لە چوارچێوەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات.

**سێیەم:** جەختکردنەوە لەسەر دیپلۆماسییەتی ئابووری یەکێک لە پلان و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئیبراهیم رەئیسییە کە بە ئامانجی باشترکردنی گوزەرانی خەڵک و بەرپەرچدانەوە و پووچەڵکردنەوەی گەمارۆکان لە دژی ئێران. هەروەها هەماهەنگی ئۆرگانە جێبەجێکارەکان، بەتایبەتی کەرتە ئابوورییەکانی حکومەت، بەمەبەستی ئاسانکاری و هاوکاریکردنی چالاکییە نێودەوڵەتییەکان و بازرگانی دەرەکی، یەکێکە لە پێداویستییەکان بۆ پێشخستنی وردی ئەم سیاسەتە ناوەندییە.

## سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

**چوارەم**: گرنگیدان بە "فرەلایەنگەرایی ئابووری" و بەهێزکردنی "سیاسەتی دراوسێیەتی" لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی کابینەی سێزدەهەمدایە. جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی دراوسێیەتی لەسەر بنەمای بەهێزکردنی دیپلۆماسی ئابووری و زیادکردنی کارلێک لەگەڵ دراوسێکان و کەڵک وەرگرتن لە توانای وڵاتانی دراوسێ لە سایەی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە ئاستێکدا و کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵیان لە ئاستێکی دیکەدا یەکێکە لە بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی کابینەی ١٣. لە لایەکی دیکەوە گرنگیدان بە بەرەی بەرخۆدان(محور مقاومت) و ئیستغلالکردنی توانا و پارەی بەردەست لەم وڵاتانەدا بە شێوەیەکی دوولایەنە و فرەلایەنە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەت.

**پێنجەم**: بەشداری چالاکانە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، فرەلایەنگەرایی و دژایەتی تاکلایەنگەرایی لەسەر بنەمای دادپەروەری، هاوکاری، ڕێزگرتنی یەکتر و پێویستی ڕۆڵی بنیاتنەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، پێکهاتەیەکی دیکەی گوتاری سیاسەتی دەرەوەی کابینەی سێزدەهەمە.

**شەشەم**: مامەڵەکردن لەگەڵ سزاکانی ئەمریکا لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی کابینەی سێزدەهەمدا بە شێوەیەکی بەرجەستە ڕەنگدانەوەی هەبووە. لەم پەیوەندییەدا بەرخۆدانی کارا بە واتای کردەوەیەکی بەهێز و شکۆمەندانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و پەنابردن بۆ دانوستان وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئێران پەیڕەو دەکرێت.

لەم ڕووەوە کەڵک وەرگرتن لە توانای **"مەیدان و دیپلۆماسی"** بە شێوەیەکی هاوکات و تەواوکەر، تێکەڵکردنی ڕۆحانیەت و شۆڕشگێڕی و عەقڵانییەت لە سیاسەتی دەرەوەدا، سنووردارکردنی دوژمنان لە هەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە گرژیی ناپێویست، گرتنەبەری هەڵوێستێکی ئازا و ژیرانە لە بەرگریکردن لە مافەکان، بەهاکان و ئایدیاڵە ئیسلامییەکان، چالاککردنی تواناکانی جیهانی ئیسلامی و دروستکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی و دواجار بەهێزکردن و زیندووکردنەوەی خۆڕاگری ئێران لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا، مەرجن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئەم کابینەیەدا.